

شێخ گەیلان تاڵەبانی:

## جێگەی شانازیی هەموومانە سەرۆک مسعود بارزانی سازش لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک ناکات

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٦)- (١٩)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٢

# حکومەتی ئەلیکترۆنی

## پێوەری سەردەم بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی باش



لە حکومەتی دیجیتاڵیدا هاووڵاتیان بە یەکسانی مامەڵەکانیان بەڕێوەدەچێت و VIP و واسیتە نامێنێت

کاتێک شەفافییەت جێگەی رۆتین و بیرۆکراتییەت دەگرێتەوە سیستەمی یەک پەنجەرە دێتە ئاراوە





# گەڕانەوەم بۆ کوردستان و ڕاگەیاندنی فیدراڵی

## ٤٧

دوای سەردانێکی دوورودرێژ و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک و گەورە بەرپرسانی چەندین وڵات و لایەنە عێراقییەکانی نیشتەجێی دەرەوە و بەسەرکردنەوەی دۆستان و جالیيەی کوردی لە هەندەران و ڕێکخستنەکانی پارتی و تەواوبوونی بەرنامەی سەردانەکان، ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٩٩٢ گەڕامەوە کوردستانی خۆشەویست. ئەوەی راستی بێت هیچ شوێن و وڵاتێک شوێنی ماڵ و نیشتمانی مرۆڤ ناگرێتەوە. هیچ شوێنێک نابێتە وڵاتی خۆت. سەردانێکی دوورودرێژ بوو، بەڵام پڕدەسکەوت بوو بۆ گەلەکەمان، هەڵوێستی ئەمەریکا و بریتانیاو فەرەنسا سەبارەت بە پاراستنی هەرێمی کوردستانمان بۆ ڕوون و ئاشکرا بوو. هەروەها هەڵوێستی ئەمەریکا و وڵاتانی تریشمان لەبارەی فیدراڵیزمەوە بۆ دەرکەوت. قورسایی کوردستانیشمان بۆ یەکلایی بووەوە، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکان. یەکێکی تر لە دەسەکەوتەکانی ئەو سەردانە هەڵوێستی تورکیا و سووریا بوو کە ڕەزامەند بوون لە پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. لە هەمووشی گرنگتر دەرفەت و زەمینەیەکی باش و لەبار ڕەخسابوو، بۆ ڕاگەیاندنی فیدراڵی. لەبەر ئەوە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢، فیدراڵیی ڕاگەیاند کە یەکێک بوو لە خۆشترین ڕۆژی ژیانی هەر کورد و کوردستانییەکی دڵسۆز.

# چاپكراوی نوێ





چاپی یەکەمی بەشی سێیەمی کتێبی (حدث و حديث – لقاءات اعلامية) لە نووسینی بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرگێکی ناوازەو لە دوو تویێی (٣٤١) لاپەڕەی قەبارە ناوەندی کەوتە بەردیدی سیاسەتوانان و خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە چەندین وتار بە پێنووسی فازل میرانی، هەروەها ئەو دیدار و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسی و میدیاییانەی کە لەگەڵیدا کراوە، یاخود ئەو بابەتانەی دەربارەی بەڕێزیان نووسراون، ئەمە زادەی ئەزموونێکی قووڵی پڕ لە مەترسییە، بە مکوڕبوون و بەردەوامیدان و بڕوابوون بە کێشەی میللەت، لەمەشدا گشت بەربەستەکانی ترس و دڵەڕاوکێی ڕێبازی خەبات تێدەپەڕێنێت، ئەوانەی بەشدارییان لەم خەباتەدا کردووە گیانی خۆیان بەخت کردووە و قوربانییان داوە، چونکە بڕوای تەواویان بە خەباتی سیاسی هەیە بە هەردوو بەشی (چەکداری و مەدەنی)، دیسان بڕوایان بەوە هەیە کە پەنا بۆ چەك نابەن مەگەر ناچاربن، ئەویش بۆ بەرگری کردن لە نیشتمانێك کە فەرامۆش کراوە ئازادییەکەی لێ زەوت کراوە، بەشی سێیەمی (حدث و حديث) تەواوکەری دوو بەشی پێشترە، ئەم کتێبە دەروازەیەکە بۆ خوێنەری عەرەب یان خوێنەرانی زمانی عەرەبی کە لەوێوە بە کێشەیەك ئاشنا بن کە شێوێنراوە، خەباتێك کە تەمومژاوی کراوە، خوێنەر دەتوانێت ئاگاداری وردەکاریی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد و میانڕەویی ئەو بزووتنەوەیە ببێت بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی مێژوویی کورد مستەفا بارزانی، کە لە ڕێی خەباتی بەردەوامیدا، بوو بە سونبولێك بۆ دادپەروەریی کێشەی میللەتەکەی.

لەم کتێبەی بەڕێز فازڵ میرانی گشت ناوەندەکانی میدیا و ڕاگەیاندکاران بەوە ئاشنان کە بەڕێزیان کەسایەتییەکن بەوە ناسراون کە ڕاشکاو و ڕاستگۆن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان، بۆیە ئەم کتێبە وەك سەرچاوەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای زانین و شارەزابوون لە پێشهاتەکاندا دەگەڕێن بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، بە تایبەتیش خوێنەرانی عەرەب زیاتر ئاگاداری کاروباری کوردستان و عێراق ببن. پیرۆزبایی لە بەڕێز فازڵ میرانی دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە ناوازەیە.. هەر سەرکەوتوو بێت.

# چاپکراوی نوێ




یەکێك لە زنجیرەی کتێبەکانی (گوڵان) کە ئێستا لەژێر چاپدایە و بەم زوانە دەکەوێتە بەردەست خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبی (ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندە فراوانەکان)ـە، لە نووسینی دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی، ئەم کتێبە کە فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گوڵان پێشەکی بۆ نووسیوە، باس لەوە دەکات کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەدەی حەڤدەیەم دوای شەڕی سی ساڵەی ئەورووپا و شەڕی ناوخۆی بەریتانیا و ڕێککەوتنی (ویستڤالیا) هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی نەتەوەکانی جیهانەوە، مەبەستیش لەم چەمکە ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی جیا لەوەی سەروەریی لەسەر کاروباری ناوخۆی وڵات، بەتایبەتی ئایینی نەتەوە هەیە.

نووسەری ئەم کتێبە باس لە میتۆدەکانی توێژینەوە لە ئاسایشی نەتەوە دەکات و دەڵێت: بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی وەك بابەتێکی هەستیارو گرنگ، پێویست بەوە دەکات کە چۆن شیکردنەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەوەی کە پەیوەستە بە پارچەکانی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی کورد بەگشتی لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەدیدێکی تایبەتی وەك کێشەیەکی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی و ئاسایشی نەوەییمان دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوونی مەرجەعییەتێکی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی بە بەرژەوەندییەکی زیندووی ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەژمار دەکرێت، ئەو مەرجەعییەتە شۆڕشگێڕییەش خۆی لە سەرۆك بارزانیدا دەبینێتەوە، ئەزموونی ماوەی ڕابردوو لە بواری ئاسایشی نەتەوەییمان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ سێ بنەمای سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی لە لایەن سەرۆك بارزانییەوە، ئەویش بنەماکانی دیبلۆماسی، هێز، ئابووری، کە دەتوانرێت لەبەر ڕۆشنایی وتاری سیاسیی بەڕێزیان شی بکرێتەوە.

ماوەتەوە کە بڵێین هاوکارانمان شاخەوان جەعفەر دیزاینی ناوەڕۆك و لوقمان ڕەشیدی بەرگەکەی دیزاین کردووە، پیرۆزبایی لە دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی دەکەین بۆ نووسینی ئەم کتێبە، کە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

# چاپکراوی نوێ




(یاسای دەستووری — بە کورتی و بە پووختی) ناونیشانی دوا کتێبی چاپکراوی (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی) یە کە لەم ڕۆژانەدا لە خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە چاپکراوە.

ئەم کتێبە باس لە پەیوەندیی نێوان دەستوورو دەوڵەت لەلایەك و پەیوەندیی نێوان یاسای دەستووری و لقەکانی دیکەی یاسای گشتی لەلایەکی دیکەوە دەکات، هەروەها باس لە واتای دەستوورو سروشتی بنەماکانی و پرەنسیپە گشتییەکانی دەستوورو جۆرەکانی و داب ونەریتی دەستوور و دانان و شێوازەکانی دانانی و ناوەرۆك و لێکدانەوەو چۆنێتیی هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەستوور دەکات، گشت ئەمانە لەبەر ڕۆشنایی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی و بەراورددایە.


نووسەر لە واتای دەستوورد لە ڕووی زمانەوانییەوە نووسیویەتی کە وشەی دەستوور لە زمانی فارسیدا بە واتای بنەما یان بنچینە دێت، لە ڕێگای زمانی تورکییەوە هاتۆتە نێو زمانی عەرەبییەوە، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی یاسای بنەڕەتی بەرامبەر دێت، کە یەکەم دەستووری عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ ئەم زاراوەیەی بەکاری هێناوە و بە یاسای بنەڕەتی ناوزەد کراوە.

سەبارەت بە پرەنسیپە گشتییەکانی دەستوور، دانەری ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پرەنسیپە گشتییانە بریتین لە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفیی ئایینی کە لەناو دەستووردا جێگیر کراون و تێکڕای نیزامی قانوونی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، دەشکرێ پێیان بوترێت پرەنسیپە بنەڕەتییەکان.

لە بنەڕەتدا ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی وەك پرۆگرامی خوێندن بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەمی بەشی یاسا ئامادەکراوە، بەڵام دەشکرێت ببێتە سەرچاوەو ژێدەرێك بۆ ئەوانەی لە بواری یاساو دەستووردا کاردەکەن.. دانەیەك لەم کتێبە گەیشتۆتە (گوڵان) وێڕای دەستخۆشی هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

د.نەژدەت ئاکرەیی

## ڕێزلێنان لە پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجار وەک سومبلی دەستپاکی و مرۆڤێکی پڕبەها



پرۆفیسۆر دکتۆر خالید حەیدەر :

## چاوەڕوان دەکرێت بەهای دینار بەرامبەر دۆلار بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە



سەلاح کەرکووکی :

## تا ئێستا نەمانتوانیوە کەیسی ئەنفال و جینۆساید بە جیهانی دەرەوە بناسێنین



پرۆفیسۆر مایکل بارنێت :

## نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایەت کاتێک هێزە مەزنەکان شەڕی یەکتر دەکەن






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

د. ڤیان سلێمان :

## یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دیاریی مەلا مستەفا بارزانی و زادەی بیری یەکسانیخوازییە





## حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بایەخدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکوک بەردەوام دەبێت

## بژاردەیەک لە باشترین پرینتەرەکانی سەرمێز لە ساڵی ٢٠٢٢دا



## لەش چیی بەسەردا دێت ئەگەر واز لە خواردنی گۆشت بێنیت؟



## بەرهەمەکانی ئینگمار بێرگمان و سینەمای سوید لە فیستیڤاڵی فیلمی دهۆک



پەرژین سەلام :

## وەرزش دنیایەکی پاکە گوناهە بە چاوی گومانەوە لێی بڕوانرێت



## یادێکی هونەرمەند جەلال سەعید





# پێگەی (ئاڵا)
# لە دیدی ئایینی ئیسلامدا





مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.

بۆ گوڵانی نووسیوە

**«بایەخدانی ئیسلام بە ئاڵا لەبەر ئەوەیە کە ئاڵا چەتر و کۆکەرەوەی وزە و هێز و ئیرادەی گەل و نەتەوەکانە و هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە نیشتمانەکەی و هێمای شارستانیەت و پێشکەوتن و سەرکەوتن و پارێزگاریکردنە، چونکە هەستی پارێزگاری و داکۆکیکردن لە هێما و سیمبول و مافی نەتەوەیی لە دیدی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) هەستێکی زیندووە بووە، بە ئەندازەی ئەوەی حەزی کردووە، مرۆڤ لە ژێر ئاڵای نەتەوەکەی خۆی ببینێتەوە، یان بۆ ئامانجی خۆپارێزی و پاراستنی عەقیدە و کەرامەت و خاک و خەڵکی خۆی بجەنگێت».**

**بەپێی تۆخبوونی چەمکی دەوڵەت و نەتەوەکان ئاڵا زیاتر ڕۆڵ و واتای خۆی دروست کردووە**

**ئاڵا وەک ڕەمزێکی دیار و سیمبولێکی هەڵقوڵاوی خاک و خەڵکی هەر وڵات و نەتەوەیەک پێگە و مانا و تایبەتمەندیی خۆی هەیە**

**ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جار لە ١٧ی١٢ی١٩٤٥ لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەرز کرایەوە و بووە سیمبولی بەرخۆدان و شۆڕش و کڵپەی زەنگی شەرەف و هەستانەوە و گیانفیدایی بۆ نەتەوەیەکی بەشمەینەتی زوڵملێکراوی دابەشکراو**

**وەک ئیبن عەباس ڕیوایەتی کردووە و دەفەرموێ: ئاڵای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕەنگی ڕەش و سپی بووە. لە سەردەمی ئەودا هەڵکراوە و دراوەتە دەست کەسانێکی خاوەن هێز و ئیرادە بۆ پێشەنگی و سەرکردایەتیکردنی ئەو دەستە و کۆمەڵەیەی لە شێوەی سوپا بۆی دیاری کراوە**

ئاڵا هێما و پیشاندەری شوناسی نەتەوەییە، ڕەنگ و نەخشەکەی بەڵگەی بوونی ناسنامەی نەتەوەیەکی خاوەن جوگرافیا و زمان و فەرهەنگ و بوونە. بە درێژایی مێژوو هەموو میللەتان بە جیاوازیی شوێن و زمان و ئایینەوە ئاڵای خۆیان هەبووە، بەپێی تۆخبوونی چەمکی دەوڵەت و نەتەوەکان ئاڵا زیاتر ڕۆڵ و واتای خۆی دروست کردووە، لە ئێستادا ئاڵا وەك ڕەمزێکی دیار و سیمبولێکی هەڵقوڵاوی خاك و خەڵکی هەر وڵات و نەتەوەیەك پێگە و مانا و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر وڵاتێکیش بە ئاڵاکەیەوە دەناسرێتەوە و هەر ئاڵایە و بە شێوەیەك لە شێوەیەکان پێناسەی ئەو وڵاتیە و تایبەتمەندییەکانی هەر وڵاتێك لە ناو ئاڵاکەیدا خۆی دەنوێنێت.

ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جار لە ١٧ی١٢ی١٩٤٥ لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەرز کرایەوە و بووە سیمبولی بەرخۆدان و شۆڕش و کڵپەی زەنگی شەرەف و هەستانەوە و گیانفیدایی بۆ نەتەوەیەکی بەشمەینەتی زوڵملێکراوی دابەشکراو، کە تایبەتمەندی و پێگە و واتا و مێژووی خۆی لەناو دڵی ملیۆنان ڕۆڵەی کورد جێگیر کردووە، پەرلەمانی کوردستانیش لە ١٩ی٦ی٢٠٠٩ ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی وەك ڕۆژی ئاڵا دیاری کرد.

کورد مافی خۆیەتی وەك باقی وڵاتان ئاڵای تایبەت بە خۆی هەبێت، نەخاسمە ئاڵایەك کە نەخشە و شێوەی لە بوونی ڕەنگی سوور و سپی و سەوز و خۆری بیست و یەك تیشکی، کە تەعبیرە لە مێژووی نەتەوەیەکی ستەملێکراو بە دەستی دوژمنانی ڕێی خەبات و گەیشتن بە مافی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی. ڕەنگی سوور بە واتای شۆڕش و شەهامەت و گیانفیدایی و خوێنی شەهیدان و هەستی پارێزگاری لە گەل و نیشتمان دێت. ڕەنگی سپی بە واتای گەلێکی ئاشتیخوازو مرۆڤدۆست و ژیانویستە، ڕەنگی سەوز بە مانای ئومێد و ئارامی و سرووشتی نیشتمان و ئاوەدانی و ژینگەیە و تەنانەت بەشێك لە فەرهەنگی وڵاتان دەیگێڕنەوە بۆ باوەڕی ئایینی، بۆیە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی ڕەنگی سەوز لە ئاڵاکانیان هەیە، خۆریش بە واتای جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی دێت.

بە درێژایی مێژوو هەموو گەلان سوودیان لەوە بینیوە، کە ئاڵای خۆیان هەبێت و لە کاتی ئاشتی و جەنگ و بۆنە و خۆشی و ناخۆشی و نمایش و کێبڕکێی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی، ئیرادە و بوونی خۆیان بسەلمێنن و گوزارشت لە هێز و توانا و تایبەتمەندی و کەلتوور و پێکهاتەی نیشتمان و وڵاتەکەیان بکەن.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام واقیعییانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتە کردووە و ئەم جۆرە لە گوزارشت و شوناسی نەتەوەیی نەك ڕەفز ناکاتەوە، بەڵکو لەناو موسڵمانانیش شەرعییەت بە بوونی ئاڵا بۆ گوزارشتکردن لە بوون و ناسین و سەروەری و ڕەمزی پێکهاتە و سیمبولی دەستی سەرکردەی پارێزەر دەدات و بە ڕەوای دەبینێ هەر گەل و میللەتێك ئاڵای خۆی هەبێت، تەنانەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئاڵای هەبووە، وەك ئیبن عەباس ڕیوایەتی کردووە و دەفەرموێ: ئاڵای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕەنگی ڕەش و سپی بووە. لە سەردەمی ئەودا هەڵکراوە و دراوەتە دەست کەسانێکی خاوەن هێز و ئیرادە بۆ پێشەنگی و سەرکردایەتیکردنی ئەو دەستە و کۆمەڵەیەی لە شێوەی سوپا بۆی دیاری کراوە، بەتایبەت لە کاتی جەنگدا ئاڵا هێمایەك بووە بە دەستی سەرکردە بە مەبەستی یەکڕیزیی موسڵمانان و ئاراستەی جەنگاوەران و هێمای یەکبوونی هەڵوێست و هیممەت و تۆکمەیی سوپا، تەنانەت کاتێك سوپای موسڵمانان لەگەڵ سوپای ڕۆم ڕووبەڕوو بوونەوە، بە بایەخەوە ئاڵای موسڵمانان بە دەستی سەرکردەی دیار زەیدی کوڕی حاریسەوە بوو، دواتر کەوتە دەستی جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب و پاشان عەبدوڵای کوڕی ڕەواح و ئینجا خالیدی کوڕی وەلید و نەیانهێشت ئاڵاکە بکەوێت، ئەمەش بەڵگە و ئاماژەیە کە ئاڵا لە ناو فەرهەنگی ئیسلامیدا ڕەمزی سەرکەوتن و شکۆمەندی و بەهێزی و پاراستن

و هەستی بەرگری و نەکەوتنە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕێگەی داوە هەر گەل و هۆزێك ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەبێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئیسلام ددانی بە ماف و سەروەری و تایبەتمەندیی هەر گەل و هۆزێکدا ناوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی مومارەسەی ئازادی و گەیشتن بە ماف و پاراستنی سنووری یەکتری لە چوارچێوەی نیشتمانێك کۆببنەوە و ڕێز لە جیاوازی و شوناسی یەکتر و چەمکی ئینسانیبوون بگرن، بۆیەش لە دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لەسەردەمی خەلافەتی ڕاشیدین و دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی تا دەگاتە دەوڵەتی عوسمانی ئاڵا هەبووە و هێمای هێز و تایبەتمەندیی خۆیشی بووە.

بایەخدانی ئیسلام بە ئاڵا لەبەر ئەوەیە کە ئاڵا چەتر و کۆکەرەوەی وزە و هێز و ئیرادەی گەل و نەتەوەکانە و هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە نیشتمانەکەی و هێمای شارستانیەت و پێشکەوتن و سەرکەوتن و پارێزگاریکردنە، چونکە هەستی پارێزگاری و داکۆکیکردن لە هێما و سیمبول و مافی نەتەوەیی لە دیدی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هەستێکی زیندووە بووە، بە ئەندازەی ئەوەی حەزی کردووە مرۆڤ لە ژێر ئاڵای نەتەوەکەی خۆی ببینێتەوە، یان بۆ ئامانجی خۆپارێزی و پاراستنی عەقیدە و کەرامەت و خاك و خەڵکی خۆی بجەنگێت، هەر وەکو لەم فەرموودەیە هاتووە: «عن عَمَّارٍ أَنَّ النبي -صلي اللَّهُ عليه وسلم- كان يَسْتَحِبُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُقَاتِلَ تَحْتَ رايَةِ قَوْمِهِ». واتە: لە عەممارەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) حەز و ئارەزووی لەوە بووە هەر کەسەو لە ژێر ئاڵای هۆز و نەتەوەکەی خۆیدا بجەنگێت.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: عَنْ جَابِر - رضي الله عنه، يَرْفَعُهُ إِلَي النَّبِيِّ - صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ( أَنَّهُ كَانَ لِوَاؤُهُ يَوْمَ دَخَلَ مَكَّةَ أَبْيَضَ))، واتە: کاتێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) چووە ناو مەککەی پیرۆزەوە، ڕەنگی ئاڵاکەی سپی بووە.

بەپێی دەرهاویشتە و بنچینەکانی ئەو فەرموودانەی سەرەوە، وەك چۆن پاراستن و پارێزگاری لە سامان و شەرەف و دین و ژینی مرۆڤ ئەرکێکی پێویستە، بە هەمان شێوە کاتێ کۆمەڵگە و کیان و نیشتمانیش دەکەوێتە مەترسییەوە، پارێزگاریکردنی پێویستە و ئۆباڵی دیفاع و پاراستنی هێمای نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانەوە، چونکە ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی کەوتە پشێوی و ناسەقامگیری، ئەوە سەرجەم بەرژەوەندییە تایبەتی و گشتیەکانیش دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، هەر کاتێکیش دەستێکی دەرەکی هێرشی هێنایە سەر نیشتمان و ئاسایشی نەتەوەیی خستە مەترسی، دیفاعکردن واجبە و دەبێ ئەم دیفاعکردنەش وەك بەشێك لە دینداری سەیر بکرێت. سەرەڕای ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی هەستی پارێزگاریکردن و نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری خۆڕسك، لە هەمان کات هێمایە بەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەم هەست و هەڵوێستە ئامادە نییە ئاڵای نەتەوەکەی بنەوێت و شکست بخوات، چونکە وەستان و جەنگان و پارێزگاریی هەر کەسێك لە ژێر ئاڵای نەتەوەکەی، نەك هەر کارێکی چاکە، بەڵکو لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر بێت) کارێکی باش و فەرمان پێکراویشە.

کەواتە بۆ ئێمەی کورد کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، پێویستە ئاڵا زۆر گرنگ بێت، بە چاوی ڕێز و شکۆوە لێی بڕوانین و بیکەینە هێما و سیمبولی نەتەوەیی و بە هەموو توانایەکەوە پارێزگاری لێ بکەین و وەك پەرچەمی وڵات و هەوێنی ئاشتی و کوردایەتی و قووڵکردنەوەی هەستی نیشتمانی و شوناسی نەتەوەیی سەیری بکەین.

چونکە پارێزگاریکردن لە ئاڵا بە ڕەنگ و نەخشە و ماناکانی چ وەك کورد چ وەك موسڵمان ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەییە، پارێزگاریکردنە لە سیمبولی نیشتمان و کیان و مێژوو و خوێنی شەهیدان و مافی گەیشتن بە چارەنووس و سەربەخۆیی و پاراستنی کەرامەت و شکۆمەندی و شانازییەکانی گەلەکەمانە.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕێگەی داوە هەر گەل و هۆزێک ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەبێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئیسلام ددانی بە ماف و سەروەری و تایبەتمەندیی هەر گەل و هۆزێکدا ناوە

بایەخدانی ئیسلام بە ئاڵا لەبەر ئەوەیە کە ئاڵا چەتر و کۆکەرەوەی وزە و هێز و ئیرادەی گەل و نەتەوەکانە و هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە نیشتمانەکەی و هێمای شارستانیەت و پێشکەوتن و سەرکەوتن و پارێزگاریکردنە

هەر کاتێک دەستێکی دەرەکی هێرشی هێنایە سەر نیشتمان و ئاسایشی نەتەوەیی خستە مەترسی، دیفاعکردن واجبە و دەبێ ئەم دیفاعکردنەش وەک بەشێک لە دینداری سەیر بکرێت

ئێمەی کورد کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، پێویستە ئاڵا زۆر گرنگ بێت، بە چاوی ڕێز و شکۆوە لێی بڕوانین و بیکەینە هێما و سیمبولی نەتەوەیی و بە هەموو توانایەکەوە پارێزگاری لێ بکەین



شێخ گەیلان تاڵەبانی
شارەزا لە بواری فیقهی ئیسلامی
بۆ گوڵان:

# بەکارهێنانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەرامی سیاسی و دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دووڕوویی و نیفاقە

# جێگەی شانازیی هەموومانە سەرۆک مسعود بارزانی سازش لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک ناکات

دکتۆر گەیلان محەمەد فاتح جەلال تاڵەبانی ناسراو بە «شێخ گەیلان تاڵەبانی»، کەسایەتییەکی ناسراو و لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کوردپەروەرە و پسپۆڕی دیراساتی قورئانی و شارەزایە لە هزر و فیقهی ئیسلام و شەریعەت هەروەها پێشنوێژ و وتارخوێن و کەسایەتیی ناسراو و بەناوبانگی شاری کەرکووکە، لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا باسی ڕۆڵی ماموٚستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە خەباتی نەتەوەییدا کرد. لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی کورد کە ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسانی ئایینی بوون، هاوکات ماموٚستا و زانایانی ئیسلامیش لە دەوریان بوون، ماموٚستا و مەلای ئایینی ئیعتیباراتی خۆیان هەبوو، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕایەوە؟**

- بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان. کورد زۆرینەی میللەتێکی موسڵمانە و سەرکردە مێژووییەکانی هەر لە شێخ عبدولسەلام ومەلا مستەفا بارزانی و پێشەوا و شێخ مەحموود و شێخ سەعید و چەندین سەرکردە و شۆڕشگێڕی دیکەی کورد، ئەهلی مزگەوت و خانەقا و دەرچووی حوجرە بوون و باوك و باپیرانیان پیاوی گەورە و موسڵمان و لەخوداترس بوون، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە وا پەروەردە دەبن دڵسۆزی خاك و نەتەوەکەیان بن و لەسەر مەزڵووم بکەنەوە و دژی زاڵم بن و ژێردەستەیی قبووڵ نەکەن، ئەوان لە پێناو میللەتەکەیاندا خەباتیان کردووە. ماموٚستاو مەلای ئایینییش بۆیە پاڵپشتییان کردوون، چونکە ئایینەکەیان لەسەری کردوونەتە ئەرك کە پاڵپشتیی ئەو سەرکردە و شۆڕشگێڕانە بکەن، کە کار بۆ ئازادی دەکەن و دژی زوڵم و چەوسانەوەی میللەتەکەیانن. لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا باشترین کەس ئەوەیە بۆ نەتەوەکەی خۆی باش بێت، وەکو پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەموێت: باشترین کەستان ئەو کەسەیە بۆ نەتەوەی خۆی باش بێت و مافی میللەتەکەی بەدەست بهێنێت، بەڵام مافی میللەتانی دیکەش زەوت نەکات، سەرکردەکانی کوردیش ڕۆشنبیر و شارەزا بوون لە ئایین و شەرعی ئیسلامدا و هەستیان بە مەزڵومییەتی میللەتی کورد کردووە، ئێمەی ماموٚستا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشێکی ئەرکمان ئەوەیە خزمەت بە ماف و بەرژەوەندیی میللەتەکەمان و مەزڵومییەتی نەتەوەکەمان بکەین و پشتگیری ئەو سەرکردە و شۆڕشگێڕانەش بین کە لەسەر ئەم بنەمایە کار دەکەن.

لێرەدا نموونەیەکی زیندووی سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی دەگێڕمەوە، بەو پێیەی مامی باوکم شێخ حەسیب تاڵەبانی کە ماموٚستایەکی بەناوبانگی کورد بووە و، خاوەنی چەندین کتێبە، مەلا مستەفا بارزانی وەکو زۆر لە ماموٚستا و مەلای ئەو سەردەمە ڕێزی لێ گرتووە و بەردەوام لە حزووری بارزانیدا کە سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کردووە و پشتگیری و پاڵپشتیی کورد و خەباتی مەلا مستەفا بارزانی کردووە، بارزانی بەردەوام لە پرسە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا پرسی بە زانا و ماموٚستای ئایینی دەکرد و زۆر لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە مەشوەراتی ئەوان دەبوو، شێخ حەسیب زۆر باسی نەجابەتی سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دەکرد، دەیگوت مەلا مستەفا بارزانی زۆر گرنگی بە ڕەئی شەرع دەدا و کاری پێ دەکرد، سەربووردەیەکی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: ڕۆژێکیان لە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانیدا بووم، تەپڵەکی جگەرەکەی خۆم لای خۆم بوو، دەستم برد تەپڵەکی جگەرەکەی ئەویشم ڕاکێشایە لای خۆمەوە، مەلا مستەفا بارزانی دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی: یاشێخ بزانە هەر دەڵێن مەلا شتی ئێمە داگیر دەکات، ئەوەتا شێخەکانیش داگیری دەکەن و هەر دەیبەن. منیش بە پێکەنینەوە پێم گوت: بەخوا قوربان ئەوەی من سەهو بوو. شێخ حەسیب دەیگوت مەلا مستەفا بارزانی زۆر وریا و هەستیار و بەویژدان بووە، بەوەی مافی کەس لای نەبێت و کەس خۆی بە مەغدوور نەزانێت.

*** ئایا هەر لەبەر ئەم ڕێز و خۆشەویستییە بوو بۆ مەلا و ماموٚستایانی ئایینی، کە مەلا مستەفا**

**پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەموێت: باشترین کەستان ئەو کەسەیە بۆ نەتەوەی خۆی باش بێت و مافی میللەتەکەی بەدەست بهێنێت، بەڵام مافی میللەتانی دیکەش زەوت نەکات**

**ئێمەی ماموٚستا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشێکی ئەرکمان ئەوەیە خزمەت بە ماف و بەرژەوەندیی میللەتەکەمان و مەزڵومییەتی نەتەوەکەمان بکەین**

**بارزانی بەردەوام لە پرسە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا پرسی بە زانا و ماموٚستای ئایینی دەکرد و زۆر لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە مەشوەراتی ئەوان دەبوو**

**مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەرزراگرتنی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی مەرجەعێکی دانا لەناو خۆیاندا و یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان لەلایەن جەنابییەوە بەسترا**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ناوەڕۆکی قورئان و فەرموودەکان ئەرکی بەرگریکردن و بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتی لەسەر مامۆستایانی ئایینی و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داناوە**

**هەموو نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەرمان هەر لە عەرەب و فارس و تورکەوە ئایین بەکار دەهێنن بۆ بەرزڕاگرتنی نەتەوەی خۆیان و پارێزگاریکردن لە دەوڵەتەکەیان و، هەر خۆی لەخۆیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بۆ گەیشتن بە دەوڵەت بەکار هێناوە**

**چەند ئەجێندایەکی دەرەکی هەیە و چەند لایەنێکی سیاسی بەکار دەهێنن بۆ دژایەتیکردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و، یاساشکێنی دەکەن و هەوڵیش دەدەن خۆیان بە مەزڵووم نیشان بدەن و خەڵک چەواشە دەکەن**

**بارزانی ڕێکخراوی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی دامەزراند؟**

- مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرۆك و سەرکردەیەکی مێژوویی گەورەی کورد، نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لای هەموو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش زۆر گرنگ بوو، دەیتوانی چین و توێژەکان ئاراستە بکات لە پێناو خزمەتکردنی گەلەکەی، ئەو سەردەمە ڕۆڵی زانا و مامۆستای ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی پێ درابوو، ئەو ئەم کارەی لەپێناو گەلەکەیدا دەکرد، تاوەکو لە ڕووی دینی و کۆمەڵایەتی و بگرە ئابووری و سیاسیشەوە مەلای کورد خزمەتێکی زیاتری خەڵك بکات و تەفرقە و جیاوازییان تێ نەکەوێت، تەنانەت دوژمنانی کورد هەندێك لە مامۆستا و مەلای کورد بەلای خۆیان ڕانەکێشن و لە دژی مافەکانی نەتەوەی کورد لە خشتە ببرێن. مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەرزراگرتنی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی مەرجەعێکی دانا لەناو خۆیاندا و یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان لەلایەن جەنابییەوە بەسترا، لە کۆنگرەدا مەلا مستەفا بارزانی بە ئامادەبووانی گوت ئیتر مەلای ئایینی نوێنەرایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات و سیاسەتمەدارەکان لە دوای کردنەوەی کۆنگرە بەجێی بهێڵن و بڕۆن، بەڵام خۆی مایەوە و گوتی: ئێستا من خۆم وەکو مەلایەك ماومەتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت مەلا مستەفا بارزانی بەشێك بووە لە مەلای ئایینی و خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی زانیوە، بۆیە بۆ ئێمەی مەلای ئایینی جێگای شانازییە مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی کورد و شۆڕشگێڕێکی وا گەورە، هاوکات مەلایەکی ئایینیش بووە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم هزر و ڕێبازە بەردەوامی هەیە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی مامۆستا و مەلای ئایینی کورد پەروەردەی ڕەسەنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن و بە شێوەیەکی باش لە ئایینەکە و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) تێگەیشتوون. ئەوان لە ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکانی گەلەکەماندا پێکەوە بوون و لەم پێناوەشدا قوربانییان داوە، هەر بۆیە گەلی کورد هەرگیز داگیرکەر نەبووە و هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەچەوساندووەتەوە، بوونی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە ناو کورددا جوانترین بەڵگەیە بۆ ئەم مێژووە ڕەسەنە کە تاکو ئەمڕۆ وێڕای بوونی هزری نامۆ و هێنانی هەندێك لە بیروبۆچوونی توندوتیژی لە دەرەوەی سنوورەکان، بۆ مەرام و مەبەستی کەسێتی و تاقمێك، بەڵام ئەمەش جێگای نەبووەتەوە لە ناو موسڵمانانی میللەتی کورددا، بەم شێوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ناوەڕۆکی قورئان و فەرموودەکان ئەرکی بەرگریکردن و بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتی لەسەر مامۆستایانی ئایینی و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داناوە.

هەموو ئەو ئەرکە پیرۆزە نەتەوەیی و ئایینییە لە ئێستادا زۆر قورستر بووە و دەکەوێتە سەرشانی کاك مسعود بارزانی، کە ئەرکی ئێستا زۆر قورستتر و ئاڵۆزتر و هەستیارترە لەو سەردەمە، ئەرکی میللەتێکی گەورەی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەسەر شانە و دەبێت بە وردی ڕەچاوی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و دراوسێ و دونیا بکات و، باڵانسی پەیوەندییەکانی ڕابگرێت، میللەتێکی گەورە چاوی لە دەستی ئەوە و حزب و لایەنی سیاسیی زۆر و ناکۆك و پڕ لە کێشە هەن، کاك مسعود بارزانی لەسەر هزر و بیروباوەڕی باوکی بەردەوامیی لە خەبات و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە مامۆستایانی ئایینیشەوە هەبێت، تاکە ڕێکخراوە کە ساڵانە لە یادی یەکێتی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کوردستان ئامادە دەبێت.

*** چەند گرنگە بۆچوونەکانی مامۆستایانی ئایینی بە ئەمانەتەوە بگەیەندرێتە دەستی سەرۆکی حکومەت و بیر و بۆچوونە باش و بەسوودەکانی مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بخرێتە خزمەتی گەل و خاکی نیشتمان، ئایا بەو نزیکبوونەوەیە وەکو جاران لە مێژوودا ڕۆڵ و پێگەی مامۆستایانی ئایینی لە پاراستنی نەتەوە و نیشتمان چی دەبێت و ئایا ڕێزلێنانی سەرۆکی حکومەت بۆ مامۆستایانی ئایینی چەند گرنگ بوو؟**

- ڕۆشنبیری و خۆشەویستیی نەتەوەیی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان و خاك لای مامۆستایانی ئایینی لە ئاستێکی بەرزدایە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕێزی بۆ سەرکردەکانی کورد و پێشمەرگە و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەیە، میللەتی ئێمەش بەو پێیەی زۆرینە موسڵمانە و باوەڕی بە خودا و قورئان و پێغەمبەر (د.خ) هەیە، بۆیە پێویستە ئایین لە پێناو خۆشی و بەختەوەری و ئازادی و تەنانەت سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەتی کوردستاندا بەکار بهێنین، ئەوەتا هەموو نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەرمان هەر لە عەرەب و فارس و تورکەوە ئایین بەکار دەهێنن بۆ بەرزڕاگرتنی نەتەوەی خۆیان و پارێزگاریکردن لە دەوڵەتەکەیان و، هەر خۆی لەخۆیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بۆ گەیشتن بە دەوڵەت بەکار هێناوە، ڕەنگە ئەمە بە مافێکی

سرووشتیی خۆیانی بزانن، بەڵام ئەوەی سرووشتی نییە، ئەوەیە نابێت ئەو دەوڵەتانە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە ناهەق بۆ چەوساندنەوە و دەسەڵات دژی هیچ کەس و لایەنێك بەكار بهێنن، وەكو بۆ چەوساندنەوەی میللەتی كورد كە بەكار دەهێندرێت، یان لەسەر حیسابی ئێمە بێت. بەو پێیەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بۆ خزمەتی خەڵك و میللەت هاتووە و زۆر ئاساییە سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش لەم ڕێگەیەوە خزمەتی نەتەوەكەی خۆیان بكەن و، ئەركی یەكگرتوویی چین و توێژەكان و ئاشتیی كۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای پابەندبوون بە یاسا و بە شەرع لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان، بۆچوونەكانی زانایانی ئیسلامی بە هەند وەربگرن بۆ ئەوەی هاوكاریی حكومەتەكەی خۆیان بكەن، بۆ پاراستنی قەوارەكە و ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانی دەرەكی، ئەمە جێگەی داخە گەلێكی موسڵمانی وەكو كورد لەسەر دەستی ڕژێمەكانی ناوچەكە تووشی زوڵم و چەوسانەوە ببێت، هەر خۆی لەخۆیدا ئەمە دژی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەرمانە (د.خ).

*** میللەتەكەمان لە قۆناغێكی هەستیاردایە، كەچی حزبە كوردستانییەكان هەریەكەو لەلایەك گوتاری بۆ دۆخەكە هەیە، ئایا لەم بێسەروبەرییەی ئێستادا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی چییە بۆ جێبەجێكردنی ئەركە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانیان؟**

- چەند ئەجێندایەكی دەرەكی هەیە و چەند لایەنێكی سیاسی بەكار دەهێنن بۆ دژایەتیكردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان و، یاساشكێنی دەكەن و هەوڵیش دەدەن خۆیان بە مەزڵووم نیشان بدەن و خەڵك چەواشە دەكەن، بەداخیشەوە چەند مامۆستا و مەلایەكی ئایینی كە ئاستی زانستییان لە زانست و ئاییندا كەمە، دوای ئەم لایەنانە كەوتوون، تەنانەت دوای هەندێك هزر و بۆچوونی نارێك و ناجائیز كەوتوون كە لە دەرەوە بە پێچراوی بۆمان دەنێرن و، وەكو بۆمبێكی چێنراو دژ بە میللەت و قەوارەكەمان بەكاری دەهێنن، تاوەكو بارودۆخی ئاسایش و هێمنی میللەتەكەمان تێك بدەن، لە كاتێكدا چەندین ساڵە ماڵ و حاڵمان لەدەست چووە و شەهید و قوربانیمان داوە، ئێستا نابێت بهێڵین كەسانێكی ساویلكە ئەم هزر و بۆچوونە خراپە و دوور لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو گەنجەكانماندا بچێنن.

ناكرێت بە ناوی دینەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەرامی سیاسی بەكار بهێنرێت و هەر یەكەو ئیخوان و ئیسلامییەكی توندڕەوی دامەزراندووە و وەلائیان بۆ میللەت و سەركردەی خۆیان نییە، ئەمە دووڕوویی و نیفاقە لە ناو ئیسلامەتیدا، تەنانەت حزب هەیە لە ناو حكومەتدایە، كەچی لەملاوە بە مامۆستای ئایینی دەڵێت قسە بە سیاسەتمەدار و حكومەتەكە بڵێ، ئەمە چەواشەكارییە لە ناو میللەتی كورددا كە بەداخەوە تا دێت زیاتر دەبێت و خەڵكانێكی زۆر لێی سوودمەند دەبن، لەسەر حیسابی خەڵكی ڕەشوڕووت و هەژار و عەوام فیتنە و شەڕ و ئاژاوە دەنێننەوە .

باشە ئەوەی لە دەسەڵاتە و ئەوەشی لە ئۆپۆزسیۆنە، چۆن دەبێت خەڵكی دژی نەتەوە و نیشتمانەكەی هان بدات و تۆوی دووبەرەكی و فیتنە بچێنێت و، لە پێناو بەرژەوەندیی تەسكی شەخسی و گرووپەكەیدا لە حكومەتێكی كوردستانی بدات، كە چەترێكە بە هەموو كەموكورتی و ڕەخنەكانمانەوە، هەمووانی كۆ كردووەتەوە و لە كۆمەڵكوژی و چەوساندنەوە دەمانپارێزێت، مامۆستای ئایینیی ڕاستەقینە هەرگیز خۆی ناكاتە بەشێك لە فیتنە و ئاژاوە و دووبەرەكی و ئایینەكەی دژی میللەتەكەی بەكار ناهێنێت.

*** بەو پێیەی مامۆستایەكی دیار و بەرچاوی لە كەركووك، ئەو كەركووكەی لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە داگیر كرا و، لە ئێستادا دووبارە تەعریب و تەرحیل بە شێوەیەكی مەترسیدارتر دەستی پێ كردووەتەوە، ئایا پەیامت لەسەر دۆخی كەركووك چییە؟**

- ئەگەر باخچەكەت گوڵێكی تێدا نەبێت، تام و لەزەتی نابێت، كەركووكیش وەكو جەنابی مەلا مستەفا فەرموویی (دڵی كوردستانە) كەواتە هیچ لەشێك بێ دڵ ناژی و بەهێز نابێت، سوپاس بۆ خودا سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر هزر و بۆچوونی باوكی بەردەوامە و كەركووك و خاكی كوردستان بە هێڵی سوور دادەنێت و، سازشی لەسەر ناكات، هەر دەبێت بەپێی دەستوور كەركووك بە هەر سێ قۆناغەكەی ئاسایی بكرێتەوە (تگبیع،إحصاء،إستفتاء) و كێشەكەی چارەسەر بكرێت، تا بنەماڵەی بارزانی هەبن ڕۆژێك دێت كەركووك هەر دەگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان، ئەمەش لەلای دوژمنانی كورد زۆر ڕوونە، بۆیە ئەو هەموو دژایەتییەی بارزانی دەكرێت، پێشتریش حوكمی زاتی درا بە كورد، بەڵام ئەوەی جێگەی ناڕازیبوونی بارزانی بوو، مەسەلەی كەركووك بوو، هەر لە سەرەتای دۆزی كوردەوە جەنابیان بایەخێكی زۆری بە كەركووك و كەركووكییەكان دابوو، بۆ ئێمەی خەڵكی كەركووك زۆر دڵخۆشكەر بوو كە بارزانی و پارتی لە گفتوگۆكانیان لەگەڵ بەغدا ماددەی ١٤٠ی دەستووریان ژیاندەوە و، جەختیان كردەوە كە دەبێت ئەو ماددە دەستوورییە جێبەجێ بكرێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت سەرۆك بارزانی لەسەر ڕێبازەكەی مەلا مستەفا بارزانییە.

**چەند مامۆستا و مەلایەكی ئایینی كە ئاستی زانستییان لە زانست و ئاییندا كەمە، دوای ئەم لایەنانە كەوتوون، تەنانەت دوای هەندێك هزر و بۆچوونی نارێك و ناجائیز كەوتوون كە لە دەرەوە بە پێچراوی بۆمان دەنێرن**

**حزب هەیە لە ناو حكومەتدایە، كەچی لەملاوە بە مامۆستای ئایینی دەڵێت قسە بە سیاسەتمەدار و حكومەتەكە بڵێ، ئەمە چەواشەكارییە لە ناو میللەتی كورددا كە بەداخەوە تا دێت زیاتر دەبێت و خەڵكانێكی زۆر لێی سوودمەند دەبن**

**سوپاس بۆ خودا سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر هزر و بۆچوونی باوكی بەردەوامە و كەركووك و خاكی كوردستان بە هێڵی سوور دادەنێت و، سازشی لەسەر ناكات**

**تا بنەماڵەی بارزانی هەبن ڕۆژێك دێت كەركووك هەر دەگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان، ئەمەش لەلای دوژمنانی كورد زۆر ڕوونە، بۆیە ئەو هەموو دژایەتییەی بارزانی دەكرێت**



### پڕۆفیسۆر دكتۆر ئیبراهیم حەمە ڕەش بۆ گوڵان:

# حكومەتی دیجیتاڵی كاریگەری بەرچاوی لەسەر سەركەوتنی حكومەت و گەشەكردنی ئابووری هەیە

**پرسی حكومەتی دیجیتاڵی و هەنگاوەكانی بەرەوپێشچوون لەم بارەیەوە و لایەن و دەرئەنجامە باشەكانی كۆششكردن بۆ هێنانەئاری ئەم جۆرە حكومەتە لە ڕاییكردنی مامەڵەی هاووڵاتییان و كەمكردنەوەی ڕۆتین بوونە تەوەری ئەم دیدارە لەگەڵ پڕۆفیسۆر دكتۆر ئیبراهیم حەمە ڕەش لە زانكۆی كوردستان – هەولێر كە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** کاتێك باس لە حکومەتی دیجیتاڵی دەکرێت وەك هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتوو بۆ ئاستی حوکمڕانی، بە ڕێچکەیەك دادەنرێت بۆ پیادەکردنی حوکمڕانیی باش، ئایا لایەنە باش و دیارەکانی حکومەتی دیجیتاڵی بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو چین؟**

- جاران حکومەتی باش(رشید) و حکومەتی خراپ بە چەند پێوەرێك کە پێیان دەگوترێت «ئیندێکس» هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرا، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و چەند حکومەتەکە بەدیجیتاڵکراوە یەکێك لەو پێوەرانەیە کە هەڵسەنگاندنی بۆ حکومەتەکەی پێ دەکرێت کە ڕەشیدە، یان نە. حکومەتی دیجیتاڵی ئەوەیە دوای پەیدابوونی ئینتەرنێت هەر کەسێك چ لە کەرتی گشتی، یان تایبەت بتوانێت لە ماڵی خۆی کار و مامەڵەی خۆی پێشکەش بکات و باشترین تەجروبەی ئێمە لە کوردستان زانکۆلاینە کە ئەلیکترۆنییە و ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە، ئەگەرچی پێشتر پرۆسەکە زۆر زەحمەت و ئاڵۆز بوو، تاوەکو قوتابی فۆرم و داواکاری پێشکەش بە زانکۆ دەکرد بۆ ئەوەی لە کۆلێژێك وەربگیرێت، بەڵام ئێستاکە لە ڕێگای زانکۆلاینەوە هەر لە ماڵ و شوێنی خۆتەوە پێشکەش بە زانکۆ دەکەیت، هاوکات هەر لەو ڕێگا ئەلیکترۆنییەوە ناوەکەت دەگەڕێتەوە. هەروەها دەکرێت هەموو حکومەت و دامودەزگاکان لە سەرەتادا بە یەکەوە ئەلیکترۆنی و بەدیجیتاڵ نەکرێت، بەڵکو پرۆسەکە هەنگاو بە هەنگاو دەست پێ دەکات، واتە سێکتەر لە دوای سێکتەر کار بۆ بەدیجیتاڵکردنی حکومەت هەنگاو هەڵدەگرێت و ئەمە کارێکی سرووشتی و ئاساییە، چونکە حکومەتی دیجیتاڵی کۆتایی نییە و لە شوێنێك ڕاناوەستێت، بەڵکو هەر لە پێشکەوتن و زیاتر بەدیجیتاڵ بوونە و زۆر ئاساییە ئێمە لاسایی وڵاتانی دیکە بەتایبەت وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەینەوە، چونکە ئەوان لە ئێمە پێشکەوتووترن و هەندێ دەوڵەتیش هەن زۆر پێشکەوتوون، وەك ئوستراليا بۆیە دەکرێت و سرووشتییە هەنگاو بە هەنگاو لاسایی ئەو جۆرە وڵاتانە بکەینەوە.

حکومەتی دیجیتاڵی لایەنی خراپی نییە و هەموو لایەنەکانی باشە، دەکرێت هەندێ لە لایەنە باشەکانی بخەینەڕوو وەك، یەکەم: هاتوچۆی خەڵك کەم دەبێتەوە، یان هەر نامێنێت بۆ ناو دامودەزگاکانی حکومەت لەو کاتەدا هاتوچۆی ڕێگاوبانیش کەم دەبێتەوە و بەنزین و سووتەمەنییەکانی دیکەی ئۆتۆمبێل کەمتر سەرف دەبێت، چونکە هاووڵاتی لە ماڵی خۆی دەتوانێت کار و مامەڵەکانی خۆی ڕایی بکات، بۆ نموونە پاسپۆرتەکەت ماوەی بەسەر دەچێت، هەر لە ڕێگای ئەو پرۆسە دیجیتاڵەوە داواکاری پێشکەش دەکەیت و کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکرێت، کە ئەمە بەشێکی بچووکی حکومەتەکەیە. دووەم: لە حکومەتی دیجیتاڵی شەفافیەت زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی خۆی نیشان دەدات، چونکە هەموو کارو مامەڵەکان لەبەرچاوی خەڵك بەئاشکرا بەڕێوە دەچێت. سێیەم: لەلایەن خەڵکەوە متمانە و باوڕبوون بە حکومەتەکە زیاد دەکات و متمانەیەکی بەهێز لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی دروست دەبێت. چوارەم: لە حکومەتی دیجیتاڵی کەس پێویستی بەوە نییە پرسیار لە خەڵکی دیکە بکات، پێویستی بەوەش نییە کە خەڵکی دیکە کار و مامەڵەکەی بۆ بکات و ماندووش نابێت لە هاتوچۆکردندا. پێنجەم: لە حکومەتی ئەلیکترۆنیدا ڤی ئای پی نامێنێت واتە جیاوازی نامێنێت لە نێوان کەسدا و واسیتەش لە گۆڕ دەنرێت. لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای هەموو کارێکی حکومەتی دیجیتاڵی دەبێت بانکەکان بە سیستمی دیجیتاڵی بکرێن، لەم لایەنەوە هەرێمی کوردستان کەمترین هەنگاوی ناوە، بۆیە پێویستە لە سەرەتادا هەموو بانکەکان بە یەکەوە لە ڕێگای بەدیجیتاڵیکردنەوە بە یەکتر ببەسترێنەوە کە تا ئێستا لەلای خۆمان ئەوە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو هەندێ لە بانکەکان ماستەرکارت دەدەن، کە ئەمەش بەدیجیتاڵی نییە، واتە هیچ بانکێك، تەنانەت ئەوانەی کە حکوومین ناتوانن پارەی کەسێك لە بانکێك بۆ بانکێکی دیکە بگوازنەوە، یان حکومەت هەق و پارەی ئاو و کارەبا و باج لە ڕێگای بانکەکانەوە لە خەڵك وەربگرێت، هەر بۆیە پێویستە حکومەت لە سەرەتادا بانکەکان بەدیجیتاڵ بکات، لە پاشان حکومەت دەستی دەکرێتەوە و توانای ئەوەی دەبێت زۆر سیرڤس هەیە هەر لە ڕێگای بانکەکانەوە لە خەڵکی وەربگرێت. لێرە بە نموونە باسی وڵاتی ئوستراليا دەکەین، کە زۆر پێشکەوتووە لە حکومەتی دیجیتاڵی، لەو وڵاتە هاووڵاتی نازانێت کەی وەرەقە و بلیتی کارەبا و ئاو و باجی بۆ دێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ بە ئۆتۆماتیکی ئەو سێرڤسانە لە خەڵك وەردەگرێت، چونکە لەو وڵاتەدا هەموو خەڵك حیسابی خۆی بە بانکەکانەوە بەستووەتەوە و لە کاتێکدا

**لە حکومەتی دیجیتاڵی شەفافیەت زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی خۆی نیشان دەدات، چونکە هەموو کارو مامەڵەکان لەبەرچاوی خەڵك بەئاشکرا بەڕێوە دەچێت**

**حکومەتی دیجیتاڵی ئەو کات هەموو هەنگاوەکانی تەواو بووە کە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی بە دیجیتاڵی کردبێت**

**لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بەشی دامەزراندنی چەندین حکومەتی ئەلیکترۆنیمان خەرج کردووە، بەڵام هەر نەمانگەیاندووەتە ئەو ئاستەی کە حکومەتەکە بکەویتە سەر ڕێچکەی تەواوی بەئەلیکترۆنیکردنی**

**چەند حکومەتی ئەلیکترۆنی لە کەرتی گشتی و تایبەت زیاد بێت، ئەوەندە زمانی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زیاد دەبن و کاتێکیش زمانەکانی دونیا ڕیزبەند دەکرێن، زمانی کوردییش لە ڕیزی زمانەکانی هەموو دونیا ڕیزبەندی وەردەگرێت و بەرەوپێش دەچێت**

**دەکرێت پێش دامودەزگای حکومەت و کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت ببن بە دیجیتاڵی، بۆ ئەو مەبەستەش یاسا و ڕێنماییان بۆ دەربچێت**

حکومەتیش بیەوێت ڕیکلامێك، یان شتێك بکات، ئەوە دەچێتە ناو ئیندێکسی خەڵکەکەوە، لەو کاتەدا هەموو خەڵك ئاگاداری ئەو داواکاری، یان ئەو شتەی حکومەت دەبن کە تازەیە، یان زیادی کردووە. بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە باشی و چاکیەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە بن نایەت و یەکجار زۆرە و پاش چەند ساڵێکی دیکە من و تۆ ڕازین بە نۆرەگرتن، بەڵام نەوەی نوێی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ڕازی نابن بۆ مامەڵە و کارێك نۆرە بگرن، واتە حکومەتی دیجیتاڵی دەبێتە زرورەتێکی حەتمی، هەر بۆیە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێم زۆر بەپەرۆشە و لە هەوڵدایە بە بەرنامەڕێژی حکومەتی هەرێم هەنگاو بە هەنگاو بە ئەلیکترۆنی بکات و لە زانست و سەردەمی هاوچەرخ و پێشکەوتوو دانەبڕین.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەك بەر لە ئێستا ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2025 تەواوی دامەزراوەکانی حکومەت دەبنە دیجیتاڵی، ئەمەش مانای ئەوەیە کاروبارەکانی حکومەت دەبنە ئەلیکترۆنی، ئایا ئەم پرۆسەیە لە کەیەوە دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستا تا چەند ژێرخانی ئەم حکومەتە ئەلیکترۆنییە تەواو بووە؟**

- لە هەرێمی کوردستان داتا سەنتەرێك دروست کراوە کە ئەمە کارێکی زۆر باشە کە دەتوانرێت زانیاری لەسەر هاووڵاتیان بەگشتی لەو سەنتەرە بپارێزرێت کە لە ڕێگای کارتی نیشتمانییەوە زانیارییەکان کۆ دەکرێتەوە، ئەگەرچی نازانم حکومەتی عێراقی لەو لایەنەوە هاوکاری و هەماهەنگی هەرێمی کوردستان دەکات، یان نایکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا عێراق هاوکار نەبێت، خۆی دووبارە لە ڕێگای کارتی نیشتمانییەوە هەموو زانیارییەکان لەسەر خەڵك وەربگرێتەوە و لەو داتا سەنتەرە بیانپارێزێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێ دامودەزگا و سێکتەری حکومەتی هەرێم بە دیجیتاڵ کراون و هەندێکی دیکە لە ژێر کارکردندان بۆ بەدیجیتاڵکردنیان و نموونەیەکی گرنگ لەو سیستەمە دیجیتاڵە کە لە هاتوچۆ پەیڕەو دەکرێت، کە لایەنی ئیجابیی زۆر باشی هەیە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکان سەرپێچی دەکات، بە بێ ئەوەی شوفیر گوێی پێ بدات، نامەیەکی ڕاستەوخۆی بە ژمارەی مۆبایلەکەی بۆ دێت و سزاکەشی بۆ دیاری کردووە، ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی سیستمی دیجیتاڵی، یان لەو کاتەی لە پەتای کۆڕۆنا ناوت بۆ کوتان دەنووسی، بە نامەی دیجیتاڵی کات و سەنتەری کوتانەکەتی بۆ دەنارد، هەموو ئەمانە باشی و سەرکەوتنی سیستەمەکەیە، حکومەتی دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان بە جددی کاری لەسەر کراوە و پاڵپشت و ئومێدەوارین ئەو ئومێد و هیوا و بەرنامەی کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدیجیتاڵیکردنی حکومەتەکەی هەیەتی، بێتەدی کە نییەت و ماندووبوون و ئاواتەکەی دیارە بۆ ئەوەیە لە پێشکەوتنی دونیا دوور نەکەوینەوە و ڕۆتین نەمێنێت و شەفافییەت شوێنی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت و باڵ بەسەر هەموو جومگەکانی وڵاتدا بگرێت کە بەمەش یەکسانی و داپەروەری ڕێچکەی تەواوی خۆی وەر دەگرێت.

*** لەو وڵاتانەی کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیویانە پەرە بە پرۆسەی پەرەپێدان بدەن، باس لە «سیستمی یەك پەنجەرە» دەکەن. ئایا سیستمی یەك پەنجەرەش بەشێکە لە حکومەتی ئەلیکترۆنی، یان جیاوازە؟**

- وڵاتانی پێشکەوتوو لە حکومەتی دیجیتاڵی زۆرن، بەڵام ئوستralیا و دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤی وەك سوید و دانیمارك و فینلەندا و ...تاد، لە هەرە وڵاتانی سەرکەوتووی ئەو سیستمە دیجیتاڵییەن کە هەموو جومگە و شوێنێکی حکومەت و کەرتی تایبەت و خەڵکی گرتووەتەوە، هەر بۆیە ڕۆتین و بیرۆکراتیەت وەك ئەوەیە کە نەبێت و شەفافییەت بە تەواوی شوێنی خۆی گرتووە، بێگومان لە حکومەتی دیجیتاڵی «سیستمی یەك پەنجەرە» واتە نەمانی بیرۆکراسیەت، یان کەمبوونەوەی بیرۆکراسیەتە و یەك پەنجەرەیش مانای وایە کە هەموو کار و مامەڵەکەت لە یەك شوێن بۆت جێبەجێ دەکرێت، بە بێ ئەوەی خۆت هیچ ماندووبوون و ئەو ژوور و ئەو ژوور بکەیت. نموونەیەکی دیکە ئۆفیسی جەنابی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و دامودەزگاکانی حکومەتە کە هەر هەموویان لە ڕێگای ئینتەرنێت و ئەو کۆمپیوتەرەی بەردەستیان دەتوانن پێکەوە کۆبوونەوە بکەن، واتە ئەوە یەك پەنجەرەییە.

*** حوکمڕانی لە دوو سێکتەری گرنگ پێکدێت کە بریتین لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، ئەم دوو سێکتەرەش هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوی**

**دیکەیە، ئایا کاتێك حکومەت دەبێتە دیجیتاڵی بە هەمان شێوە کەرتی تایبەتیش دەبێتە دیجیتاڵی؟**

- پێویستە حکومەت فشار بخاتە سەر کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی ببن بە دیجیتاڵی و دەکرێت پێش دامودەزگای حکومەت و کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت ببن بە دیجیتاڵی، بۆ ئەو مەبەستەش یاسا و ڕێنماییان بۆ دەربچێت، هەروەك ئەوەی چۆن شارەوانی مۆڵەت و ڕێنمایی دەدات بەو کەسانەی کە خانوو و باڵاخانە دروست دەکەن، بەهەمان شێوە ڕێنمایی و یاسا و مۆڵەتیش بۆ کەرتی تایبەت دەربکرێت کە بکرێنە دیجیتاڵی و ئۆتێل و مۆتێلەکان لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان چونکە کارێکی بازرگانین، هەر هەموویان بە ئەلیکترۆنی کراون. هەر لێرەدا دەتوانم ژوورێك لە هۆتێلێك بگرم. لەلایەکی دیکەوە چەند حکومەتی ئەلیکترۆنی لە کەرتی گشتی و تایبەت زیاد بێت، ئەوەندە زمانی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زیاد دەبن و لەو کاتەی کە زمانەکانی دونیا ڕێزبەند دەکرێن، بەم هۆیەوە زمانی کوردییش لە ڕێزی زمانەکانی هەموو دونیا ڕێزبەندی وەردەگرێت و بەرەوپێش دەچێت، لەو کاتەشدا مەعنەوییەن وەك ناسنامەی نەتەوەییش قازانج دەکەین.

*** هەتا ئێستا چەند سێکتەرێك کراون بە دیجیتاڵی، وەك بەڕێوەبەرایەتییەکانی «هاتوچۆ و ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی»، بەڵام هەندێك سێکتەری دیکە هەن وەك «تەندروستی و کشتوکاڵ و پەروەردە و...هتد» قورسترن، ئایا چۆن هەموو سێکتەرەکانی حکومەت بۆ دیجیتاڵی دەگۆڕدرێت؟**

- وەك ئاماژەمان پێ دا هەنگاو بە هەنگاو سێکتەرەکانی حکومەت بە دیجیتاڵی دەکرێن لە دوای ئەوەی بانکەکان بە دیجیتاڵی کران، گرنگ لەوەدایە لە هەر سێکتەرێك کە بە دیجیتاڵی دەکرێت، ئەو سیستمە کار لەسەر گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی سێکتەرەکە بکات، بۆ نموونە کاتێك کەرتی کشتوکاڵ و وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەموو دامودەزگاکانی بەدیجیتاڵی دەکرێت، ئەوە پێویستە وەزارەتی کشتوکال دامەزراوەیەکیان هەبێت کە نامە بۆ جووتیاران بنێرێت، بۆ نموونە لە کاتی بارانبارین ئەگەر ڕێژەکە باش بوو کە بگاتە ئاستێك بتوانرێت جووتیاران تۆیەکانیان بکەن، ئەوە پێویستە نامەیان بۆ بنێرن و پێیان ڕابگەیەنن کە ڕێژەی بارانبارینەکە ئەوەندە بووە و دەتوانن زەوییەکانیان بە گەنم و جۆ داچێنن، یان کاتی پەین، یان جۆرە نەخۆشییەك بۆ کشتوکاڵ، یان بۆ پەلەوەر بڵاو بووەوە، دەکرێت بە هەمان شێوە خاوەن کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵییەکان ئاگادار بکەنەوە. هەندێ لەو ڕێنمایی و ئاگادارییانەش لەبەر ئەوەی بۆی هەیە جووتیارەکان خوێندەوار نەبن، پێویستە بە دەنگ و ڤیدیۆ بۆیان بنێرن. واتە هەموو سێکتەرەکان بوونیان بە دیجیتاڵی کاریگەری باشی لەسەر کەرتەکە دەبێت، لە پاشان دەبێتە بەشێك لە هەموو حکومەتە دیجیتاڵییەکە و کاریگەریی باش و زۆری لەسەر سەرکەوتنی حکومەت و گەشەکردنی ئابووریی وڵاتەکە دروست دەکات. لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێت ئەو حکومەتە دیجیتاڵییە لە هەنگاوی یەکەم و سەرەتاییدا لە کار و شتە بچووکەکانەوە دەست پێ بکەین و هەر سیکتەرێك لە بواری خۆیدا خاوەن کار و پیشەکانی لە ڕێنمایی و پێویستییەکانی بە مۆبایل ئاگادار بکاتەوە، چ نامەی نووسین، یان دەنگی، یان ڤیدیۆیی بێت، هەروەك ئەوەی کە وەزارەتی تەندروستی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکان دەست بە هەڵمەت و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و خۆپارێزییەکان دەکات. بە تەئکید حکومەتی دیجیتاڵی ئەو کات هەموو هەنگاوەکانی تەواو بووە کە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی بە دیجیتاڵی کردبێت. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بەشی دامەزراندنی چەندین حکومەتی ئەلیکترۆنیمان خەرج کردووە، بەڵام هەر نەمانگەیاندووەتە ئەو ئاستەی کە حکومەتەکە بکەوێتە سەر ڕێچکەی تەواوی بەئەلیکترۆنیکردنی، ئەمەش لە بەر چەند هۆکارێکە. لەوانە: تەوجیهاتەکان پەرت و بڵاو بووە و هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی کاری لەو بارەوە کردووە و ڕێنماییەك لەلایەن حکومەتەوە نەبووە کە خەڵك چۆن کاری لەسەر بکات، بۆ نموونە لە کاتێکدا وەزارەتێك داتا بێسێك دادەمەزرێنێت و وەزارەتێکی دیکە وێبسایتێك دادەنێت، لەو کاتەی زانیاری دەگۆڕنەوە، دەبینیت بەپێی ئەو تەکنەلۆژیایەی بە کاریان هێناوە کە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، لەو کاتەدا کار و خەرجییەکە بە خۆرایی لە دەست دەچێت، بەڵام ئێستا لە کابینەی نۆیەمدا حکومەت ڕێنمایی بۆ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت دەرکردووە کە دەبێت بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانە دەست بە کارەکانی بەدیجیتاڵیکردن بکەن.


**ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێم زۆر بەپەرۆشە و لە هەوڵدایە بە بەرنامەڕێژی حکومەتی هەرێم هەنگاو بە هەنگاو بە ئەلیکترۆنی بکات**

**لە حکومەتی ئەلیکترۆنیدا ڤی ئای پی نامێنێت واتە جیاوازی نامێنێت لە نێوان کەسدا و واسیتەش لە گۆڕ دەنرێت**

**حکومەت ڕێنمایی بۆ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت دەرکردووە کە دەبێت بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانە دەست بە کارەکانی بەدیجیتاڵیکردن بکەن**


PAO
CIPE
ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
سیمبولی ڕێزلێنان لە دەسپاکان
بەڕێز : د.شێرزاد نجار
ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت و
مامۆستای زانکۆ پێشوو

# ڕێزلێنان لە پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ وەک سومبلی دەستپاکی و مرۆڤێکی پڕبەها



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە هەنگاوێکی بەرز و پیرۆزدا، تۆڕەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوەکان، یان دامەزراوەکانی پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لە هەفتەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارەدا، وەك سومبلی دەستپاکی ڕێز لە پرۆفیسۆر شێرزاد نەجاڕ گیرا، ڕاستییەکەی ئەم هەنگاوە مانای زۆر هەڵدەگرێت، سەبارەت بە مرۆڤێك کە لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا، پڕە لە بەهای مرۆڤایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و دڵسۆزی و پاکی و ئەکادیمیی ڕەسەن.

دەتوانم بڵێم پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ لەسەر ئاستی نیشتمانی و عێراقی و عەرەبی و جیهانی ناسراوە، ماوەیەکی درێژ خۆی بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی و خزمەتکردنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا تەرخان کرد، جگە لەوەی کە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان و نیشتمانیی دیموکراسیی عێراقیدا شوێن پەنجەی دیارە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، دکتۆر شێرزاد نەجاڕ پەیوەندییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کەسایەتییە ئەکادیمی و نێودەوڵەتییەکان،

**دکتۆر شێرزاد نەجارِ لەسەر ئاستی نیشتمانی و عێراقی و عەرەبی و جیهانی ناسراوە، ماوەیەکی درێژ خۆی بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی و خزمەتکردنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا تەرخان کرد**

**دکتۆر شێرزاد نەجارِ جێی متمانەی دارِێژەرانی برِیاری سیاسی بووە، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا کاری کردووە**

**ئەو نامە و تێزانەی ماستەر و دکتۆرا کە بەرِێز دکتۆر شێرزاد نەجارِ سەرپەرشتی کردن، هەموویان لە بواری دەستووری و سیستمە سیاسییەکان و زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوون**

بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی رِۆژئاوا، بە دیاریکراویش وڵاتێکی وەك نەمسا کە ساڵانێکی زۆر تەمەنی تێدا بەسەر برد، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە برِوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی ڤیەننا وەرگرت لە بابەتی سیستەمی سیاسیی عێراق، لەژێر دەستی کۆمەڵێك ئەکادیمیستی ناسراوی ئەم وڵاتە کە تیایدا خوێندی، ئەوانیش لە رِێرِەوی سیاسیی ئەورووپادا رِۆڵی بەرچاویان هەبوو، بەتایبەتی لە بواری دیپلۆماسی و سیاسەتدا.

دکتۆر شێرزاد نەجارِ کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رِابردوودا گەرِایەوە عێراق، ماوەی (٣٠) ساڵ خۆی بۆ خزمەتی دامەزراوە ئەکادیمییەکان تەرخان کرد، وەك مامۆستا یان لە پۆستە ئیدارییەکان و سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان کە خۆی دامەزرێنەری بوو لە زانکۆی سەلاحەدین، یان یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ کاروباری کارگێرِی و دارایی، هەروەها رِاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری خوێندنی باڵا بۆ چارەکە سەدەیەك، شوێن پەنجەکانی ئەم بەرِێزە بە لێهاتوویی و پاکی و دڵسۆزی و دەستپاکی لە خزمەتکردندا رِوون و بەرچاوە.

لەژێر دەستی دکتۆر شێرزاد نەجارِدا ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە یاسا و زانستە سیاسییەکاندا پێرِاگەیشتوون، چ لە بواری بەکالۆریۆس یان خوێندنی باڵا(ماستەرو دکتۆرا)، دەتوانم بڵێم نزیکەی (١٠٠) نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بە سەرپەرشتیی ئەو بەرِێزە ئەنجام دراون، نەك هەر لە زانکۆی سەلاحەدین، بەڵکوو لە سۆران و دهۆك و زانکۆی کوردستان و زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

لە ماوەی رِابردوودا دکتۆر شێرزاد نەجارِ سەرۆکی دەستەی ئەمیندارانی زانکۆی کوردستان بوو، لە زانکۆی کوردستان کاری کرد و توانی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم زانکۆیە لەسەر رِێرِەوێکی رِاست بەرِێوە ببات، ئێستاش کە بەرِێزیان خۆی تەرخان کردووە بۆ نووسین و سەرپەرشتیکردنی نامەو تێزی دکتۆرا لە بواری یاسا و زانستە سیاسییەکان، بۆیە لە ژیاندا هەرگیز مانای ماندووبوون نازانێت و باوەرِی بە نامە پیرۆزەکەی هەیە، ئەوەی جێی باسە دەستنیشانکردنی بەرِێزیان بوو، وەك سومبلی دەستپاکی لەسەر بنەمای پێوەرەکانی دەستپاکی، کە بریتین لەوەی کە رِۆژێ لە رِۆژان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی سامانی گشتیی تەرخان نەکردبێت، بەڵکو پارێزگاری لە سامانی گشتی کردووە، هەروەها هیچ جار بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئەو جێ و پێگەیانەی کە هەیبوو لە بواری فەرمانرِەواییدا بەکاری نەهێناون، بەڵکو کاری کردووە و بە شێوەیەکی رِێکوپێك ئەنجام بدرێن.

دکتۆر شێرزاد نەجارِ جێی متمانەی دارِێژەرانی برِیاری سیاسی بووە، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا کاری کردووە، لە زۆر لە دۆسیێ گرنگەکان وەك یەکسانکردنی برِوانامەکان و وەرگرتنی مەڵبەندی و خوێندنی باڵا و رِاوێژ لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەیوەست بە پەیوەندییە ئەکادیمییەکان، زۆر بە دڵسۆزی و لێهاتوویی کاری کردووە و بیروبۆچوونی خۆی خستووەتەرِوو، رِێزیش لەم بیرورِایانەی گیراوە، لەسەر ئاستی عێراقیش دکتۆر شێرزاد نەجارِ تۆرِێك پەیوەندیی لەگەڵ بیرمەندان و رِۆشنبیرانی عێراق هەیە، بەتایبەتی دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان و دکتۆر عامر حەسەن فەییاز و عەبدولحسێن روفەیعی و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەکادیمیستی نیشتمانی، لەسەر ئاستی عەرەبیش لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە، بەتایبەتی فەلەستینییەکان و جەزائیرییەکان و توونسییەکان و ئوردنییەکان پەیوەندیی هەیە، تەنانەت لە بواری فەرمیشدا پەیوەندیی هەیە لەگەڵ بەشێك لە دارِێژەرانی سیاسیی ئەم دەوڵەتانەدا، بەتایبەتی لەگەڵ میر حەسەن کە لە وڵاتی ئوردندا کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە و، بەشداریی زۆری لە چالاکییەکانیدا کردووە.

لەسەر ئاستی هەرێمییش، کە دکتۆر شێرزاد نەجارِ سەردانی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان دەکات، بەتایبەتی کە سەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کرد، بە شێوازێکی دیپلۆماسییانە و لێهاتووانە مامەڵەی لەگەڵ دامەزراوەکانی ئەم وڵاتەدا کرد، بەتایبەتیش لە زانکۆی تاران لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی کە سەنتەرێکی

دێرینە و پتر لە (٦٠) ساڵە دامەزراوە، موحازەرەیەکی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و کەیسی کورد و بارودۆخ و داهاتووی عێراق پێشکەش کرد، کە جێگەی پێزانینی ئەکادیمیستییانی وڵاتی ئێران بووە.

من کە باسی دکتۆر شێرزاد دەکەم کەسایەتییەکی ئەکادیمیی دیکەی نیشتمانیی عێراق دێتەوە یادم، ئەویش پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولجەبار عەبدوڵایە (یەکەم سەرۆکی زانکۆی بەغدا) دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، دکتۆر عەبدولجەبار عەبدوڵا یەکێك بووە لە چوار قوتابییەکانی زانای ناودار ئیزنشتاین، لە بواری فیزیای ئەتۆمی و لەژێر دەستی ئەو زانایەدا پەروەردە کرا، ئەو بەڕێزە نەك هەر لە عێراق، تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانییش ناسراو بوو، لە ماوەی پێنج ساڵدا کە سەرۆکی ئەم زانکۆیە بوو، توانی زانکۆکە بخاتە سەر پێ و پێشی بخات، ئەو توانی دڵسۆزانە و نیشتمانپەروەرانە خزمەتی زانکۆکە بکات، بۆیە من دکتۆر شێرزاد نەجاڕ هاوشانی دکتۆر عەبدولجەبار عەبدوڵا دادەنێم، هەردووکیان وەك بواری هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و کەسایەتیی دیموکراسی بوون، باوەڕیان بە خۆشەویستیی نیشتمان و زانست هەبوو، جێی ڕێز و پێزانینی قوتابییەکانی خۆیان بوون.

لە ماوەی تەمەنیدا، دکتۆر شێرزاد نەجاڕ خاوەنی نووسینی زۆر بووە، کۆتا نووسینیشی بریتی بوو لە کتێبێك بە ناوی (چۆن سیاسییانە بیر بکەینەوە) کە نزیکەی (٦٠٠) لاپەڕەیە و لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی گوڵان بوو، ئەم کتێبە دەنگۆیەکی باشی هەبوو، هەروەها سوودبەخش بوو بۆ داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی و ڕۆشنبیران و ئەکادیمیستەکان. ئەو نامە و تێزانەی ماستەر و دکتۆرا کە بەڕێز دکتۆر شێرزاد نەجاڕ سەرپەرشتی کردن، هەموویان لە بواری دەستووری و سیستمە سیاسییەکان و زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوون، شوێن پەنجەی ئەو نامە و تێزانە و قوتابییانە گرنگە، ئێستا بەشێکی زۆریان لە داڕێژەرانی بڕیاری سیاسین لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت پەیوەندیی نێودەوڵەتیشیان هەیە.

وڵاتە عەرەبییەکان و بەشێك لە وڵاتانی جیهان حیسابێکی تایبەتی بۆ دکتۆر شێرزاد نەجاڕ دەکەن، ئەو پەیوەندییانەی هەیەتی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن. ئەوەی شایانی باسە و نابێ لە بیری بکەین، ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم دکتۆر شێرزاد نەجاڕ مرۆڤێکی پڕ بەها، واتا بەهای خۆشەویستیی نیشتمان و کوردستان و شارەکەی (هەولێر) بەتایبەتییە، هەروەها وەفاو دڵسۆزیی بۆ هەڤاڵ و برادەرەکانی، کە زۆر مرۆڤانە بیردەکاتەوە، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەی و شارەکەی، دووپاتیشی دەکەمەوە کە ئەو وەفایەی هەیەتی بۆ شارەکەی خۆی لەوەدا بەرجەستەیە کە لە ساڵانی سەختدا لە ئەورووپاوە گەڕایەوە بۆ شارەکەی و شان بەشانی هاوڕێکانی لە زانکۆ خزمەتێکی زۆری زانکۆیان کرد، ئەگەر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ نەبوایە خوێندنی باڵا لە کوردستان بەرەو ئاستێکی دیکە دەچوو، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو، زانکۆ و خوێندنی باڵا هاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، بۆیە ئەو پێشکەوتنەی لەم بوارەدا هاتەدی، بە هەوڵ و کۆششی پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ بووە.

دکتۆ شێرزاد نەجاڕ هاوڕێیەکی دڵسۆزی ڕاگەیاندنی بەرپرسە، ماوەی (٣٠) ساڵە لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان)ی خۆشەویست لە نووسینەکانی بەردەوامە، نووسینەکانیشی لەسەر ئاستێکی ئەکادیمیی بەرزن، حیسابێکی تایبەتییان بۆ دەکرێت، جگە لەمە لە میدیا عەرەبییەکانیشدا پەیوەندی و نووسینی هەیە، هەروەها ڕۆڵی سیاسیی دکتۆر شێرزاد نەجاڕ لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی لە شیکردنەوەکانی و پەنا بردن بۆ بەها پیرۆزەکانی نیشتمانی و دیموکراسی و نەتەوەیی ڕوون و بەرچاوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی بەرز و پیرۆزە، کە پەنا بردرا بۆ ئەوەی پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ وەك سومبلی دەستپاکی هەڵبژێردرێت، شانبەشانی بەڕێزانی دیکە، کە ئەوانیش ڕۆڵیان دیار و بەرچاوە، هەر یەکە لە بواری پسپۆری و کارەکەی خۆیدا، لە خزمەتکردنی ڕێرەوی دەستپاکی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم.

**وڵاتە عەرەبییەکان و بەشێك لە وڵاتانی جیهان حیسابێکی تایبەتی بۆ دکتۆر شێرزاد نەجاڕ دەکەن، ئەو پەیوەندییانەی هەیەتی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن**

**ئەگەر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ نەبوایە خوێندنی باڵا لە کوردستان بەرەو ئاستێکی دیکە دەچوو، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو، زانکۆ و خوێندنی باڵا هاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی**

**دکتۆ شێرزاد نەجاڕ هاوڕێیەکی دڵسۆزی ڕاگەیاندنی بەرپرسە، ماوەی (٣٠) ساڵە لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان)ی خۆشەویست لە نووسینەکانی بەردەوامە، نووسینەکانیشی لەسەر ئاستێکی ئەکادیمیی بەرزن**

### پڕۆفیسۆر دکتۆر خالید حەیدەر بۆ گوڵان:

# بانکی ناوەندیی عێراق بڕە دۆلارێکی زیاتری خستووەتە بازاڕەوە و چاوەڕوان دەکرێت بەهای دینار بەرامبەر دۆلار بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە

## هەر کابینەیەکی وەزاری کە دێت بە لانی کەمەوە دەبێت چوار ساڵ لە تەمەنی کارکردنی دۆخی نەختینەیی و دارایی جێگیر بێت

داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار کە لە بازاڕە ناوخۆییەکانی عێراق و کوردستاندا پێی دەگوترێت هەڵکشانی بەهای دۆلار بەرامبەر دینار، ئەوەش ناسەقامگیرییەکی گەورەی لە دۆخی بازاڕ درووست کردووە. لە دوای پێکهێنانی کابینە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە وا چاوەڕوان دەکرا، بەهای دۆلار بەرامبەر دینار بێتە خوارەوە، ڕاست بارودۆخەکە پێچەوانە بووە و یەك دۆلاری ئەمریکی گەیشتە ١٥٥٢ دینار، بە ڕادەیەك لە هەندێك مامەڵەدا ئەو بەهایەشی تێپەڕاند. ئەمەش بانکی ناوەندیی عێراقی ناچار کرد، چەندین جار ئەو هەواڵانە ڕەت بکاتەوە کە باس لە دەستکاریکردنی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار دەکات. بۆ قسەکردن لەسەر ناسەقامگیریی دۆخی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پڕۆفیسۆر دکتۆر خالید حەیدەر پسپۆڕ و شارەزا لە دۆخی دارایی و ئابووری و مامۆستا لە بەشی ئابووری لە زانکۆی سلێمانی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.



*** ناسەقامگیریی بەهای دراوی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ جارێکی دیکە ئەو مشتومڕی لێ کەوتەوە، کە ئایا چارەنووسی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دراوە بیانییەکانی دیکە، بەتایبەتی دۆلار، بە کوێ دەگات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێوە وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری دارایی و ئابووری، خوێندنەوەتان بۆ ناسەقامگیریی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار چییە؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەبێت شیکردنەوەیەکمان بۆ دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق بەگشتی هەبێت، بەتایبەتی دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەڵکشانی بەهای نەوت و بەرزبوونەوەی یەدەگی دراوی بانکی ناوەندیی فیدراڵی عێراق، کە لە مێژووی خۆیدا ڕیکۆردی وای تۆمار نەکردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێشتر حکومەتی عێراق بە هۆی ئەوەی بەهای دیناری بەرامبەر دۆلار شکاند، بەهای ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە ١١٨ هەزار دینار بەرەو ١٤٥ هەزار دینار بەرز کردەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بە درێژایی ساڵێك زیاتر حکومەتی کاربەڕێکەر نەیتوانی زۆر لە پرۆژە و کارەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەش دراوێکی یەدەگی گەورەی بۆ عێراق دروست کرد. کەواتە بە هەموو پێوەرەکان عێراق لە دۆخێکی دارایی باشدایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکەی باش بێت، بەتایبەتی دۆخی ئەو گەندەڵییە دارایی و ئابوورییەی کە سیاسییەکان دەستیان تێیدایە و زۆر مەترسیدارە و بەردەوام تاوانی شووشتنەوەی پارە ئەنجام دەدەن.

*** لەم بارودۆخەدا بانکی ناوەندیی عێراق وەکو کاراکتەرێکی گرنگ چەندین جار ئەو دەنگۆیانەی ڕەت کردەوە کە باس لە دەستکاریکردنی بەهای دیناری عێراقی دەکات، بە لانی کەم لە ماوەیەکی نزیکدا ناکرێت و نابێت دەستکاریی بەهای دینار بکات، لە ڕێی ئەو پەنجەرەیەی فرۆشتنی دۆلارەوە، کەواتە هۆکاری ئەوە چییە کە بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دراوە بیانییەکان، بەتایبەتی دۆلار خۆی ڕاناگرێت و بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیری هەڵبەز و دابەزدایە؟**

- هەموومان دەزانین بانکی ناوەندی لە ڕێگەی کڕینەوەی دۆلار و فرۆشتنی بە نرخێکی دیاریکراو لەو پەنچەرەیەی کە پێی دەوترێت پەنچەرەی فرۆشتنی دۆلار، کۆمەڵێك بانك و بازرگان بڕی دۆلاری زۆریان دەست دەکەوێت، بەڵام کاتێك

**لێدوانەکانی بانکی ناوەندیی عێراق بە دەنگ داواکاریی سیاسەتمەدار و پەرلەمانتارانەوە نایەت، تاوەکو بەهای دیناری بەرز بکاتەوە، ئەوەش بە واتای ئەوەیە بەهای دۆلار بەرامبەر دینار بگەڕێنێتەوە نزیک بەهای جارانی**

**لە دوای شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا تەنیا دۆلاری ئەمریکییە کە توانیویەتی بەهاکەی خۆی بپارێزێت، ئەو وڵاتە زۆر بە وردی چاودێریی دراوەکەی و بەهاکەی و مامەڵە گەورەکان دەکات**

ئەم بانكە كە مامەڵە لەگەڵ بانكی فیدراڵیی ئەمریكاش دەكات و بانكە ئەمریكییەكە بە تۆمەتی تاوانی شووشتنەوەی پارە كۆمەڵێك بانك دەخاتە لیستی ڕەشەوە، ئەو بانكانەش ژمارەیەكیان لە ناوخۆی عێراقدا مامەڵە بە كڕین و فرۆشتنی دۆلار دەكەن، بەمەش بانكی ناوەندیی عێراقیش ناچار دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو بانكانە نەكات، بەمەش خستنەڕووی دراوی دۆلار لە بازاڕەكاندا كەم دەبێتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر حیسابی خستنەڕوو و دواتر بەرزبوونەوەی بەهاكەی، لێدوانەكانی بانكی ناوەندیی عێراق بە دەنگ داواكاریی سیاسەتمەدار و پەرلەمانتارانەوە نایەت، تاوەكو بەهای دیناری بەرز بكاتەوە، ئەوەش بە واتای ئەوەیە بەهای دۆلار بەرامبەر دینار بگەڕێنێتەوە نزیك بەهای جارانی، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە فرۆشتن و تەحویلكردنی داهاتی نەوت و سیاسەتەكانی بانكی ناوەندیی ئەمریكا تا ئاستێكی بەرز دەستێوەردانی هەیە، خستنەڕووی دۆلاریش لە نێوان ٤٠-٥٠٪ كەمی كردووە، ئەمانە هەمووی وایان كرد بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریكی كەم ببێتەوە و، لە بازاڕەكاندا بەهای ١٠٠ دۆلاری ئەمریكی بۆ ١٥٢- ١٥٢،٥٠٠ هەزار دینار بەرز ببێتەوە.

*** دەڵێن ئاودیوكردنی دۆلاری ئەمریكی لە بازاڕەكانی عێراق و كوردستان بۆ ئێران و سووریا هەیە، ئەگەر ئەم حاڵەتە هەبێت، تاچەند كاریگەریی لەسەر ناسەقامگیریی بەهای دۆلاری ئەمریكی دەبێت؟**

- لە دوای شەڕی ئۆكرانیا و ڕووسیا تەنیا دۆلاری ئەمریكییە كە توانیویەتی بەهاكەی خۆی بپارێزێت، ئەو وڵاتە زۆر بە وردی چاودێریی دراوەكەی و بەهاكەی و مامەڵە گەورەكان دەكات، بەڵێ ڕاستە وڵاتی ئێران و سووریا كە بە دۆخێكی خراپدا تێپەڕ دەبن، تا ڕاددەیەكی زۆر پشت بە بازاڕەكانی كوردستان و عێراق دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی دۆلاری ئەمریكی، لەلایەكی دیكەوە فرۆشتنییەكانی نەوتی عێراق بە دراوی دۆلارە و لە كاتی گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕكردنیدا سیاسەتێكی دارایی و نەختینەیی وا پەیڕەو دەكرێت كە بەهای دۆلار ئەوەندە دانەبەزێت كە وڵاتانی دراوسێ بۆ ئاودیوكردنی سوودی لێ وەربگرن. كڕینی دۆلار لە پەنچەرەی دراو لەلایەن كۆمەڵێك كۆمپانیای گەندەڵكار، یان تێوەگلاو لە ئاودیوكردنی دۆلاری ئەمریكی بۆ بازاڕەكانی ئێران و سووریا زیانی گەورەی بە ئابووریی عێراق و ناسەقامگیریی دینار گەیاندووە.

*** وەك باست كرد خستنەڕووی دۆلاری ئەمریكی لە بازاڕە ناوخۆییەكاندا كەمی كردووە، بەڵام هۆكاری بەرزبوونەوەی خواست لەسەر دۆلار چییە، كە بە ئاشكرا لە بازاڕەكانی نێوخۆدا هەستی پێ دەكرێت؟**

- دۆلاری ئەمریكی لە جیهاندا بەهایەكی بەرزی هەیە و دۆخێكی سەقامگیری هەیە، ئەوە دراوی دیناری عێراقییە ڕووبەڕووی دۆخێكی بەهای ناسەقامگیر دەبێتەوە، گەندەڵیی سیاسی و مەترسیی زۆر لە سیاسەتمەدار و گەورە كۆمپانیاكان لە لێپرسینەوە، وای كردووە پارەكانیان بكەن بە دۆلار بۆ ئەوەی بینێرنە دەرەوە، بەتایبەتی دوای هێنانەوەی پارەیەكی زۆری گەندەڵی و لێدوانە بەردەوامەكانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەوەی كۆمەڵێك كۆمپانیا و گەورە سەرمایەدار دەستگیر دەكات و پارەكانیان بلۆك دەكات، هەموو ئەم لێپرسینەوە و ترسانە وای كردووە هەوڵی ناردنە دەرەوەی پارە بۆ دەرەوەی وڵات بدەن، كاتێك ناتوانن هەوڵی ئەوە دەدەن پارەكانیان بخەنە بواری وەبەرهێنان و دروستكردنی كۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی گەورە، كە پێویستی بە كەرەستەی بیناسازی و جوانكاری هەیە و تەنیا بە دۆلار لە دەرەوەی وڵات بەدەست دێت.

*** زۆر باسی بانكی ناوەندیی عێراق و سیاسەتەكانی و مەركەزییەتی ئەو بانكە و ناشەفافییەتی دەكرێت، هەڵسەنگاندنت بۆ بانكی ناوەندی چییە؟**

- لە هەموو ئەم ناسەقامگیری و دۆخەدا بانكی ناوەندی كاراكتەرێكی سەرەكییە، بۆ نموونە: كۆمەڵێك ئیجرائاتی بانكی ناوەندی هەیە بۆ كۆنترۆڵكردنی دۆخەكە گرتوویەتیە بەر، بۆ نموونە مامەڵەكانی بانكەكە لەگەڵ بانكەكانی ناوخۆ و دەرەوە دەبێتە ئەلكترۆنی، لەم بارودۆخەشدا دەستی مرۆڤ كەم دەبێتەوە و دەبێتە ژمارە و هەمووی مامەڵە و هاتوچۆی دراو شەفافتر دەبێت، هەموو گەندەڵكار و ئەو كەس و كۆمپانیا و حزبانەی دەستیان لە ئاودیوكردن و شووشتنەوەی پارەدا هەیە، ترسیان لا دروست دەبێت بەوەی بانكی ناوەندی

**وڵاتی ئێران و سووریا كە بە دۆخێكی خراپدا تێپەڕ دەبن، تا ڕاددەیەكی زۆر پشت بە بازاڕەكانی كوردستان و عێراق دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی دۆلاری ئەمریكی**

**گەندەڵیی سیاسی و مەترسیی زۆر لە سیاسەتمەدار و گەورە كۆمپانیاكان لە لێپرسینەوە، وای كردووە پارەكانیان بكەن بە دۆلار بۆ ئەوەی بینێرنە دەرەوە**

**هەموو گەندەڵكار و ئەو كەس و كۆمپانیا و حزبانەی دەستیان لە ئاودیوكردن و شووشتنەوەی پارەدا هەیە، ترسیان لا دروست دەبێت بەوەی بانكی ناوەندی دۆخەكە كۆنترۆڵ دەكات**

دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکات. ئەمە هەمووی وا دەکات ئەو دۆلارەی بە گەندەڵی دەستیان دەکەوت، کەمتر ببێتەوە، بەمەش ناچار دەبن پارەکانیان دەربهێنن و بیگۆڕنەوە بە دۆلار و لە وەبەرهێناندا بە گەڕی بخەن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکەش بانکی ناوەندیی عێراق بڕە دۆلارێکی زیاتری خستووەتە بازاڕەوە و چاوەڕوان دەکرێت وردە وردە بەهای دینار بەرامبەر دۆلار بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە. زۆر جاریش باس لە سەربەخۆیی ئەم بانکە دەکرێت، ئەمە تەنیا ڕووکەشە و ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بانکی ناوەندی لە ڕێگەی حزبە باڵادەستەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، هەر ئەمەشە وای کردووە بانکەکە و عێراق سیاسەتی نەختینەییان نەبێت، سەبارەت بە بوونی نوێنەری کورد لەو بانکە، ئەویش ڕووکەشە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە و تا ئێستا کاروبارەکانی ئەم بانکە جێگای گومان و پرسیارە.

*** باسی نەبوونی سیاسەتی نەختینەیت کرد، ئایا نەبوونی ئەم سیاسەتە لەلایەن حکومەتی عێراق و بانکی ناوەندییەوە تاچەند کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق کردووە؟**

- سیاسەتی نەختینەیی کۆمەڵێك ئیجرائاتی حکوومییە بۆ جێگیرکردن و بەهێزبوونی بەهای دراوی نیشتمانی، هەر دراوێك بەهاکەی جێگیر نەبێت، ڕێز و تەقدیری لە ناو بازاڕە جیهانییەکان و بەرامبەر دراوە بیانییەکان نابێت، هەر کابینەیەکی وەزاری کە دێت، بە لانی کەمەوە دەبێت چوار ساڵ لە تەمەنی کارکردنی نەختینەیی و دارایی جێگیر بێت، بە پێچەوانەشەوە لەلایەن خەڵك و حکومەتەکانی دراوسێ و جیهان ڕێزی لێ ناگیرێت و متمانە لەدەست دەدات و بەهای دراوەکەی دەشکێت. جوانترین نموونە بۆ نەبوونی سیاسەتی نەختینەیی ئەوەیە تەنیا لێدوانی پەرلەمانتارێك، یان سەرکردەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆ دۆخی دراوەکە و بەهاکەی تێك دەدات، ئەگەر سیاسەتی نەختینەیی هەبووایە، ئەم هەموو لێدوان و قسەزل و نەزانانە بەرامبەر دۆخی دارایی و ئابووری و دراو نەدەدرا، لە عێراقدا زەمینەیەکی ناجێگیر هەیە و هەر سیاسەتمەدارێك قسە بکات، دۆخەکە دەشڵەقێت، بۆیە دەبێت بانکی ناوەندی سەربەخۆ بێت، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و کەس بەمە بڕوا ناکات، بۆیە بە لێدوانێك بازاڕ ناجێگیر دەبێت و لەم هەڵبەز و دابەزەی دۆلار هەمووان زیانیان بەردەکەوێت.

*** هۆکاری چییە کە لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەهای دۆلاری ئەمریکی بەراورد بە بازاڕەکانی عێراق بەرزترە؟**

- لە مامەڵە بچووکەکاندا ئەم جیاوازییە کەمە و زۆر هەستی پێ ناکرێت، بەڵام لە مامەڵەی گەورەدا هەستی پێ دەکرێت، ڕەنگە بوونی وەبەرهێنانی زیاتر و ئارامی و دیموکراسی و بوونی فەزای ئازاد بۆ ئیشپێکردن، وا بکات بەهای دۆلار بەرزتر بێت، چونکە تا جووڵەی بازاڕ خێراتر و گەورەتر بێت، لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو بەهای ئەو دراوەی مامەڵەی پێوە دەکرێت، لە مامەڵە گەورەکاندا بەرزتر دەبێتەوە. لە بەغدا حزبی سیاسیی زۆر هەیە و نائارامی و ناسەقامگیریی زۆرتریان دروست کردووە، تا بارودۆخی هەرێم سەقامگیرتر و ئارامتر و پارێزراوتر بێت، کار و وەبەرهێنان و بارودۆخی کاسبکاری و پیشە باشتر دەبێت و جووڵەی بازاڕ کە زۆربەی مامەڵە گەورەکان بە دۆلارە بەهای دۆلار بەرزتر دەبێت.

*** دوا پرسیارمان لەوەدایە حکومەتەکەی کازمی زۆر زیرەکانە بۆ بەدەستهێنانی داهات و پێدانی مووچەکان بەهای دیناری بەرامبەر دۆلار شکاند، بەڵام لە بەرامبەردا دۆخی بازاڕ گرانیی لێکەوتەوە، چاودێرانی سیاسی دەڵێن حکومەت ناچارە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و هەڵاوسانی نرخ و ڕازیکردنی شەقام دەستکاریی بەهای دۆلار بکات، وەکو شارەزایەکی دارایی و نەختینەیی چۆ دەڕوانیتە ئەم بۆچوونە؟**

- بۆ بەڕێکردنی کاروباری حکومەت و دابینکردنی مووچە و باشکردنی دۆخی دارایی، حکومەتەکەی کازمی بەهای دۆلاری بەرز کردەوە، بەمەش دراوێکی زۆری دەستکەوت و توانی دۆخەکە ڕاگرێت، چونکە زۆرینەی داهاتی عێراق پترۆدۆلارە و لە گۆڕینەوەیدا پارەیەکی زۆری دەست کەوت و، یەدەگی بانکی ناوەندی بەرز بووەوە، بەڵام کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژیانی خەڵك هەبوو، بەتایبەتی کە عێراق لە ٨٠٪ی شمەك و کەلوپەلەکانیان هاوردەیە بە نرخی دۆلار، بەڵام زۆر زەحمەتە بەم نزیکانە و بەو ڕاددەیە بەهای دۆلاری ئەمریکی بشکێت و جارێکی دیکە دۆخێکی ناسەقامگیری هەڵبەزودابەزی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار ڕوو بدات.

**جوانترین نموونە بۆ نەبوونی سیاسەتی نەختینەیی ئەوەیە تەنیا لێدوانی پەرلەمانتارێک، یان سەرکردەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆ دۆخی دراوەکە و بەهاکەی تێک دەدات**

**تا جووڵەی بازاڕ خێراتر و گەورەتر بێت، لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو بەهای ئەو دراوەی مامەڵەی پێوە دەکرێت، لە مامەڵە گەورەکاندا بەرزتر دەبێتەوە**

**زۆر زەحمەتە بەم نزیکانە و بەو ڕاددەیە بەهای دۆلاری ئەمریکی بشکێت و جارێکی دیکە دۆخێکی ناسەقامگیری هەڵبەزودابەزی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار ڕوو بدات**

مایکڵ بارنێت پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباره نێودەوڵەتییەکانە لە سکووڵی ئیلیۆت لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حوکمڕانیی جیهانی و چەند پرسێکی پەیوەندیدار دەدات. پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی مینێسۆتا، ویسکۆنسن و تەل ئەبیب. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و ناکارایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست ئەم شەڕە و ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکی و چەند پرسێکی دیکە.

## پرۆفیسۆر مایکڵ بارنێت بۆ گوڵان:

# نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایەت کاتێک هێزە مەزنەکان شەڕی یەکتر دەکەن

# دیمانەی تایبەت



*** سەرەڕای ئەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا كاولكارییەكی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە و كاریگەری و دەرهاویشتەی لەسەر ئاستی جیهان هەبووە، ئەوا پێ ناچێت ئەم شەڕە بەم نزیكانە یەكلا ببێتەوە و هیچ ئەگەرێكی ڕاستەقینەش بەدی ناكرێت بۆ گرتنبەری ڕێگای گفتوگۆ و دانوستاندن، بە بۆچوونی ئێوە بۆچی ئەم شەڕە هێندە درێژەی كێشا و بۆچی ڕووسیا كە خەسارەتێكی زۆری سەربازی و ئابووریشی كردووە، پێداگرە لەسەر درێژەپێدانی؟**

- بە دڵنیاییەوە پرسی درێژەكێشانی شەڕەكە بە چەشنێك بووە كە كەسانێكی كەم پێشبینی و چاوەڕوانییان دەكرد بەو جۆرە بەردەوام بێت. ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە ئۆكرانیا كارێكی كردووە كە هەوڵەكانی ڕووسیا بە بنبەست بگەن و لە هەندێ ناوچە و شوێنیش ناچاری كردووە پاشەكشە بكەن. هەروەها لە ڕوانگەی ئەم سەركەوتنانەی گۆڕەپانە سەربازییەكەوە بووە كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی پتر ئامادەن كەلوپەل و چەكی پێشكەوتوو و ستراتیژی بۆ ئۆكرانیا دەستەبەر بكەن. هیچ كەسێكیش چاوەڕوان و پێشبینیی ئەوە ناكات كە سەرۆكی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین ئەمە قبووڵ بكات، لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە چارەنووسی شەخسی خۆی بە دەرئەنجامەكەوە گرێ دراوە. دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین كە سیاسەت و تاكتیكی خاكی سوتماك و ویست و ئیرادەی پێشێلكردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی وەك بەشێكی سەرەكی ئەم ستراتیژییە سەربازییە سەركەوتوو نەبوو. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێین كە سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەم تاكتیكانەی

**ئۆكرانیا كارێكی كردووە كە هەوڵەكانی ڕووسیا بە بنبەست بگەن و لە هەندێ ناوچە و شوێنیش ناچاری كردووە پاشەكشە بكەن**

**ناکرێت چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت، بە چەشنێک کە بتوانێت ئیدارەی ئەم بارودۆخەی ئێستا بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەم شەڕە هەڵگیرساوەدا بکات**

**ناتوانرێت و ناکرێت چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت، بە چەشنێک کە بتوانێت ئیدارەی ئەم بارودۆخەی ئێستا بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەم شەڕە هەڵگیرساوەدا بکات**

**ئەگەر ڕووسیا پەنا بۆ بژاردەی چەکی ناوکی ببات، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا کاردانەوە و پەرچەکردارێکی بەهێز و گەورەی هەبێت لە دژی ڕووسیا، بە چەشنێک ناتۆ بە هەموو قورسایی خۆیەوە دژ بە ڕووسیا دەوەستێتەوە**

بەکارهێنا، لەبەر ئەوە ئەوەی هەستی بە نائومێدی دەکرد و نەیتوانی سەرکەوتن لە شەڕەکەدا بەدەست بهێنێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو پرسیارەش دەکرێت کە چی ڕوودەدات کاتێك زستان سەختتر دەبێت و ڕووسیا ژمارەیەکی زیاتری سەربازە یەدەگەکانی بەکار دەهێنێت و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی هەوڵەکانی لە دژی ڕووسیا چڕ دەکەنەوە. من پێم وایە بارودۆخەکە بە بنبەست دەگات. لە ئێستادا گوشارەکانی سەر دەوڵەتی ئۆکرانیا گوشارێکی زۆرن بۆ ئەوەی ڕازی بێت بە گرتنەبەری ئاشتی، بەڵام ئەمە ئەوە لە خۆدەگرێت کە دەبێت ئۆکرانیا جۆرێك لە سەرکەوتن و بردنەوە بە ڕووسیا بدات، کە پێ ناچێت ئامادەی کارێکی لەم چەشنە بێت.

*** هەروەك ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەك تەنیا هاوکاریی سەربازی و داراییی ئۆکرانیایان کردووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا چەندین سزا و ڕێکاری دارایی و ئابوورییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن لە کاتێکدا کە وا دەردەکەوێت داهاتی ڕووسیا زیادی کردبێت لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە بە شێوەیەکی گشتی سزاکان تەنیا ئەو کاتە کاریگەرییان دەبێت و دەرئەنجام بەدەست دەهێنن کە سەرجەم دەوڵەتان هاوکار و هەماهەنگی بکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەمە لە حاڵەتی ئێستادا و لە پەیوەندی بە ڕووسیاوە ڕوونادات. هەروەها دەتوانین لەو ڕوانگەیەوە لە کاراییی سزاکان بڕوانین کە کاریگەرییان هەبێت لەسەر دانیشتووانی وڵاتەکە، بە چەشنێك ببێتە هۆی ئەوەی دەست بە دەربڕینی نارەزایی بکەن، کە ئەگەری ئەوەش لە ئارادا نییە کە ئەمە ڕوو بدات. کەواتە ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە پێویستە لە ڕوانگەی سیاسی و وەك کاریگەرییەکی ڕەمزی حوکم لەسەر کاراییی ئەم سزایانە بدەین.

*** ئەوەی لە میانەی ئەم شەڕەدا بەدی دەکرێت، ناکاراییی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە خۆی لە خۆیدا ئەم ڕێکخراوە دەبوو ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت - وەك ئەرکێکی خۆی- بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، بەڵام ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و بۆچی پێتان وایە ئەم ڕێکخراوە هێندە ناکارایە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شەڕەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەدای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕووەوە چاوەڕوانکراو و پێشبینیکراو بوو، چونکە ئەوەی ئاشکرایە کە هیچ کاتێك ئەم ڕێکخراوە نەیتوانیوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ و کاریگەری هەبێت کاتێك هێزە گەورەکان تووشی شەڕبوونە لەگەڵ یەکتریدا.

*** بەڵام ئایا ئەم ناکاراییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووەتە هۆی ئەوەی جیهان لە بارودۆخێکدا بێت کە کەمتر ئاسایش و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت؟ ئایا بە تێڕوانینی ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە کە لەم ڕێکککخراوەدا چاکسازی ئەنجام بدرێت؟**

- بە تێڕوانینی من ناتوانرێت و ناکرێت چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت، بە چەشنێك کە بتوانێت ئیدارەی ئەم بارودۆخەی ئێستا بکات و مامەڵە لەگەڵ ئەم شەڕە هەڵگیرساوەدا بکات. دواتر دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕاستە ئەم ڕێکخراوە پێویستی بە چاکسازی هەیە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی بێ توانا بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شەڕەی ئێستادا.

*** بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندن و پێشهاتی شەڕەکە و بەلەبەرچاوگرتنی خەسارەت و دۆڕانە سەربازییەکانی ڕووسیا و ئاماژەی چەند جارەی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکی، ئایا پێت وایە ئەگەر شەڕەکە بەم شێوەیە درێژە بکێشێت و ئەگەر ڕووسیا تووشی پاشەکشە و شکستی زیاتری سەربازی بێت، ئایا پەنا بۆ گرتنەبەری ئەم بژاردەیە دەبات و ئەم چەکە بەکار دەهێنێت؟**

- من گومانێکی زۆرم هەیە لەوەی بارودۆخی شەڕەکە بەم ئاقار و ئاراستەیەدا بڕوات. چونکە ئەگەر ڕووسیا پەنا بۆ بژاردەی چەکی ناوکی ببات، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا کاردانەوە و پەرچەکردارێکی بەهێز و گەورەی هەبێت لە دژی ڕووسیا، بە چەشنێك ناتۆ بە هەموو



قورسایی خۆیەوە دژ بە ڕووسیا دەوەستێتەوە. ڕەنگە ناتۆ وەك کاردانەوەیەك چەکی ناوکی بەکار نەهێنێت، بەڵام شێواز و ڕێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی کارێك بکات کە خەسارەتێکی گەورە بەسەر ڕووسیادا بهێنێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی گوشار لەسەر هاتنەئارای کودەتایەکی ناوخۆیی لە نێو ڕووسیادا.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی لەقکردنی پایەکانەکانی ئەوەی پێی دەوترێت سیستمی نێودەوڵەتی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان، یان دەووترێت ئەم شەڕە دەرئەنجامی لاوازبوونی بناغە و پایەکانی ئەم سیستمەیە، تێڕوانینت چییە لەم ڕووەوە و ئایا پێت وایە دەبێت جارێکی دیکە و لەسەر بنەما و بەهای جیاواز ئەم سیستمە دابڕێژرێتەوە؟**

- من پرسیاری ئەوە دەکەم کە چۆن دەکرێت ئەمە ڕوو بدات؟ چونکە ئێمە دەزانین کە سیستمە جیهانییەکان لە ئەنجام و زادەی دانیشتن و دانوستاندن و گفتوگۆوە نەهاتوونەتە ئاراوە و دروست نەبوون، بەڵکو هەمیشە پرۆسەیەکی بەردەوامی گەڵاڵەبوون بوون. ڕاستە ئەوەی لە ئێستادا نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە جیهان لە ئاڵوگۆڕدایە و بە گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت، بەڵام پرەنسیپەکان لە ئەنجامی گفتوگۆوە دروست نەبوون، بە چەشنێك سەرۆك دەوڵەتەکان دابنیشن و کار لەسەر داڕشتن و گەڵاڵەکردنی ئەم پرەنسیپانە بکەن. واتە ئەم بنەمایانە لە ئەنجامی ململانێ و ڕکابەرییەکانەوە دروست بوون.

**پرەنسیپەکان لە ئەنجامی گفتوگۆوە دروست نەبوون، بە چەشنێک سەرۆک دەوڵەتەکان دابنیشن و کار لەسەر داڕشتن و گەڵاڵەکردنی ئەم پرەنسیپانە بکەن. بەڵکو لە ئەنجامی ململانێ و ڕکابەرییەکانەوە دروست بوون**

جۆزێف ئۆڵمەرت پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتی ئەمنی بووە لە زانکۆکانی (تەل ئەبیب، بار ئیلان لە ئیسرائیل) هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی کۆرنێل لە ئەمریکا و زانکۆی یۆرك لە کەنەدا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە (مێژووی هاوچەرخی لوبنان و سووریا، کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، سیاسەتی ئیسرائیل) دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پەیوەندیدار بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی دیکە.

## پرۆفیسۆر جۆزێف ئۆڵمەرت بۆ گوڵان:

# ناتۆ فرمێسکی تیمساحی بۆ ناهەمواریی گەلی ئۆکرانیا دەڕێژێت

# دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت و بۆچی ڕووسیا بیر لەوە ناکاتەوە کە دەروازە و دەرچەیەك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بگرێتەبەر، بەتایبەتی کە ئاشکرایە ڕووسیا نەیتوانی لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوە و خێرا بەدەست بهێنێت و، بگرە چەندین خەسارەتی گەورەی کردووە و تووشی چەندین شکست بووەتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕووسیا هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەی کرد، کاتێك بڕیاری دا کە دەست بە هەڵگیرسان و بەرپابوونی ئەم شەڕە بکات لە دژی وڵاتی ئۆکرانیا، تەنانەت پێش شەڕەکەش خودی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین ڕۆڵی دروستکەری کێشە و گرفت و پشێویی دەبینی لە ئاست جیهاندا، کە لەسەر ئاستی جیهانی باوەڕ بەوە دەکرا، یان لێدوان و قسەکانی پوتین بە جددی وەردەگیران، ئەویش لەبەر ئەوەی کە سەرۆك پوتین وەك کەسێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە و توانا خۆی دەخستەڕوو و بۆ چەندینساڵیش بوو کە مەکینەی پڕوپاگەندەی وڵاتەکەی ئەم وێنە و تێڕوانینەی برەو پێ دەدا و بڵاوی دەکردەوە. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە هیچ پێویست نەبوو ڕووسیا شەڕ لە دژی ئۆکرانیا بەرپا بکات، لەبەر ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی گرنگ لە ئارادا نەبوو، تاوەکو لە ڕێی ئەم شەڕەوە بەدییان بهێنێت، بەڵام ئیدی ئەوە بوو ڕووسیا شەڕەکەی هەڵگیرساند دواتر ڕوون بووەوە کە ڕاستە ڕووسیا شێرە بەفرینە نەبوو، بەڵام دەرکەوت کە هێزێکی باڵا و مەزنی مەترسیدار وسوپەر پاوەریش نییە، بە هۆی ئەم شەڕەوە دەرد و کێشەکانی وەك گەندەڵی، نەبوونی ئیرادە و کەلتووری هەڵخەڵەتاندن بە زەقی دەرکەوتن، کە هەموو ئەم لاوازییانەش هۆکار بوون و بوونە

**پێویست نەبوو ڕووسیا شەڕ لە دژی ئۆکرانیا بەرپا بکات، لەبەر ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی گرنگ لە ئارادا نەبوو، تاوەکو لە ڕێی ئەم شەڕەوە بەدییان بهێنێت**

**ئەگەر پشتبەستنی ڕووسیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە بەرچاو بگرین، ئەوا ئەمە شکستێکی کارەساتباری تەواوی سیستمی سەربازی و سیاسیی ڕووسیایە**

**هەستێکی بەهێز لە نێو دانیشتووان و خەڵکی ڕووسیادا دروست بووە بەوەی کە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات، واتە نارەزایبوونێک هەیە لە ئاست گۆشەگیریی وڵاتەکەیاندا و ڕووی لە زیادبوونە**

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست نزیکەی سەرجەم ناکۆکی و شەڕەکاندا ناکارا و ناکاریگەر بووە**

**ڕۆژئاوا خوازیاری ئەوەیە کە شەڕەکە ببێتە هۆی خوێنەربوونی ڕووسیا تا ڕادەی لەناوچوون و کۆتاییهاتن**

خەسڵەتی دارووخانی ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیستیی سەروەخت و ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤیەت، کەواتە بە چەشنی ڕابردوو بە چاوێکی مەترسییەوە لە ڕووسیا نارِوانرێت، خۆ ئەگەر پشتبەستنی ڕووسیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە بەرچاو بگرین، ئەوا ئەمە شکستێکی کارەساتباری تەواوی سیستمی سەربازی و سیاسیی ڕووسیایە.

من ناڵێم با بە یەکجاری ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوکی نادیدە بگرین، بەڵام با لە هەمان کاتدا واقیعبینانە بین، پوتین چەکی ناوکی بەکار ناهێنێت، واتە سەرەڕای ئەوەی چەندین جار هەڕەشەی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی ئەم چەکە دووپات دەکاتەوە، بەڵام پێم وایە ئەمە ئاماژەیە بۆ نائومێدی و لاوازی، نەك بەهێزی. کەواتە لێرەدا دەتوانم ئەوە دووپات بکەمەوە کە من سەرسام نیم بە هەڕەشەکانی بەکارهێنانی چەکی ناوکی کە پوتین پەنای بۆ نابات، ئەو ئەوەی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە کە جیاوازی دەکات لە نێوان هێرشکردنەسەر ڕووسیا و شەڕی هەڵگیرساوی نێو ئۆکرانیا. خۆ ئەگەر ناتۆ هێزی پیادە نەنێرێت بۆ نێو شەڕەکە، ئەوا ئەگەرێکی کەم و لاواز هەیە بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی، ڕووسیا دیکتاتۆرێکە کە ناتوانێت ددان بە شکستی خۆیدا بهێنێت، لەبەر ئەوە پێداگری دەکات لەسەر پلانی شەڕەکە، چونکە ئەو نیگەرانی ئەو کاردانەوەیەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەگەر بێت و ددان بە شکستی خۆیدا بنێت، ڕاستە ئەو دیکتاتۆرە، بەڵام چەندین هێزی دیکە لە نێو ڕووسیادا هەیە کە دەتوانن لە دژی بوەستنەوە، بەتایبەتی ناسیۆنالیستە ڕووسەکان و فەرماندە سەربازییە ناڕازییەکان.

*** دەگوترێت سزا سەپێندراوەکان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوونەتە هۆی ئەوەی دەرئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە، بە چەشنێك نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بکەن سازش لەسەر سیاسەتەکانی بکات و بە بڕیارەکانیدا بچێتەوە لە پەیوەندی بە کۆتاییهێنان بە شەڕەکەوە، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنانەت لە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکەشدا ڕووسیا یەدەگێکی نەختینەیی زۆری هەڵگرتبوو، لە هەمان کاتدا هێشتا داهاتێکی زۆر بەدەست دەهێنێت بە هۆی فرۆشتنی نەوت و دانەوێڵەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم سزایانە کاریگەریی خراپیان هەبووە لەسەر ڕووسیا، لەبەر ئەوەی بوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا پتر پشت بە هاوردەکردن ببەستێت، تەنانەت بۆ چەك و تفاقە سەربازییەکانیشی، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە هەستێکی بەهێز لە نێو دانیشتووان و خەڵکی ڕووسیادا دروست بووە بەوەی کە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات، واتە نارەزایبوونێك هەیە لە ئاست گۆشەگیریی وڵاتەکەیاندا و ڕووی لە زیادبوونە، لەگەڵ کەمبوونەوە و دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەران، دەکرێت لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەمە نارەزاییەکی بەربڵاو و بەرفراوانی لێ بکەوێتەوە لەسەر شەقامەکاندا، لە شەڕەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی یەدەگ کوژراون، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی دروست کردووە لەسەر دانیشتووانی شارنشین بە دیاریکراوی.

*** چۆن لە ڕۆڵ و ئەدای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڕوانیت لە ئاست ئەم شەڕەدا، کە ئاشکرایە ڕۆڵێکی ئەوتۆ و بەرچاوی نەبووە بۆ ئیدارەدان و چارەسەرکردن و ڕاگرتنی ئەم شەڕە، مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن لەم لاوازی و ئەدا خراپەی ئەم ڕێکخراوە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست نزیکەی سەرجەم ناکۆکی و شەڕەکاندا ناکارا و ناکاریگەر بووە، کەواتە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت شتێکی نوێ نییە، بەڵام لە پەیوەندی بەم شەڕەوە، ئەوا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی گرنگە ڕێکخراوی ناتۆیە، بەڵام با واقیعبینانە و ڕاستگۆ بین لە بارەی ناتۆوە، کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت، سەرباری ڕشتنی فرمێسکی تیمساحی لە بارەی نەهامەتی و ناهەمواریی بارودۆخی گەلی ئۆکرانیاوە، بەڵام ناتۆ هیچ بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی لە کۆتاییهێنان بەم شەڕەدا نییە،



ڕۆژئاوا خوازیاری ئەوەیە کە شەڕەکە ببێتە هۆی خوێنەربوونی ڕووسیا تا ڕاددەی لەناوچوون و کۆتاییهاتن، ڕەتکردنەوەی گفتوگۆکردنیش لەلایەن سەرۆکی ئۆکرانیا (ڤلادمیر زیلینیسکی) یەوە هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ بەردەوامیدان بە شەڕەکە. بەڵام ساتەوەختێك دێتەپێشەوە کە سەرۆك جۆ بایدن زیلینیسکی ناچار بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆ ئەنجام بدات، ئەویش کاتێك خەرجییەکانی شەڕەکە کە لەلایەن باجدەرە ئەمریکییەکانەوە دەدرێت زۆر گەورە بن، ڕەنگە ئەوکات ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە ژێر دەسەڵاتی کۆمارییەکاندا سەرۆك بایدن کۆت و بەند بکات.

*** بەڵام ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم لاوازییە بێت و نەتوانێت لە ئاست شەڕ و ناکۆکییەکاندا ڕۆڵی چاوەڕوانکراو و کارا بگێڕێت، ئایا ئەمە جیهان دەخاتە چ بارودۆخێکەوە؟، ئایا نابێتە هۆی ئەوەی جیهان نائارامتر بێت و پتر کێشە و ناکۆکی باڵی بەسەردا بکێشێت؟**

- لە ڕاستیدا جیهان لە بارێکی نائارامتردایە، ئەویش کاتێك دەبینین کە سیاسەتی ڕازیکردن پیادە و پەیڕەو دەکرێت، بۆ نموونە، لە ئاست ئێراندا، هەروەها لە ئاست چیندا لە پەیوەندی بە تایوانەوە، بە هەمان شێوە لە ئاست کۆریای باکووردا، چاکسازیکردن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خەونێکی لەدەستچووە، ئەمە ڕوونادات.

*** ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین چەندین جار باسیان لەوە کردووە کە سیستمی جیهانی لەباری ئێستادا تەنیا خزمەت بە وڵاتانێکی دیاریکراو دەکات و پێویستە پێداچوونەوە و گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، ئایا پێت وایە ئەم سیستمە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە و ئایا بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت ئەو دووبارە داڕشتنەوەیە چۆن بێت؟**

- لە ڕاستیدا گۆڕانی سیستمی جیهانی تەنیا لە دەرئەنجامی ڕوودانی کارەساتێکی وەك شەڕەوە دێتەئاراوە، کەواتە ئەم شەڕەی ئێستای ئۆکرانیا لەوانەیە دەرفەتێك دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیەدا بیر بکرێتەوە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کێ لە پێشدا چۆك دادەدات، پوتین یان بایدن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدایە بایەخ بە شەڕەکە نەدات، بەتایبەتی بە هۆی بارگرانییە داراییەکەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، دەکرێت بایدن گوشار دروست بکات لەسەر زیلینیسکی بۆ ئەوەی دەست لە هەندێ خاکی وڵاتەکەی هەڵگرێت، ئەمەش جۆرێك لە سەرکەوتن بۆ ڕووسیا دەستەبەر دەکات، کە هیوادارم ئەمە ڕوو نەدات.

**چاکسازیکردن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خەونێکی لەدەستچووە، ئەمە ڕوونادات**

**گۆڕانی سیستمی جیهانی تەنیا لە دەرئەنجامی ڕوودانی کارەساتێکی وەك شەڕەوە دێتەئاراوە، کەواتە ئەم شەڕەی ئێستای ئۆکرانیا لەوانەیە دەرفەتێك دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیەدا بیر بکرێتەوە**



# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی داهاتووی تورکیا

## (چڕنووک - شمشێر)





**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەڕای قسەکانی تورکیا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی داهاتووی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکەی کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی پێشوو کۆنترۆڵ نەکرابوو، بەڵام پرسیاری هەرە سەرەکی ئەوەیە: ئایا بەڕاستی تورکیا دەیەوێ ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدات، یان تەنی مانۆڕێکە و دەیکات؟

تورکیا لە سەرەتای تەنگژەی سووریا لە ساڵی ٢٠١١ هەوڵی دا، ئاشتەواییەك لەنێوان ئەسەد و دژەکانی بێنێتە دی، بەڵام پاشان بە هەموو هێزێکیەوە دژی ئەسەد وەستا و هاریکاریی ئەو گرووپانەی کرد کە بە

**تورکیا لە سەرەتای تەنگژەی سووریا لە ساڵی ٢٠١١ هەوڵی دا، ئاشتەواییەک لەنێوان ئەسەد و دژەکانی بێنێتەدی، بەڵام پاشان بە هەموو هێزێکیەوە دژی ئەسەد وەستا و هاریکاریی ئەو گرووپانەی کرد کە بە تیرۆریست ناوزەد دەکرێن**

**بە باوەڕی ئەمریکا هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ناوچەکەی هەسەدە، هەڕەشەیە لەسەر شەڕی داعش کە ئەمەش بەدیدی خۆی ئەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە**

**زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە تورکیا ئەو وڵاتە نییە کە لە ناتۆدا پشتی پێ ببەسترێ و پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە لەو ڕێکخراوە دەربکرێ و ناکرێ بە هاوپەیمانیش لە قەڵەم بدرێ**

تیرۆریست ناوزەد دەکرێن.

یەکەکان سەرەتا خۆیان لە ململانێی ئەسەد و ئەو گرووپانە پاراست و سەرەڕای فشارەکان نەچوونە ژێر باری ئەو هێزانە و دوایی چەترێکی گەورەتریان دروست کرد، بە ناوی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە عەرەب و کریستانەکان، بەڵام باڵادەستییەکە هەر بۆ یەکەکان مایەوە.

هەسەدە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە کە لە ژێر کۆنترۆڵی بوون، توانی هەیکەلێك دروست بکات کە هاوشێوەی دەوڵەت بێت.

تورکیا لە فراوانبوونی دەسەڵاتی هەسەدە ترسا و بڕیاری دا ڕووبەڕووی هەڵکشانەکەی ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش گەیشتە چەند بیرۆکەیەکی جیاواز، وەك (ناوچەی ئارام) و (ناوچەی دژە فڕین) بەڵام نەیتوانی باوەڕ بە هاوبەشەکانی لە (ناتۆ) بێنێت کە خاوەن هەمان بیرۆکە بوون.

پاش ئەوە، تورکیا بە تەنیا سێ کردەی سەربازی ئەنجام دا، ئەویش بە پشتبەستن بە ماددەی (٥١) لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕگەی بەرگریکردن لەخۆ):

١- ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات لە ئابی ٢٠١٦.

٢- ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨.

٣- ئۆپەراسیۆنی کانیی ئاشتی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩.

ئێستا تورکیا پێی وایە شەڕی ئۆکرانیا مزیەتێکی گفتوگۆی پێ داوە لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا و ئەورووپادا.

واشنتۆن پشتگیری لە بەئەندامبوونی سوید و فنلەندا دەکات لە ناتۆدا، جا بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی، پێویست بوو گشت ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ڕازی بن (بە تورکیاشەوە).

مۆسکۆ چاوەڕوانی ڤیتۆی تورکیای دەکرد، بۆ لاوازکردنی (ناتۆ)، بەتایبەتی سەرۆك پوتین دەیویست لە ڕێی پەیوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ ئەردۆگان و لێکتێگەیشتنیان لە سووریا و هەروا پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیان لە ڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسییەوە کەلێنێك لە بەرەی باشووری (ناتۆ) دروست بکات.

بەڵام ئەوەی لە دوا لوتکەی (ناتۆ) لە مەدرید ڕووی دا، پێچەوانەی ویستی مۆسکۆ بوو. تورکیا ڕازی بوو سوید و فنلەندا ببن بە ئەندامی (ناتۆ) بەرامبەر هەندێ دەربڕین کە هیچ بەهایەکیان نییە، تەنیا ڕووسپیکردنی ئەردۆگان نەبێ.

بەر لە لوتکەکە ئەردۆگان گوتاری خۆی توند کرد و ئاماژەی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی نوێ دا، بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام و دوورخستنەوەی هەسەدە بە قووڵایی (٣٠) کیلۆمەتر، هەواڵگریی تورکیا لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی سووریا کۆبووەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە لە ژێر ناونیشانی (چرنووك - شمشێر)، ئیتر تۆپبارانی تورکیا لەسەر ئاستی سێ بەرە دەستی پێ کرد، هێڵەکانی لێکەوتنی نزیك کانیی ئاشتی (نێوان گرێسپی و سەریکانێ) و هێڵەکانی لێکەوتنی نزیك منبج لە دەشتایی حەلەب و، بەرەکانی شەڕ لە تەلڕەفعەت سوور بوون و ئارەزوو تەنیا پەیوەندییان بە هێزی هەنجەتەوە نییە کە ئەنقەرە پشتی پێ دەبەستێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی پێی دەڵێت «تیرۆریستی کوردی» وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو تەقینەوەیەی کە لە ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەم لە ناوچەی (تەقسیم) ڕووی دا و ئۆباڵەکەی خرایە سەر یەکەکەکان.

تورکیا دەیەوێ لە ڕێی ئەو ئۆپەراسیۆنە شەش ئامانجی ستراتیژی بێنێتە دی:

١- بارگرانیی پەنابەرە سوورییەکان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، ئەویش لە ڕێی نیشتەجێکردنیان لە باکووری سووریا، بەتایبەتی ئەگەر توانی دەست بە سەر چەند ناوچەیەکی گرنگدا بگرێت وەك منبج و تەلڕەفعەت و کۆبانێ.

٢- گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچانە.

٣- دانانی ناوچەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لە باکووری سووریا، ناوچەیەك کە دەتوانێ هەڵوێستی تورکیا لە هەر ڕێککردنێکی داهاتوو بەهێز بکات.

٤- کۆنترۆڵکردنی بوونی سەربازیی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە سوورییەکان کە خەریکە لە پێناو دەسەڵات ململانێی یەکتر دەکەن.

٥- خۆدزینەوە لە پابەندییەکانی دانانی

ڕاددەیەك بۆ ڕۆڵی (بەرەی ڕزگارکردنی شام) کە دەستی بەسەر ئیدلبدا گرتووە.

٦- ڕاستکردنەوەی پێگەی جەماوەری پاشەکشەکراوی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار بەر لە هەڵبژاردنی مانگی حوزەیرانی داهاتوو.

ڕاستە دۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە بەردەم حکومەتی ئەنقەرە گونجاوە تا دەست بەو ئۆپەراسیۆنە بکات، بە بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی جددی ڕوو بدات لەلایەن ئەو لایەنانەی کە هاوبەشن لە دیاریکردنی چارەنووسی سووریا، جا بە هۆی شەڕی ئۆکرانیا بێت (ڕووسیا و ئەمریکا)، یان لەبەر دۆخی ناوخۆ (ئێران).

تورکیا داوای ئەمریکای ڕەت کردووەتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئۆپەراسیۆنەکە، بەڵام بەبێ چرای سەوزی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا کە هەسەدە بە سەرە ڕمی فشارخستنە سەر ڕژێمی سووریا و ئێران و ڕووسیا دادەنێ، ئەم کارەی بۆ مەیسەر نابێ.

ئەمە بە واتای ئەوە نایەت واشنتۆن ڕێ بە تورکیا نادات تۆپبارانی پێگەکانی تیرۆریستی دەکات دژ بە خەڵکی سڤیل و مادامەکی دەتوانێ سوودی لێ وەرگرێ لە لاوازکردنی ڕەوتێکی سیاسی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو هەسەدە گەشە دەکات و دەیەوێ لە ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەد نزیك ببێتەوە و لە ڕۆڵی خیانەتکارانەی ئەمریکا دەدوێ.

بەهەر حاڵ لەوانەیە ئەمریکا ڕێ بە تورکیا بدات ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار ئەنجام بدات بەو مەرجەی کاریگەری نەبێ لەسەر هاوکێشە و سەنگەکانی ئێستا.

بە باوەڕی ئەمریکا هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر ناوچەکەی هەسەدە، هەڕەشەیە لەسەر شەڕی داعش کە ئەمەش بەدیدی خۆی ئەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە و فشارەکانی ناوخۆی ئەمریکاش زێدەتر دەکات، بەتایبەتی لە کۆنگرێس کە ئەو کات لەوانەیە داوای کاراکردنی سزا سەپێنراوەکانی سەر تورکیا بکات کە پاش ٢٠١٩ سەپێنراون.

زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە تورکیا ئەو وڵاتە نییە کە لە ناتۆدا پشتی پێ ببەسترێ و پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە لەو ڕێکخراوە دەربکرێ و ناکرێ بە هاوپەیمانیش لە قەڵەم بدرێ. بەڵام هەندێ لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بەرگری لە تورکیا دەکەن و پێیان وایە هەر چەند ئەردۆگان وێنەی تورکیای خستووەتە ژێر گومانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا دێتە سەر هەڵوێستی پێشووی، هەتا جێمس جیفری نێردراوی پێشووی ئەمریکا بۆ سووریا پێی وایە دەبێ ئیدارەی ئەمریکا ڕەچاوی داواکانی تورکیا بکات وەك ئەوەی لە ڕێککەوتنی سوچیدا هاتووە.

بێ شك ئەردۆگان نایەوێ فشاری دیکەی ئابووری بخرێتە سەر وڵاتەکەی، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە پێشە، بەڵام فشارەکانی زێدەتر دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککردنەوەیەکی نوێ دژ بە هەسەدە.

لەوانەیە ئێران کە دەگوترێ خەریکە دەسەڵاتی لە سووریا فراوانتر دەکات، هەمان مەترسی هەبێ، سەبارەت بە فراوانتربوونی ویستی هەسەدە، بەڵام دژی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیایە، تا ئەو ڕاددەیەی زیان نەگەیەنێتە سەر میلیشاکانی.

ئەمما ڕووسیا کە قەت ددانی بەوەدا نەناوە پەکەکەکان ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بێت و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەسەدە هەیە، لە ڕووی پرەنسیپەوە دژی ئۆپەراسیۆنە نوێیەکەی تورکیایە، بەڵام لەوانەیە لە هەمان کاتدا ئەوە ببینێ کە ئەمە هەلێکە بۆ دروستکردنی درزێك لە نێوان هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان تا چاو لە شوێنی دیکە بکەن، دوور لە ئۆکرانیا، یان وا لە ئەنقەرە بکات، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دیمەشق ئاسایی بکاتەوە و ڕازی بێ پاسەوانانی سنووری سووریا لەسەر سنوور بڵاوەیان پێ بکرێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم: شەش مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا، بۆیە هەر شتێك ڕوو بدات، دوور نابێ لەو هەڵبژاردنانە بە پرسی ئەمنی و پەنابەرانیشەوە.

با سیناریۆی هاوینی ڕابردوو لە بیر نەکەین کە چۆن تورکیا بە هۆی ئەمریکا و ڕووسیا توانی هەندێ خاڵ بەبێ بەکارهێنانی هێز بەدەست بێنێ.

**ئەردۆگان نایەوێ فشاری دیکەی ئابووری بخرێتە سەر وڵاتەکەی، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە پێشە، بەڵام فشارەکانی زێدەتر دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککردنەوەیەکی نوێ دژ بە هەسەدە**

**لەوانەیە ئێران کە دەگوترێ خەریکە دەسەڵاتی لە سووریا فراوانتر دەکات، هەمان مەترسی هەبێ، سەبارەت بە فراوانتربوونی ویستی هەسەدە، بەڵام دژی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیایە، تا ئەو ڕاددەیەی زیان نەگەیەنێتە سەر میلیشاکان**

**ڕووسیا کە قەت ددانی بەوەدا نەناوە پەکەکەکان ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بێت و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەسەدە هەیە، لە ڕووی پرەنسیپەوە دژی ئۆپەراسیۆنە نوێیەکەی تورکی**



## سەڵاح کەرکووکی

چالاکی بواری ناساندنی جینۆساید بۆ گوڵان:

# تا ئێستا نەمانتوانیوە کەیسی ئەنفال و جینۆساید بە جیهانی دەرەوە بناسێنین

جینۆسایدی کورد و ناساندنی ئەم پرسە پڕبایەخە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە و تاکی کورد بە ئاشتی و هێمنی لەسەر خاکی خۆی بژی، بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە بەهێزکردنی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەڵاح کەرکووکی چالاکی بواری ناساندنی جینۆساید سازدا کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کاری لەسەر کەیسی ئەنفال کردووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** گەلی کورد لە مێژوودا چەندین جار کەوتووەتە بەر شاڵاوێکی دڕندەیی جینۆساید و کوشتن و ماڵوێرانی، وەکو چالاکێکی کەیسی ناساندنی جینۆسایدی کورد لە وڵاتی سوید، دەکرێت بزانین تاچەند بۆ نەتەوەی کورد کارکردن لەسەر ئەم کەیسە گرنگە؟**

- کورد بە درێژایی مێژوو کەوتووەتە بەر شاڵاوی جینۆساید و کوشتن و ماڵوێرانی، بە دڕندەترین شێواز خەڵکی سڤیل و بێتاوان ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژ کراون، لە مێژووی هاوچەرخیشیدا لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٨ لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس دوور لە هەموو پرەنسیپە مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و یاساییەکان چەندین پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و کوشتن و وێرانی بەرامبەری ئەنجام دراوە. لە کوردستان خەڵکێکی زۆری سڤیل و بێتاوان بوونەتە قوربانی، ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بە پیلانی بەرنامەبۆداڕێژراو و بە قێزەوەنترین شێوە کاریان لەسەر کوشتن و بڕین و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك کردووە، ئەمەش بە هەموو پێوەرەکان پێی دەوترێت جینۆساید، جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتی و دژ بە مرۆڤایەتییە دوور لە هەموو عورف و یاسا و ڕێسا و ئەخلاقێکی مرۆڤایەتییە و ئەنجامێکی ترسناکی هەیە. جینۆسایدی کوردستان قوربانییەکی زۆر و وێرانییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، تا ئەم سەردەمەشی لەگەڵدا بێت، شوێنەوارە کاولکارییەکانی بە توندی لەسەرمان ماوە. من وەکو چالاکێکی کەیسی ناساندنی جینۆسایدی کورد هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئەوروپا بە زمانی بیانی کارم لەسەر ناساندنی جینۆسایدی کورد کردووە. پاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو دەمەی زۆر لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدرانەوە، زیاتر کارم لەسەر ئەم کەیسە کرد، ئەوە بوو لە دادگاییکردنی کۆمەڵکوژی دوجەیلدا حوکمی لە سێدارەدان بۆ زۆربەی سەرانی ئەنجامدەرانی جینۆسایدی کورد دەرکرا. بەڵام ئاسەواری جینۆساید لە باشووری کوردستان کۆتایی نەهاتووە و هەر بەردەوامە تا ئەو ڕۆژەی مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت و ڕوفاتی پیرۆزی قوربانییان دەگەڕێندرێنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەسوکاریان دەکرێت. بێگومان ڕەنگە ئاسەواری هەر کۆتایی نەیەت، بە تایبەت لە لایەنی دەروونییەکەی. لەمە گرنگتر ناساندنی ئەم تاوانە قێزەوەن و دڕندانەیە بوو بەدنیای دەرەوە. ئێمە وەکو کورد ئاشنایەتیمان لەسەر ئەم کۆمەڵکوژییە هەیە، بەڵام ناساندنی کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێکی زۆر بەربڵاوە و پێی ئاشنا نین، بە هاوشێوەی زۆر کۆمەڵکوژی و ڕووداوی جەرگبڕی دیکەی وەکو هۆلۆکۆست و ڕواندا و بۆرما و بۆسنا و کوشتنی جوولەکەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی و تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە هێرۆشیما و ناکازاکی. ناساندنی جینۆساید و جووڵاندنی کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی دژی کورد بە یەکێك لەو بابەتە گرنگ و پڕ بایەخانە دادەنرێت، کە پێویستە دیپلۆماسیەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم و عێراق کاری لەسەر بکەن، تاوەکو جارێکی دیکە مەرگەسات و جینۆساید دژی کورد ڕوو نەداتەوە و قەرەبووی خانەوادەی قوربانییەکانیش بکرێتەوە.

*** کەواتە دەبێت چی بکرێت بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژیی کورد بە شێوەیەکی زانستیانە و بەربڵاو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هیچ جینۆسایدێکی دیکە دووبارە و ڕوونەداتەوە؟**

- ئەو تاوانە گەورەیەی دژ بە کورد بۆیە پێی دەوترێت جینۆساید، لەبەر ئەوەیە ڕژێمێك دژ بە میللەتێك ئەم تاوانەی ئەنجام داوە، تاوەکو بوون و ناسنامەی ئەم میللەتە بسڕێتەوە. ڕژێمی بەعس تەنیا بە کوشتن و کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و شار و شارۆچکە ڕانەوەستاوە، بەڵکو دەستکاریی ناسنامە و زمان و کەلتوور و مێژووی کوردیشی کردووە. دەربارەی ناساندن فەرموو ئەوە حکومەتی سویدی بە فەرمی ناساندوویەتی لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە/ دەزگای سەکۆی مێژووی زیندوو بە نووسراوی فەرمی بۆ وەزارەتی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٩ و سەردانی مەیدانیی دەستەی باڵای ئەو دەزگا بۆ کوردستان. بەڵام لەبەر لاوازیی ئاستی تێگەیشتنی وەزارەت لە ناساندنی جینۆساید بە هەند وەرنەگیرا و پشتگوێ خرا،

**جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتی و دژ بە مرۆڤایەتییە دوور لە هەموو عورف و یاسا و ڕێسا و ئەخلاقێکی مرۆڤایەتییە و ئەنجامێکی ترسناکی هەیە**

**جینۆسایدی کوردستان قوربانییەکی زۆر و وێرانییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، تا ئەم سەردەمەشی لەگەڵدا بێت، شوێنەوارە کاولکارییەکانی بە توندی لەسەرمان ماوە**

**ئاسەواری جینۆساید لە باشووری کوردستان کۆتایی نەهاتووە و هەر بەردەوامە تا ئەو ڕۆژەی مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت و ڕوفاتی پیرۆزی قوربانییان دەگەڕێندرێنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەسوکاریان دەکرێت**

**ناساندنی کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێکی زۆر بەربڵاوە و پێی ئاشنا نین، بە هاوشێوەی زۆر کۆمەڵکوژی و ڕووداوی جەرگبڕی دیکەی وەکو هۆلۆکۆست و ڕواندا و بۆرما و بۆسنا و کوشتنی جوولەکەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی**

ئەوەش تاوانێکی دیکەیە ئەمجارەیان کورد خۆی لە خۆی دەکات، خۆزگە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی فێری بەرپرسیاریەتی لە وەرگرتنی پلە و پۆست بین کە لە هەموو جیهانی دیموکراسی پەیڕەو دەکرێت. دەبێت کورد لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چالاکانی مەدەنییەوە هەرچی زووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگادار بکاتەوە کە کورد میللەتێکی زیندوو و ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بەردەوام ڕووبەڕووی تاوانی نامرۆڤانە دەبێتەوە، ئەم تاوان و جینۆسایدانەش زیانی بۆ ناو و ناوبانگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیستەمی نوێی جیهان هەیە، جینۆساید بەپێی مادده و بڕگە دەستووری و یاساییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت دادگای نێودەوڵەتی دژی هەموو دیدگا و عورفە نێودەوڵەتییەکانە و نابێت جارێکی دیکە ئەم کۆمەڵکوژییە دووبارە ببێتەوە، هەرچەندە ئەمجارە لەسەر دەستی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان و بە جیاوازیی شێواز و سەردەمەکە کوردانی ئێزدی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، بەڵام ئەمجارە باشتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتنە پێشەوە و ئەو تاوانەیان بە جیهانی دەرەوە ناساند.

کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤی کورد لە ئەورووپا کار بۆ ستراتیژیەتی نەتەوەیی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی و نوخبەکانیەوە کار بۆ کۆکردنەوە و نەهێشتنی پرش و بڵاوی تاکی کورد بەتایبەتی لە شارەکانی ئەورووپا بکات و لە دەوری لۆبییەکی بەهێز کۆیان بکاتەوە. دەبێت پرسی جینۆسایدی کورد و مەزلوومییەتی نەتەوەی کورد بە باشترین شێوە و فراوانترین ڕووبەر بخرێتە ڕوو، ئەمەش هەروا لەخۆڕا دروست نابێت، ئەگەر لە ڕووی مەعنەوی و ماددی و زانستییەوە کاری جددی بۆ ناساندنی پرسی جینۆساید نەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکانیەوە کۆتایی بەو پەرتەوازییە بهێنێت، کە بە هۆی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیای جیاجیاوە لەناو کوردەکانی تاراوگە دروست بووە، تا کار وای لێ هاتووە تەنانەت نەتوانین لە ئەورووپا بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کۆببینەوە. مەترسییە گەورەکە لەوەدایە بەتێپەڕبوونی کات نەوە لە دوای نەوە پرسی ناساندنی جینۆساید بۆیان کاڵ دەبێتەوە و هەندێك جاریش ئەم بابەتە بەتێپەڕبوونی کات بە لاڕێدا دەبرێت، ئەوەتا لە سوید گەنجەکان خەریکی دیاردەیەکی مەترسیدار بوون بەوەی وای نیشان بدەن کە تاوانی کۆمەڵکوژی دژ بە جوولەکەکان ڕووی نەداوە، بەڵام هەر زوو دەوڵەتی سوید هاتە سەرخەت و بە بەرنامە و پلانێکی کورت و زانستییانە کاری بۆ سڕینەوەی ئەم مەترسییە کرد.

*** بۆچی کورد نەیتوانی وەکو پێویست کۆمەڵکوژی بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت؟**

- کێشە گەورەکەی کورد لەوەدایە تا ئێستا نەیتوانیوە بە هاوشێوەی کۆمەڵکوژییەکانی نەتەوە جیاجیاکانی جیهان پرس و دۆزی ڕەوای کورد بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت، ئەو ڕێگا و شێوازە بگرێتە بەر کە خەڵکی دیکە گرتوویانەتە بەر و لەو ڕێگایەشەوە توانیویانە دەوڵەتیشی لەسەر بونیاد بنێن و پارێزگاری لە کیان و قەوارەکەی خۆشیان بکەن، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە هاوکاری و پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەتی هاوکاری و پاڵپشتیی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و کۆمەڵگەی پێشکەوتووخواز. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان مۆزەخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکرێتەوە و، تێیدا ب ەسەدان دیکۆمێنت و بەڵگەنامە و کەرەستەی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی لەلای خانەوادەی قوربانییەکان هەیە، کۆبکرێنەوەو لە مۆزەخانەیەکدا بپارێزرێن و نیشانی شاند و میوانەکان بدرێت، لە پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاشدا گرنگیی زیاتر بە وانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباران بدرێت و پێویستە دەزگایەکی تایبەتمەندی زانستی بۆ تاوانی جینۆساید دابمەزرێت.

*** وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا، کەچی نەتوانراوە وەکو لۆبییەکی فشار و بەهێز لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەربکەون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەوەندی کورد لە کیشوەری ئەورووپا سەنگ و قورساییەکی بەهێزیان هەبێت؟**

**ڕژێمی بەعس تەنیا بە کوشتن و کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و شار و شارۆچکە ڕانەوەستاوە، بەڵکو دەستکاریی ناسنامە و زمان و کەلتوور و مێژووی کوردیشی کردووە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکانیەوە کۆتایی بەو پەرتەوازییە بهێنێت، کە بە هۆی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیای جیاجیاوە لەناو کوردەکانی تاراوگە دروست بووە**

**مەترسییە گەورەکە لەوەدایە بەتێپەڕبوونی کات نەوە لە دوای نەوە پرسی ناساندنی جینۆساید بۆیان کاڵ دەبێتەوە و هەندێک جاریش ئەم بابەتە بەتێپەڕبوونی کات بە لاڕێدا دەبرێت**

**کێشە گەورەکەی کورد لەوەدایە تا ئێستا نەیتوانیوە بە هاوشێوەی کۆمەڵکوژییەکانی نەتەوە جیاجیاکانی جیهان پرس و دۆزی ڕەوای کورد بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت**

- ڕاستە کورد لە کیشوەری ئەوروپا لە ڕووی ژمارە و ناو و ناوبانگییەوە قورساییەکی باشیان هەیە، بەڵام نەبوونەتە گرووپ و لۆبییەکی فشاری بەهێز و ئاگادارکەرەوە. لە هەموو ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، هەرگیز نەبوونەتە گرووپێکی بەهێزی فشار، بۆ نموونە لەسەر کەیسی جینۆساید جاربەجار لێرە و لەوێ چەند هەوڵێکی شەرمن دەبینم، بەڵام وەکو لۆبییەکی بەهێز بۆ ناساندنی جینۆساید کەموکورتیی گەورە هەیە. ئێمە کێشەیەکی گەورەمان لە تاراوگە هەیە، بەوەی زۆر تاقم و گرووپ و لایەن هەن کە دژی ئەم قەوارەیەی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، من لەوە تێدەگەم بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ململانێی حزبەکان ناکۆکی و گرژییەکانی زیاتر کردووە، بەڵام هەرگیز لەوە تێناگەم بۆچی تاکی کوردستانی دژی قەوارەیەکی باوەڕپێکراوی ناسنامەی خۆیەتی. ئۆپۆزسیۆن و نارازیبووەکان و دژایەتیکران لە هەموو جیهاندا باوە و هەیە، لە ئیسرائیل و ئەرمینیا و بۆسنیا و کەمبۆدیا و هەتا دوایی، بەڵام پارێزگاری لە کیانی سیاسیی سەربەخۆ ئەرکی هەموو هاووڵاتییانە، لەبەر ئەوەی قەرەبووی خوێنی قوربانییان بە یاسا ڕێکخراوە، جینۆسایدیش بە سزای توند بەرەنگاری دەبنەوە. نەتەوە زیندووەکان لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسسازەکاندا خۆیان تێکەڵ بە بەرژەوەندیی ئەم و ئەو ناکەن و بەرژەوەندیی نەتەوە و خاك و نیشتمان تێکەڵ بە هیچ بەرژەوەندییەکی دیکە ناکەن. هەر خۆی لە خۆیدا خاك و نیشتمان خاڵی سوورە و قابیل بە سازش نییە و کەسایەتییە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان فشار بۆ سەر حزب و لایەنە سیاسییەکان دروست دەکەن، بەوەی سازش لەسەر پرسی نەتەوەیی و نیشتمانییەکان نەکەن. دەبێت هەموو کوردی تاراوگە کار لەسەر ئەوە بکەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕوای بە جینۆساید و دۆسێی ڕەوای کورد بێت و پارێزگاری لە دۆزی ڕەوای کورد و ئەزموونەکەی بکات، بەپێچەوانەوە نەمانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەمانی ئومێد و ئاواتی هەر چوارپارچەی کوردستانە و بگرە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدو سڕینەوەی تەواوی میللەتی کوردە. بەداخەوە ئێستاکە کەسانێکی وا هەن لەپێناو بەدەستهێنانی مافی پەنابەرایەتی یان لە نەزانی و کەمیی ئەزموونەوە بێت، زیان بە پرۆسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە دەگەیەنن. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان وارسی شەرعیی قوربانییانە و دەتوانێت بێتە مەیدان و کار لەسەر کەیسی جینۆساید بکات و قەرەبووی قوربانییان وەربگرێتەوە و ئەو تاوانە گەورەیە بە جیهان بناسێنێت.

لۆبیی جوولەکەکان و زۆر نەتەوەی دیکە لە کیشوەری ئەوروپا ساڵانە بە ملیۆنان دۆلاری لێ خەرج دەکرێت، چەندین دەزگا و ڕێکخراو و کۆمپانیای جۆراوجۆر کە ڕاستەوخۆ گرێ دراون بە حکومەتەکانیانەوە، کار لەسەر کەیسی لۆبیی خۆیان لە وڵاتانی بیانی دەکەن، لای ئێمە دۆخەکە پێچەوانەیە و لە غیابی بوونی نوێنەرایەتیی بەهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، خەڵکانێکی دیکە پەیدا بوون و زیان بە دۆزە ڕەواکەی کورد دەگەیەنن، بە ناوی دژایەتیکردنی حکومەت و ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە وارسی ڕاستەقینەی کورد لەکەدار دەکەن و ڕۆڵی نوێنەری شەرعی و نێودەوڵەتی کورد کە هەرێمی کوردستانە لاواز دەکەن، ئەمەش دوور نییە دەست و ئەجندەی دەیان دەزگای هەواڵگری و سیخوڕی وڵاتانی لە پشت نەبێت، کەسانێکیش بە نەزانین و کەم شارەزایی و هەندێك جار بە هۆی جووڵاندنی هەست و سۆزیانەوە خزمەت بەو ئەجندە و لایەنانە دەکەن. هەموومان ڕەخنە و گلەییمان لە زۆر بابەت و مەسەلە هەیە، بەڵام هیچ پاساوێك نییە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت و قەوارەی هەرێمی کوردستان کە ئەو چەترەیە هەموو کورد لە سایەیدا دەتوانێت لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای ماف و پارێزگاری لە خۆی و کیان و قەوارەی خۆی بکات.

من گلەییم لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە ژیرانەتر کار لەسەر کەیسی جینۆساید بکات، ناکرێت هیچ نوێنەرایەتییەك لە چەند ساڵ زیاتر لەو کارەی بەردەوام بێت، دەبێت ناوبەناو هەموو نوێنەرەکان بگۆڕدرێن و ئەو پرسیارەش بکرێت کە ئایا بەرنامە و کار و کرداری بۆ بووژانەوەی کاری ئیعلامی چی بووە.

**پێویستیمان بەوە هەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان مۆزەخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکرێتەوە**

**ڕاستە کورد لە کیشوەری ئەوروپا لە ڕووی ژمارە و ناو و ناوبانگییەوە قورساییەکی باشیان هەیە، بەڵام نەبوونەتە گرووپ و لۆبییەکی فشاری بەهێز و ئاگادارکەرەوە**

**نەمانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەمانی ئومێد و ئاواتی هەر چوارپارچەی کوردستانە و بگرە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدو سڕینەوەی تەواوی میللەتی کوردە**

**هەموومان ڕەخنە و گلەییمان لە زۆر بابەت و مەسەلە هەیە، بەڵام هیچ پاساوێك نییە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت و قەوارەی هەرێمی کوردستان کە ئەو چەترەیە هەموو کورد لە سایەیدا دەتوانێت لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای ماف و پارێزگاری لە خۆی و کیان و قەوارەی خۆی بکات**




د. ڤیان سلێمان

سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ گوڵان:

# یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دیاریی مەلا مستەفا بارزانی و زادەی بیری یەکسانیخوازییە

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکە مێژوویەکی پرشنگداری هەیە و کار و کۆششەکانی دیار و بەرچاون و دەستکەوت و سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێناوە، لەم بارەیەوە گوڵان دیدارێکی لەگەڵ د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ئەنجام دا.

*** ڕۆژی ١٢/١١ لەلای ئێوە چی دەگەیەنێت، بەتایبەتی کە ئەمساڵ حەفتا ساڵەی تەمەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بوو، لەم بۆنەیەدا چ پەیامێکت هەیە؟**

- لە لای ئێمەی ئافرەتانی کوردستان ١١ی١٢ دەستپێکی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە هاوشان لەگەڵ شۆڕشێکی نەتەوەیی، هەروەها ڕۆژی گۆڕان و گۆڕانکاری و بەدیهاتنی ئاواتەکانی نەتەوەیەکی ستەمدیدەیە و بۆ هەڵبڕینی دەنگی ئافرەتانی کوردستانە کە ئێمە لە کوردستاندا هاوشانی پیاوەکان لە شۆڕشی نەتەوەیی و یەکسانیدا بە یەکەوە خەبات دەکەین و، هەڵبڕینی دەنگە بەرانبەر ئەو نەریتە کۆنانەی کە ئازادیی ئافرەت بەربەست دەکەن و هەڵبڕینی دەنگی ئازادیی ئافرەتانی کوردستانە بۆ ئازادیی خاك و مرۆڤ و ئافرەت، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دیارییەکی باوکی نەمر، بارزانیی نەمرە، بۆ ئێمە لە دیدی یەکسانیخواز و زادەی بیری یەکسانیخوازی بارزانیی نەمرە، ئەو دیدەیەی کە سەرچاوە لە ڕێبازی پیرۆزی بارزانەوە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەماکانی خۆشەویستی و یەکسانی و پێکەوەژیان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بنیادنراون، بارزانیی نەمر باش دەیزانی ئەگەر ئافرەت ئازاد نەبێت و لە چوارچێوەی ماڵ نەیەتە دەرەوە و هوشیار نەبێت و نەیەتەوە ناو گۆڕەپانی خەبات و هوشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی نەگاتە ئەو ئاستە، ئەو شەنگسەتە گەورانە لە ناو دڵی نەوەکانی یەك لە دوای یەکی کوردستاندا ناچەقن و گەورە نابن، بۆیە بە دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بارزانیی نەمر توانی ئەمە بچێنێت کە نەوە دوای نەوە و لە ئێستاشدا لە ناو دڵی کچانی ئێمەدا جێگیر دەبێت و دەچێندرێت. بێگومان ١٢/١١ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو، کە ئافرەتان لە کابانی ماڵەوە گەیاندرانە سەرکردایەتیی کۆمەڵگە.

*** ئایا ڕۆڵی ئافرەتان لە پرۆسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا چۆن دەبینیت؟**

- مێژوو شاهیدە لە پرۆسەی ئازادیی نەتەوەییدا، بەتایبەت هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، پێش شۆڕشیش کە یەکێتیی ئافرەتان لەلایەن باوکی ڕۆحیی کورد بارزانیی نەمرەوە لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە، ئەندامانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان لە شۆڕشی نەتەوەییدا دیتووە، چ وەك بەشدارییان لە شۆڕشەکان و چ وەك ڕێکخستنی نهێنی و چ وەك پێشمەرگە، چ وەك هێزی هاندەر و پشتگیریی هێزی پێشمەرگە و چ وەك هاندەری هاوسەرەکانیان لە بەشداریی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا، بەتایبەت لە بەڕێوەبردنی منداڵ و خێزانەکانیاندا، تاوەکو برا و هاوسەرەکانیان بتوانن لە چیا و مەیدانی خەبات و شۆڕشگێڕیدا درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن. ئافرەتانی کوردستان لە شۆڕشەکاندا خاوەنی دەیان شەهیدی سەربەرزن بۆ کورد و کوردستان و، لە هەردوو قۆناغی ئارامییشدا لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ و لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤دا دەبینین ئافرەتانی کوردستان بە چ گوڕ و تینێکەوە دێنەوە ناو کاری ئاشکرای سیاسی و نەتەوەیی و بارەگا دادەمەزرێنن و ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر دەبینن لە پێشخستنی ئافرەتاندا و ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە هەموو کات و قۆناغێکی شۆڕش و ئارامیدا، بۆ سەرکەوتنی ڕێبازی پارتی و بارزانی، هاوکات یەکێتیی ئافرەتان هەوڵ دەدات لە ڕێکخستنەکاندا زۆرترین ئافرەتان بەشدار بن و ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت و یارمەتیی خێزان و ئافرەتانی هەژار دەدەن و خولی نەخوێندەواری و ئەوانەی پێویست بێت بۆ ئافرەتان دەیکەنەوە، یەکێتیی ئافرەتان شۆڕشێکی مەدەنییانە دەکات بۆ یەکسانی و پێشخستنی ئافرەتان لە بەشداریی جومگە و دامەزراوە سیاسی و حکومییەکاندا و کار دەکەین بۆ گۆڕینی هەموو ئەو نەریتە کۆنانەی کە پێگەی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگەدا کەم دەکەنەوە. هەروەها لە دوای ئازادیی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان و، بەشداربووە لە پرۆسە مەدەنییەکاندا و بەشداریی کردووە لە پەرلەمان و دامەزراوەی حکومەتی کوردستان و چەندین پلە و پایەی کاریگەر و بەرز و گرنگی بەدەست هێناوە.

**١٢/١١ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو، کە ئافرەتان لە کابانی ماڵەوە گەیاندرانە سەرکردایەتیی کۆمەڵگە**

**یەکێتیی ئافرەتان شۆڕشێکی مەدەنییانە دەکات بۆ یەکسانی و پێشخستنی ئافرەتان لە بەشداریی جومگە و دامەزراوە سیاسی و حکومییەکاندا و کار دەکەین بۆ گۆڕینی هەموو ئەو نەریتە کۆنانەی کە پێگەی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگەدا کەم دەکەنەوە**

**شانازییە بۆ ئافرەتانی کوردستان، بەتایبەت بۆ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کە خاوەن سەرۆك و سەرکردەی ڕۆحیی نەتەوەی کورد و کوردستانین کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە**

*** گرنگیدانی جەنابی سەرۆك بارزانی و هەردوو سەرۆكایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان بە ئافرەتان، چۆنە و تا چەند لە ئاستی تمووحی ئێوەدایە؟**

- شانازییە بۆ ئافرەتانی كوردستان، بەتایبەت بۆ یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان كە خاوەن سەرۆك و سەركردەی ڕۆحیی نەتەوەی كورد و كوردستانین كە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە، كە بەردەوام و لە هەموو پێشهات و بۆنە و كارەكاندا پشتیوان و ڕۆڵی ئێمەی ئافرەتان زۆر بەرز دەنرخێنێت و، پشتیوانێكی ڕاستەقینەی ئافرەتانی كوردستانە و، هەوڵی داوە كە ئافرەتان لە ناو هەموو كۆمەڵگە و كایە سیاسی و نەتەوەیی جێبەجێكردن و یاسادانان و قەزادا بەشداریی كارا و بەرچاویان هەبێت. لەلایەكی دیكەوە هەموو كاتێك لە مێژووشدا ئافرەتانی پارتی دیموكراتی كوردستان گەیشتوونەتە سەركردایەتی، ئێستاكەش لە پەرلەمان و هەڵبژاردنەكاندا زۆرترین ئافرەت بە بێ دەنگی كۆتا و وەك دەنگی ڕاستەقینەی گەلی كوردستان زۆرترین دەنگ دەهێنن و دەبن بە پەرلەمانتار، چەندین كەس لە ئافرەتانی ئێمە بوون بە وەزیر و پۆستی گرنگ و كاریگەریان لە بەڕێوەبردنی هەرێمی كوردستاندا بەدەست هێناوە.

*** ئایا لە كابینەی نوێیەمدا تا چەند گرنگی بە ڕۆڵی ئافرەت دراوە لە كایە و دامەزراوە**




**گرنگەكانی حكومەتدا، هەروەها تا چەند گرنگییان بە پرسی ئافرەتان داوە؟**

- بە تەئكید لە هەموو كابینەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگیی زۆر بە بەشداریی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دراوە، بەڵام لە كابینەی نوێیەمدا ئەو گرنگیدانە لە بەڕێوەبردنی جومگەكانی حكومەتدا زۆر زیاتر و كاریگەرتر بووە و، دەبینین ڕێژەی ئافرەتان بەتایبەتی ئەوانەی دەرچووی قوتابخانەی یەكێتیی ئافرەتانی كوردستانن، زۆر زیاترە و حكومی و پەرلەمانییەكاندا شانبەشانی پیاوان بن، كە ئەمەش هزرێكە لە مێشك و ڕۆحی ڕابەر و سەرۆكمان جەنابی سەرۆك بارزانی لە باوكی نەمرەوە بۆی چێندراوەتەوە و لەو پەڕی دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنەوە كاری بۆ سەركەوتن و بەشداریی ئێمەی ئافرەتان لە پرس و كارەكانی ناو كۆمەڵگەی كوردستاندا كردووە، هاوكات لە سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو ماوە و كاتە ڕەخساوە كە ئافرەتان لە هەموو جومگە و دامەزراوەكاندا لە ڕاپەڕاندن و

بەرەو پێشتر چووە و، کابینەی نۆیەم دەیەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسانی و دادپەروەریی زیاتر بەرجەستە ببێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئافرەتان لە زۆربەی کایەکاندا هەن و لە پەرلەماندا دەبینین کە ڕۆڵیان لە دانانی یاسا و سەرکەوتنی کیانەکە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستاندا تا چەند بەرز و بەرچاوە.

*** پێشنیار و بۆچوونتان بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئافرەتان و خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چییە؟**

- ئەو سەردەمە و گۆڕانکاریی دونیا وای کردووە کە گۆڕانکاری لە خواستی ئافرەتانی کوردستانیشدا دروست بێت، چەندین کەموکوڕی هەیە، بۆی هەیە لە ئاستی خواستی ئێمەدا نەبێت، بەڵام خواست شتێکە و هاتنەدی و جێبەجێکردنیش شتێکی دیکەیە، ڕاستە ئێمە دەستکەوتی باش و زۆرمان بەدەست هێناوە و کاریگەریمان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی تمووحی ئێمەی ئافرەتانی کوردستان وەك ئەوەی کە پێویستە بێتەدی، ئەگەرچی ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە پێشە بۆ ئەوەی ئەو یەکسانییەی لە بەشداریکردن و یەکسانی لە دەستکەوت و یەکسانی لە بەرپرسیاریەتی هەیە، بۆمان بێتەدی. لێرەدا لە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو ڕێزدار جێگرانی سەرۆکی پارتی دواکارین، زیاتر پاڵپشت و هاوکارمان بن بۆ هاتنەدیی ئەو یەکسانییانەی کە لە ژیاندا هەیە، هەروەك ئەوەی کە لە پێشتریش هاوکار و پشتیوانمان بوون بۆ هاتنەدیی ئامانج و یەکسانییەکانمان. لە لایەکی دیکەوە پرسی ئافرەت مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و یاسایی و سیاسییە، کە لەسەر پرسی ئافرەت کار دەکرێت، ئێمە داواکارین لەو پرسەدا ئەو یەکسانییانەی کە پێویستە بۆ ئافرەتان، بەرجەستە بکرێت لە دوو خاڵدا، یەکەم: هاوپێگەیی ئافرەتان لەگەڵ پیاوان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا.

دووەم: ئافرەت خاوەنی بەرهەم و بڕیاری خۆی بێت بۆ هاتنەدی ئامانجەکانی، ئەمانەش دەبێت ئێمە خۆشمان کاری بەردەوامی لەسەر بکەین و هۆشیاری و گەیاندنی بە کۆمەڵگە و خێزان کاری جددی دەوێت. ئەمەش دەبێت لە ڕێگای پەروەردە و پرۆسەی خوێندنەوە دەست پێ بکات، تا هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەکی لەسەرخۆ بگاتە هزر و بیری هەموو تاکێکی کۆمەڵگەکەمان.

*** ئایا لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەو ڕێژە و ژمارەی ئافرەتانەی بەشداربوون و بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی، تاچەند لە جێگای خۆیدا و لە ئاستی تمووحی ئافرەتاندا بووە؟**

- ڕێژەی ئافرەتان لەم کۆنگرەیەدا ڕێژەیەکی زۆر باش بوو، کاریگەریی خۆیشی هەبوو لە ناو کۆنگرەدا، بەڵام ئایا لە تمووحی ئێمەدا بوو؟ بێگومان لە ئاستی خواستی ئێمەدا نییە، ڕاستە کۆتا هەیە، بەڵام ئەمەش شیرێکی دووسەرەیە، لە هەمانکاتدا دەرفەتێکە بۆ بەشداریی ئافرەتان لە مومارەسەی کایە جیاوازەکاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ناو کۆتادا لایەنی نەرێنی هەیە، ئەگەرچی بۆ ئەو قۆناغە بەشداریی ئافرتان لە کۆنگرەکەدا باش بوو، بەڵام داواکارین لە کۆنگرەی داهاتوودا ڕێژەی بەشداریی ئافرەت زۆر زیاتر بکرێت و بە بێ کۆتا و بە دەنگی خۆیان مەکانەت و پلەکان ببرن.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتییەکانی دیکەی ئافرەتانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت ئەورووپا چۆنە؟**

- پەیوەندیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئافرەتانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان زۆر باشە و، لە تۆڕێکی ڕێکخراوەیی لەگەڵیان بەشدارین و لەسەر پرسی ئافرەتانی کوردستاندا هەماهەنگ و هاوکاری یەکترین و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مەدەنی، ئەوانەی لە ناو هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ و ئافرەتان کار دەکەن، لە پەیوەندیی بەدرەوام و باشداین و کاری هاوبەش ئەنجام دەدەین، هاوکات لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوەش پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنجومەنی ئافرەتانی ئەورووپا هەیە و، لە ١١ وڵات و شوێن ماف و نوێنەرایەتیی ئافرەتانمان هەیە، کە بە خۆبەخشی لەسەر پرسەکانی ئافرەتان کار دەکەن.

**لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو ماوە و کاتە ڕەخساوە کە ئافرەتان لە هەموو جومگە و دامەزراوەکاندا لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردن و یاسادانان و قەزادا بەشداریی کارا و بەرچاویان هەبێت**

**لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆر بە بەشداریی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دراوە، بەڵام لە کابینەی نۆیەمدا ئەو گرنگیدانە لە بەڕێوەبردنی جومگەکانی حکومەتدا زۆر زیاتر و کاریگەرتر بووە**

**ڕاستە ئێمە دەستکەوتی باش و زۆرمان بەدەست هێناوە و کاریگەریمان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی تمووحی ئێمەی ئافرەتانی کوردستان وەک ئەوەی کە پێویستە بێتەدی**

**داواکارین لە کۆنگرەی داهاتوودا ڕێژەی بەشداریی ئافرەت زۆر زیاتر بکرێت و بە بێ کۆتا و بە دەنگی خۆیان مەکانەت و پلەکان ببرن**

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بایەخدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکووک بەردەوام دەبێت



سامان سیوەیلی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ڕاگەیاندووە، لەو ٢٠ ملیار دینارەی کە سەرۆکی حکومەت بۆ کڕینی پێداویستیی ناوەندەکانی خوێندن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی تەرخانی کردبوو، خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووک ملیارێك و ٦٠٠ ملیۆن دیناری بەرکەوت و پێداویستییەکانیان بۆ دابین کرا. ساڵانەش تەواوی پرۆگرامەکانی خوێندن لە لایەن کۆگای کتێبی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە دەگەیەندرێتە کۆگاکانی کتێب لە کەرکووك و دواتر بەسەر ناوەندەکانی خوێندندا دابەش دەکرێن.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە، دابینکردنی پێداویستی و تێچووی چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکانی ساڵانە و مەشق و ڕاهێنانە پەروەردەییەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکووك. لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت.



**لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خوێندنی ئەمساڵ (٢٠٢٢ -٢٠٢٣)، بڕی ملیارێك و ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ پێداویستییەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە شاری کەرکووك دابین دەکرێت، لەگەڵ خەرجکردنی مووچەی ٩٠٠ وانەبێژ. ئەو هەنگاوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە داکۆکیکاری مافەکانی قوتابیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووە و، هیچ کاتێك سازش لەسەر مافە ڕەواکانیان ناکات. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕا و سەرنجی خۆیان هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی کردەوە، تاوەکو ئێستا ٩٠٠ وانەبێژیان لە پسپۆڕییە جیاوازەکان لە خوێندنی زمانی کوردی لە پارێزگای کەرکووك دامەزراندووە کە مووچەی مانگانەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دابین دەکرێت.

سەبارەت بە کاری نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك، سامان سیوەیلی گوتی: «ڕاستە باڵەخانەی قوتابخانەکان سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقن، بەڵام وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەنجام دەدات.

لەلایەکی دیکەوە شێرزاد ڕەشید کاکە عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووك بە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند: «خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووك زیندووە و ساڵ بە ساڵ ژمارەی مامۆستا و قوتابی و قوتابخانەی کوردی زیاد دەکات، ئەو دەستکەوتەش دەستکەوتێکی ناوازەیە، نموونەی زۆر باشی قوتابییانمان هەیە، کە لەسەر ئاستەکانی خۆیان نمرەی زۆر باشیان بەدەست هێناوە، هەروەك پار لە بەشی زانستی قوتابییەکمان یەکەمی هەموو عێراق بوو.››

لە سەرەتای پرۆسەی ئازادکردنی کەرکووکەوە

**خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووک زیندووە و ساڵ بە ساڵ ژمارەی مامۆستا و قوتابی و قوتابخانەی کوردی زیاد دەکات**

**ئێستا لە شاری کەرکووک، ٩٢ هەزار قوتابی لە ٥٣٥ قوتابخانە لەلایەن حەوت هەزار و ٦٠٠ مامۆستا و هەزار و ٤٠٠ فەرمانبەرەوە فێری خوێندن و نووسین دەکرێن**

**تاکە شانازی و دەستکەوت کە وەکو خۆی مابێتەوە و زمانی کوردی و ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەی بە زیندوویی هێشتووەتەوە خوێندنی زمانی کوردییە**

خوێندنی کوردی لەو شارە و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان جارێکی دی و بە ژمارەیەکی کەمی قوتابخانەوە دەستی پێ کردەوە و لە سایەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ژمارەیە ساڵ بە ساڵ لە هەڵکشاندا بوو» تا ئەمساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ گەیشتووەتە نزیکەی ٥٣٥ ناوەندی خوێندن کە باخچەی منداڵان، قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی کوڕان و کچان لەخۆ دەگرێت. ئێستا لە شاری کەرکووک، ٩٢ هەزار قوتابی لە ٥٣٥ قوتابخانە لەلایەن حەوت هەزار و ٦٠٠ مامۆستا و هەزار و ٤٠٠ فەرمانبەرەوە فێری خوێندن و نووسین دەکرێن.››

مەریوان جەلال ڕەشید کارگێڕی لقی سێی کەرکووک، هەر لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «لەپاش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە ناوچەکانی کە ئێستا پێ دەڵێن «جێ ناکۆك» یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە هەموو کەرتەکان بەتایبەت پەروەردە و خوێندن بە زمانی ڕەسەنی کوردی داوە، ئەمەی جێگای خۆشحاڵی و دەستخۆشی بووە و یەکێکە لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم، لەم ڕووەوە هەنگاوی زۆر باش نراوە» هەر لە کردنەوەی قوتانخانە و دامەزراندنی مامۆستا و فەرمانبەرێکی زۆر کە میزانیەی باشی بۆ تەرخان کراوە» تاوەکو ئێستاش تێچووی ئەوانە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە ئەمەش پاڵپشت و هاوکارێکی زۆر باشە و بۆ ئەم ساڵیش ٢٠٢٢ دیسان بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووک، بە بڕیاری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ملیارێك و ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ دابینکردنی کەلوپەل و پێویستییەکانی پەروەردە و قوتابخانەکان تەرخان کرا» هەروەها خەرجکردنی مووچەی ٩٠٠ وانەبێژ، ئەمانە هەر هەمووی بۆ گرنگیدانی زیاتر و پێشخستنی خوێندنی کوردییە لە شاری کەرکووك و هەموو شار و شارۆچکەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین تاکە شانازی و دەستکەوت کە وەکو خۆی مابێتەوە و زمانی کوردی و ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەی بە زیندوویی هێشتووەتەوە» خوێندنی زمانی کوردییە، تا ئاستێکی زۆر ئەمساڵ خوێندنی زمانی کوردی باش بووە و ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان لە پێش خوێندنی زمانی عەرەبی و تورکمانی بووە، ڕێژەیەکی باشیش لە قوتابیان نمرەی بەرزیان هێناوە. ئەمانە جێگای دڵخۆشین، سەرەڕای تێبینیی زۆر کە هێشتا دەڵێین خوێندنی کوردی لە ئاست تمووحی ئێمەدا نییە و دەکرێت باشتر بکرێت و بەرەو پێش ببرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر گورزێکی کوشندەی لە گەلی کورد دا لەم ناوچانە و بەتایبەت لە خوێندنی زمانی کوردی، کە وای کرد، بەشێکی خەڵکی قوتابییەکانیان لە خوێندنی کوردی دەر دەکرد و دەیانخستنە قوتابخانە عەرەبییەکان» یان دەیانگواستنەوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دوایی بەتایبەت پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ و سەرکەوتنی کاندیدانی کورد و بەتایبەت نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دی هێز و وزە و ئومێدێکی زۆر گەڕایەوە بۆ خەڵکی و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو لایەك هەبوو، بەتایبەت خوێندنی کوردی کە ئێستا خوێندنی کوردی کەمێك ئاستی هەڵکشاوە و دەکرێت باشتریش بکرێت و گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و نابێت فەرامۆش بکرێت. هەر وەکو باسمان کرد» تاکە ئومێدی بە زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و بەرهەڵستکاری تەعریبی خوێندنی زمانی کوردییە لەم ناوچانە، چونکە تەعریب هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارە لەسەر گەلی کورد».

ئەشواق جاسم کچێکی ئاوارەی کەرکووکییە و لە هەولێر نیشتەجێ بووە. ئەو ڕای وایە: «بە هۆی حوکمی سەربازی و دۆخی داگیرکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بە هۆی ئەو نائارامی و فەراغی ئەمنییەی کە هەیە، کورد هیچ بڕوایەکی بە دۆخی ئەو ناوچانە نەماوە، بەڵام ئێستا هەزاران خێزانی ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە دەڕواننە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ساڵی نوێی خوێندندا».

هاوکات گوتی: «ئێستا کەرکووکییەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەش بە ئومێدەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ ناوچەکانیان، چونکە بە گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك هەزاران خێزانی ئاوارە ئازادانە بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێنەوە». جەختی لەوەش کردەوە کە لە غیابی هێزی

کوردی لە شارەکە خوێندنی کوردی لە لێواری لەناوچووندایە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارەش پارتی و سەرۆکی حکومەت بە هانای خوێندنی کوردی و خەڵکی شارەکەوە هاتن، بێگومانیشین لەوەی بە گەڕانەی پارتی، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و سیمای کوردستانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دیکە».

محەمەد نوورەدین محەمەد کارگێڕی ناوچە (ی.ق.ك) لقی کەرکووك، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەرەڕای گرنگیی پێدانی سەروکی حکومەتی هەریمی کوردستان بە پاڵپشتیی ڕێزدار مسرور بارزانی و دابینکردنی بودجەی باش بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکووك و بایەخدانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی د. ئالان حمە سەعید وەزیری پەروەردە بە پەروەردەی کەرکووك و خوێندنی زمانی کوردی، هێشتا کەموکوڕیی زۆر دەبینرێت، لەوەش گرنگتر پێویستە بوترێت وەزارەتی پەروەردەی عێراق کەمتەرخەمە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی خوێندنی کوردی و تەنانەت ئاستەنگی زۆر دروست دەکەن، لە ڕووی لۆجستیشەوە هاوکارییان سفرە بۆ خوێندنی زمانی کوردی، چجای دەسەڵاتی سەپێندراو لە شارەکە، بێ شك هەموو ئەم ئاستەنگانە فاکتەرن بۆ دواکەوتنی ئاستی خوێندنی زمانی کوردی لە شارەکە و ڕاستەوخۆ لە داهاتوودا لاوازییەکان دەردەکەون، بە ئاشکرا بێزاری و نائومێدی بە ڕوخساری کەرتی پەروەردەی کوردی و مامۆستایان و قوتابیان و خانەوادەی قوتابیانەوە دیارە، بۆیە سالانە و بە بەردەوامی زوربەی خانەوادەکان قوتابییەکانیان لە خوێندنی کوردی دەگوازنەوە بۆ قوتابخانە عەرەبییەکانی سەر بە حکومەتی عێراقی، ئەمەش بۆ خۆی گرفتی زور دروست دەکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا پلانی دامەزراندنی بۆ دەرچووانی کەرکووك و ناوچەکانی هەبێت، بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی حکومەت و خوێندنی کوردی زیاتر ئومێدبەخش دەبێت».

مەریوان حەکیم جەباری کارگێڕی ناوچەی شۆڕش لە کەرکووك، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و دوای ئەوەی خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکووك کرایەوە، هەزاران خێزان بە جۆش و خرۆشەوە منداڵەکانیان ناردە بەر خوێندنی کوردی و ساڵ بە ساڵ بەرەو زیاتر و ئاستی خوێندنیش بەرەو باشتر هەنگاوی دەنا». گوتیشی: «پەرەسەندنی خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکووك بە جۆرێك بوو، بە عەیبەیەك دادەنرا کە منداڵت بخەیتە بەر خوێندنی عەرەبی. واتە پێشکەوتنێکی وا لە خوێندنی کوردیدا بەدی هات، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی قوتابی و مامۆستایان و قوتابخانەکان بەرەو پێشتر دەچوو، بە جۆرێك زۆربەی ساڵەکانی یەکەمی سەر ئاستی کەرکووك و بگرە عێراقیش لە قوتابیانی کورد و پەروەردەی کەرکووك دیاری دەکران، بەڵام بەداخەوە بە ناخێکی پڕ و لە دڵێکی شکاوەوە دەڵێم نەتوانرا دەست بەم سەرکەوتنانەوە بگرین و بەرەو لووتکەیان بەرین و بیانپارێزین. بۆیە لەم ساڵانەی دوایی هاوکێشەکە پێچەوانەوە بووەوە و ساڵ بە ساڵ قوتابیانی خوێندنی کوردی ڕوو لە کەمی کرد و دەکات. ئێستا زۆربەی هاووڵاتیانی کورد ڕۆڵە کوردزمانەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی زمانی عەرەبی. ئەگەر لە من دەپرسن، ئەمە بەڕاستی ویستی باوکان و دایکانی کوردی کەرکووك نییە» بگرە بەو پەڕی نیگەرانییەوە ئەم هەنگاوە هەڵدەگرن و منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی» چونکە دوای ڕووداوەکانی ١٦ئۆکتۆبەر و نەمانی دەسەڵاتی کوردی لەم شارە کە زۆرینەی کوردزمانە، ئاستەنگی زۆر بۆ خوێندنی کوردی دروست کراوە و غەدر و جیاکاریی زۆر لە دامەزراندن و پلەی وەزیفی لەم شارەدا کرا، ئەمەش وای کرد خانەوادەکان ئایندەی ڕۆڵەکانیان تەمومژاوی ببینن، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی میلاکی مامۆستایانی وانەبێژ و کەمیی هۆڵەکانی خۆێندن و زۆریی قوتابیان لە یەك پۆلدا، وای کردووە زیاتر پشت لە خوێندنی کوردی بکرێت. هەروەها کۆنبوونی بینای قوتابخانەکان و نۆژەن نەکردنەوەیان هۆکارێکی دیکەی ئەم بابەتەن، لایەکی دیکەوە هاتنەوەی پرسیارەکانی وزاری بۆ قوتابیان بە هەڵە و هەرجارە و بە بیانوویەك ڕەنجی ساڵێکی قوتابیان بەفیڕۆ دەدرێت، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازبوونی خوێندنی کوردی لە کەرکووك، بەڵام هێشتاش هیوا ماوە و هەرێمی کوردستان کار بۆ باشترکردنی پەروەردەی کوردی و خوێندنی کوردی دەکات و، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆك وەزیرانی هەرێم هەنگاوێکی دڵخۆشکەری ناوە. هیوادارم هاووڵاتیانی کوردی خۆڕاگری کەرکووك زیاتر بەرەوپیری خوێندنی زمانی دایکەوە بچن و، هیوا لە دەست نەدەن. هیوادارێشم حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بەم بابەتە بدەن و بەرەوپێشی بەرن».

**بە هۆی حوکمی سەربازی و دۆخی داگیرکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بە هۆی ئەو نائارامی و فەراغی ئەمنییەی کە هەیە، کورد هیچ بروایەکی بە دۆخی ئەو ناوچانە نەماوە**

**هەزاران خێزانی ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە دەڕواننە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ساڵی نوێی خوێندندا**

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا پلانی دامەزراندنی بۆ دەرچووانی کەرکووك و ناوچەکانی هەبێت، بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی حکومەت و خوێندنی کوردی زیاتر ئومێدبەخش دەبێت**



## شاناز عەبدولوەهاب:

# توانیومە لە ڕێگەی کارەکەمەوە هەلی کار بۆ دوو خاتوونی دەرچووی زانکۆ بڕەخسێنم

دەستڕەنگینی و کابانیی خانمانی کورد ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەتی کورد وێڕای ئەرکی دایکایەتی، چەندین کاری جۆراوجۆری بە جورئەتەوە ئەنجام داوە، تەنانەت لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی و لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کورد هاوکار و پاڵپشتی خێزانەکەی بووە، زۆربەی جاریش لە غیابی هاوژینەکەی بۆ منداڵەکانی هەم دایك و هەم باوکیش بووە، هەموو ئەو ڕاستییانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئافرەت کائینێکی بەهێزە و ئەگەر ڕێگری لە دەرخستنی تواناکانی نەکرێت. ئەو کۆڵ نادات و تا دوا سات دەجەنگێت. شاناز عەبدولوەهاب یەکێکە لەو ئافرەتانە و ڕاشکاوانە باسی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شاناز عەبدولوەهاب ساڵی ١٩٩٥ لە شاری کەرکووك لەدایکبووە، دەرچووی قۆناغی ئامادەییە، ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی دوو منداڵە، ئێستا نیشتەجێی شارۆچکەی چەمچەماڵە و بەمجۆرە باسی تێکەڵبوونی خۆی بە بازاڕی کار دەکات: «سەرەتای بیرۆکەی کارکردنم لە دروستکردنی شیرینییەوە دەستی پێکرد، دواتر پەیجێکم دانا، لە ڕێگەی ئەو پەیجەوە خەڵکانێك بە کارەکەم ئاشنا بوون، هەروەها لە چەند فیستیڤاڵی نمایشکردنی خواردنە دروستکراوەکان بەشداریم کرد، لە ڕێی ئەو فیستیڤاڵانە زیاتر ناسرام و ژمارەیەك لە هاوڕێ و ئازیزانم داوایان لێ کردم دووکانێك، یان چێشتخانەیەکی بچووك بکەمەوە، منیش هەوڵەکانم چڕ کردەوە و کارم بۆ ئەوە کرد و لە ئێستادا خاوەن چێشتخانەی تایبەت بە خۆمم و چێشتخانەکەشم ناو ناوە (ماڵی خاتوون).

چێشتخانەکەم تایبەت کردووە بە پێشکەشکردنی نانی بەیانی و خواردنی کوردەواری لەگەڵ هەموو جۆرە شیرینییەك، توانیومە لە ڕێگەی کارەکەمەوە هەلی کار بۆ دوو خاتوونی بەڕێز کە دەرچووی زانکۆن بڕەخسێنم، هیوام وایە لە داهاتوودا پڕۆژەکەم گەورەتر بکەم، ئەویش بۆ ئەوەی دەرفەتی کارکردن بۆ چەند خاتوونێکی دیکەش بڕەخسێنم، تاوەکو پێکەوە ئەو ڕێچکەیە بشکێنین و دەبێت بۆ هەمووانی بسەلمێنین کە ئێمەی خانمانیش دەتوانین پشت بە خۆمان ببەستین و شانبەشانی پیاوان کاربکەین و لەسەر پێی خۆمان بوەستین».

شاناز عەبدولوەهاب لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەرکەوتنی ئافرەت تا ڕاددەیەك کارێکی قورسە، بە تایبەت لە کوردستان، ئایا چۆن توانیت بەربەست و ڕێگرییەکان لابدەی و خۆت پێ بگەیەنیت؟ گوتی: «ڕاستە کارکردن بۆ ئافرەت لە کوردستان سەختە، بەتایبەتی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ کە دەرکەوتنی ئافرەت زۆر کەمە، بەڵام سوپاس بۆ خوا من توانیم ئەو ڕێچکەیە بشکێنم و پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم، ئەویش بە پاڵپشتی و هاوکاریی خێزانەکەم، بەتایبەتی هاوسەرەکەم، من لێرەوە لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە زۆر سوپاسی دەکەم».

هاوکات دەڵێت: «سوپاس بۆ خوا لە کارەکەم زۆر سەرکەوتووم و خەڵك لە کارەکانم ڕازین و لەلایەن کڕیارەکانمەوە دەستخۆشیم لێ دەکرێت و، هەمیشە هانم دەدەن کە لە کارەکەم بەردەوام بم، ئەوەش جێگەی شانازییە بۆ من و سوپاسی پاڵپشتی و هاندانەکانیان دەکەم».

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری کرد: ئایا لە ئێستادا هەنگاوەکانی ئافرەتان لە بواری کار و دابینکردنی بژێویی ژیان لە چ ئاستێکدا دەبینی؟ گوتی: «لە ئێستادا بە خۆشحاڵییەوە دۆخی ئافرەتان لە بواری کارکردندا تا ڕاددەیەك بەراورد بە ڕابردوو باشترە، هاوکات هەنگاوێکی گەورەیان هەڵگرتووە. ئێمە ئافرەتی زۆر بەهێز و بە توانامان هەیە کە دەتوانن تواناکانی خۆیان دەربخەن، هەموو ئەوانەش بۆ ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بەرچاوڕوونیی تاکی کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێتەوە کە تا ئاستێکی باش گرنگی بە کارکردنی خانمان دراوە، و پێگە و ڕێزی تایبەت بە خۆیانیان لەلایەن کۆمەڵگەوە هەیە».

سەبارەت بە ئەرکی کاری ناوماڵ و دەرەوەش گوتی: «دیارە وێڕای بەرپرسیارێتیی ماڵ و منداڵ ئەرکێکی دیکەشم لە ئەستۆدایە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوەی ماڵەکەم کار دەکەم، بە خۆشحاڵییەوە سوپاس بۆ خوا کە توانیومە لە نێوان پەروەردەکردنی منداڵەکان و بەڕێوەبردنی ماڵ و کارەکەم باڵانسێك ڕابگرم، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمەی ئافرەتان بەوە ناسراوین کەوا بەهێزین و دەتوانین پشت بە هێز و توانای خۆمان ببەستین. هەر بۆیە سوپاس بۆ خوا نەمهێشتووە کارکردنم کاریگەری لەسەر ماڵ و منداڵەکانم دروست بکات و هەردوو ئەرکەکەم بە پیرۆز دەزانم».

وەك دوا قسەشی شاناز عەبدولوەهاب لە پەیامێکدا بۆ ئافرەتان گوتی: «بە ئافرەتان دەڵێم کە بەهرەکانیان دەربخەن و تواناکانیان بخەنەگەڕ و بە کارکردنیان هەوڵ بۆ داهاتوویەکی باشتر بدەن. کارکردن نەك عەیب نییە، بەڵکو زۆریش پیرۆزە. زۆرخۆشحاڵ بووم بەم دیمانەیە جوانە و سوپاسی ستافە خۆشەویستەکەی گۆڤاری گوڵان دەکەم».

**سەرەتای بیرۆکەی کارکردنم لە دروستکردنی شیرینییەوە دەستی پێکرد، دواتر پەیجێکم دانا، لە ڕێگەی ئەو پەیجەوە خەڵکانێک بە کارەکەم ئاشنا بوون**

**دەبێت بۆ هەمووانی بسەلمێنین کە ئێمەی خانمانیش دەتوانین پشت بە خۆمان ببەستین و شانبەشانی پیاوان کاربکەین و لەسەر پێی خۆمان بوەستین**

**کارکردن بۆ ئافرەت لە کوردستان سەختە، بەتایبەتی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ کە دەرکەوتنی ئافرەت زۆر کەمە، بەڵام سوپاس بۆ خوا من توانیم ئەو ڕێچکەیە بشکێنم و پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم**



# لاوان بۆ ساڵی نوێی ٢٠٢٣ دەخوازن خەون و ئاواتەکانیان بێتەدی

گەنج و لاوی کورد هەمیشە دەست و پەنجە لەگەڵ زانست و فێربووندا نەرم دەکەن، باشتر واقیع دەخوێننەوە و زووتر دەرك بە پێویستیی شۆڕش و گۆڕانکاری و داهێنان و نوێبوونەوە دەکەن، بۆیە هەمیشە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدان و گۆڕانکارییان گرتووە. بە درێژایی مێژوو، لاوانی کورد ڕۆڵی گەورە و گرنگیان بینیوە، لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە هەمیشە داینەمۆی گۆڕانکارییەکان بوون، لە ئێستاشدا بە چاوی ئومێدەوە لە کارنامەی حکومەتی هەرێم دەڕوانن و خوازیارن ساڵی نوێی زایینی ببێتە هەوێنی بەدیهێنانی خەونەکانیان و لە پرۆسەی وەبەرهێناندا گرنگییان پێ بدرێت و حیسابی زیاتریان لەسەر بکرێت. گەنجانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دهـۆك بەرۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەكان لە ئەنجومەنی سۆران (ی.ئا.ك)، وێڕای پیرۆزبایی سەری ساڵی تازە خوازیاری ئەوەیە هەرێمی كوردستان لە ساڵی نوێدا قۆناغە سەختەكان تێپەڕێنێت و لە ئاكامدا ژیانێكی شایستە بۆ توێژی گەنجان دەستەبەر بكرێت. هاوكات دەڵێت: «لە دروستبوونی یەكەی سیاسیی سەربەخۆوە تا بە ئەمڕۆ، هیچ كات لە كوردستاندا بە شێوەیەكی تەواو و دروست پشت بە توانا و وزەی گەنج نەبەستراوە، بۆیە لە كاردانەوەی ئەمەدا گەشەكردنی بەردەوام بە شێوەیەكی تەندروست نابیندرێت. بۆیە گەنج لە دۆخی ئێستای كوردستاندا بێ بەرهەمترین چینی ئەم كۆمەڵگەیەن، ئەمەش ڕاستە بەشێكی بۆ كەمتەرخەمیی گەنج خۆی دەگەڕێتەوە». گوتیشی: «گەنجانێكی زۆر لە كوردستاندا بە دەست بێكارییەوە دەناڵێنن و لەگەڵ ئەوەی كە كەرتی گشتی و حكوومی ناتوانێت ڕێژەی زیاتری فەرمانبەر لە خۆ بگرێت، دەرفەت لە كەرتی تایبەتیشدا زۆر بەرتەسك و سنووردارە و بۆ هەموو كەسێك بەردەست نییە، ئەمەش سەری كێشاوە بۆ بێكارییەكی زۆر بەتایبەتی بۆ گەنجان كە گرفتی زۆری بۆ دروست كردوون».


سەبارەت بە چارەسەری ئەم ئاریشەیەش گوتی: «بەدیلی ئەمە لە دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابووریی كەرتی تایبەت و گشتیدایە، بەوەی پێویستە حكومەت هەلی كاری یەكسان بۆ گەنجانی خاوەن توانا و بەهرەمەند بڕەخسێنێت و ئەو كەسانەش كە ساڵانی خزمەتیان تەواو بووە، بەدیلی گەنجیان بۆ دابنرێت».

ئەحمەد محەمەد بەرپرسی ڕێكخراوی تەیراوە / پارتی دیموكراتی كوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هیوادارم ئەو كارە باش و گرنگانەی كە دەبوایە بیكەم، خودا دەرفەتم بدات لە ساڵی ٢٠٢٣ بیانكەم، پەشیمانم لە هەموو ئەو هەڵانەی كە بێ ئاگا یاخود بەهەر شێوەیەك كردوومە دووبارەیان نەكەمەوە، داواكارم لە یەزدانی مەزن بتوانم لە ئاست بەرپرسیارییەتییەكەم بم. هاوكات ئاواتی ئەوە دەخوازم بارودۆخی سیاسیمان بەرەو پێش بڕوات و نێوانی حزبە سیاسییەكان باشتر بێت و هەموو لایەك ئایندەی گەلی كوردستان لەپێش دەستكەوتەكانیان دابنێن. هاوكات ئاوات دەخوازم بتوانین خزمەتێكی بچووكی كوردستان بكەین و هەنگاوێكی دی لە كاروانی سیاسیمان بەرەو پێش ببەین. خۆیشم وەكو گەنجێك ئاواتم بۆ ساڵی نوێ ئەوەیە كە بتوانم ماستەر بخوێنم و هەنگاوێكی زانستیتر بڕۆمە پێش و بتوانم خزمەتی خۆم و كۆمەڵگە بكەم».


گوڵان حسەین مامۆستای وانەبێژە و بەمجۆرە سەبارەت بە ساڵی نوێ و خەونەكانی لاوان ڕای خۆی دەربڕی: «بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان ساڵی نوێی ٢٠٢٣ لە گشت هاووڵاتییانی كوردستان پیرۆز دەكەم، من وەكو ئافرەتێكی گەنجی ئەم كوردستانە خوازیارم ساڵی نوێ ببێتە هەوێنی هاتنەدیی ئامانجەكانمان و ببێتە هۆی بەختەوەریمان. ئامانجی من وەك هەر تاكێكی ئەم وڵاتە بوونی كوردستانێكی ئارام و سەقامگیرە لە گشت بوارەكانیدا و بوونی وڵاتێكی دیموكراسی و ئازادە». گوتیشی: «ئاواتم پێشكەوتنی تاكە لە بواری خوێندن و تەكنەلۆژیادا، وەكو ئامانجی تایبەتیم وەكو دەرچوویەكی زانكۆ كە ماوەی شەش ساڵە وانەبێژم، ئەوەیە بكرێین بە هەمیشەیی، هەروەها دۆزینەوەی هەلی كار بۆ گەنجی وڵاتەكەم یەكێكە لە ئامانجە گرنگەكانم و دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتیانی وڵاتەكەم لە گشت بوارەكانی ژیاندا ئاواتی گەورەی منن».

ئەحمەد شەمزین سریشمەیی ڕاگەیاندنكارە و ئەویش وەك هەزاران هاوتەمەنی خۆی ئاواتەخوازە «ساڵی داهاتوو ببێتە ساڵی بەدیهاتنی خەونەكانی لاوان و گەیشتن بەو ئامانجەی كە هەوڵی بۆ دەدەن.» گوتیشی: «فەراهەمكردنی كەشوهەوایەكی هێمن و ئارام لە وڵاتەكەمدا و ڕەخساندنی هەلێك بۆ بردنەپێشەوەی گەنجان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەكاندا ئاواتی گەورەمە و هیوادارم ساڵی تازە ببێتە ساڵی سەقامگیری و ئاسایش و ئاسوودەیی بۆ گشت مرۆڤایەتی و بەتایبەت وڵاتەكەم».

پەیام غەریب توێژەری كۆمەڵایەتییە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «وەك تاكێكی كورد پیرۆزبایی ساڵی نوێی زایینی لە هەموو خوشك و برا مەسیحییەكانم لە جیهان و كوردستان بەتایبەتی دەكەم، هیواخوازم ساڵێكی پڕ لە خۆشبەختی بێت بۆ هەموو لایەك و بۆ گەلی كوردستان بەتایبەتی. هیوادارم دۆخی كوردستان زیاتر ئارامی بە خۆیەوە ببینێت. یەكرێزی و تەبایی ئامانجی سەرەكی هەموو تاكێكی كوردە، خوازیارم لەم ساڵەدا بایەخ و گرنگیی زیاتر بە ئافرەتی كورد بدرێت و لە ڕووی یاساییەوە پشتگیریی زیاتر بكرێن و دوور بن لە كوشتن و هەڕەشە، كە بەداخەوە ڕۆژانە بە پاساوی جیاواز دەكوژرێن. هیوادارم ساڵێك بێت بۆ سەرفرازیی ئافرەتی كورد و ئەو دیاردە دزێوانە نەمێنن. چونكە ئافرەت سیمبولی جوانی و خۆشەویستییە و شایانی ئەوەیە ڕێزی بگرن».



دهـۆك بەرۆژی:
**پێویستە حكومەت هەلی كاری یەكسان بۆ گەنجان بڕەخسێنێت**



ئەحمەد محەمەد:
**ئاواتم ئەوەیە كە هەنگاوێكی زانستیتر بڕۆمە پێش و بتوانم خزمەتی خۆم و كۆمەڵگە بكەم**



گوڵان حسەین:
**خوازیارم ساڵی نوێ ببێتە هەوێنی هاتنەدیی ئامانجەكانمان**



ئەحمەد شەمزین:
**هیوادارم ساڵی تازە ببێتە ساڵی سەقامگیری بۆ گشت مرۆڤایەتی و بەتایبەت وڵاتەكەم**



پەیام غەریب:
**خوازیارم لەم ساڵەدا بایەخ و گرنگیی زیاتر بە ئافرەتی كورد بدرێت و لە ڕووی یاساییەوە پشتگیریی زیاتر بكرێن**

# لۆڤەر جمەی دێت

(٢)

**لۆڤەر، گرنگترین مۆزەخانەی هونەرە لە ئاستی جیهاندا. کەوتووەتە کەناری باکووری ڕووباری سین لە پاریس پایتەختی فەرەنسا. لە بنەڕەتدا مۆزەخانەکە قەڵایەك بووە، لە ساڵی ١١٩٠ز-دا (٨٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا) لە لایەن شا فیلیپ ئۆگۆست شای فەرەنساوە دروست کرا. پاشان بوو بە کۆشکی پاشایەتی و تا ساڵی ١٦٧٢ کۆشکی پاشایەتی بوو. لەو ساڵە بە دواوە کۆشکی لۆڤەر بوو بە شوێنی پاراستنی پەیکەر و توحفەی پاشایی. لە ساڵی ١٦٩٢دا دوو ئەکادیمیای تایبەت بە (هونەری نواندن) و (هونەری پەیکەرتاشی و نیگار)ی تێدا کرانەوە و بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ لەوێدا مانەوە. لە شۆڕشی فەرەنسادا ١٧٨٩دا کۆمەڵەی گشتی بڕیاری دا لۆڤەر بکرێتە مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی و شاکارەکانی نەتەوەی فەرەنسای تێدا نمایش بکرێن. لە ساڵی ١٧٩٣دا مۆزەخانەکە کرایەوە. لۆڤەر ناودارترین مۆزەخانەی هونەرە لەسەر ئاستی جیهاندا، بە گوتەی مۆزەخانەکە، ساڵانە سەرووی ٩ ملیۆن کەس سەردانی دەکەن (لە ساڵی ٢٠١٨دا ١٠ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس سەردانی لۆڤەریان کرد). ڕووبەری هۆڵەکانی لۆڤەر نزیکەی ١٣ کیلۆمەتر دووجان، یەك ملیۆن بەرهەمی هونەر (تابلۆ و پەیکەر)ی تێدایە. لە پاڵ ئەوەشدا ٥٦٦٤ پارچە شوێنەواری گریك، ڕۆم، میسر و میزۆپۆتامیای تێدایە. ئەم مۆزەخانەیە گەلێك شتی دانسقە و دەگمەنی تێدایە، هەوادار و ئارەزوومەندان لە بنی دنیاوە بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت. ئەو بۆ خۆی ناوەندێکی بێ وێنەیە لەسەر ئاستی جیهاندا. دەسپێکی لۆڤەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا بە ٥٣٧ تابلۆ و ١٨٤ پارچەی هونەری بوو، سێ چارەکی ئەوانەش هی کۆشکی پاشایەتی بوون. لۆڤەر لە ماوەی هەشت سەدەدا بووە بە بەشێك لە شکۆی مێژووی فەرەنسا، پاشایەکانی فەرەنسا و دواتر شۆڕشی فەرەنسا و تەواوی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، هەردەم بایەخیان بەو کۆشك و مۆزەخانەیە داوە، ساڵانێکی زۆر بووبوو بە ماڵ و هەواری هونەرمەندان، حکومەت ژیان و گوزەرانی دابین دەکردن و ئەوانیش خەریکی هونەر دەبوون.**

ئا/ تاریق کاریزی

**گەڕانەوە بۆ کوردستان**

ڕۆستەم ئاغالە هونەرمەندێکی توانا و کارای باشووری کوردستانە. ئەو لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمدا بەشی نیگاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کرد. هەر ئەو کات بوێرانە هاتە دەست و مانۆڕی هونەری بە فراوانی دەست پێ کرد. لەبەر ئەوەی ژیانی خۆی بۆ هونەر تەرخان کرد، بە چڕی درێژەی بە کاری خۆی دا، وەك هونەرمەندێك بەردەوام لە هەوڵی پێناسە کردنی خۆی و هونەرەکەیدا بوو. ئەو کەسایەتیی خۆی وەك هونەرمەندێك پێناسە و نمایش کرد، هونەری بردە نێو ماڵی باوکی و تا ئەو ڕۆژەی چووە نێو ژیانی هاوژینییەوە، هونەر لە ماڵە کۆییەکەی بە بنەچە گوندی ڕێزی لێ گیرا. ڕۆستەم بە کردار و تیۆری چووە نێو گوڵشەنی هونەرەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ بەژنی هونەر و تێگەیشتنی ئەو لە پەیامەکەی، باڵای دەکرد، ڕەنگە بەهێزترین خاڵی هونەرەکەی ئەو لەوەدا خۆی بنوێنێت، ژینگەی خۆی کردە بابەتی هونەر و ئەفراندن، بەمە هەر لە سەرەتاوە بوو بە خاوەن ڕێچکەی خۆی. ماوەیەکی زۆر لە ناوەندی شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریی باشووری کوردستاندا ئەرکی بەڕێوە بردنی (گەلەریی زامۆ)ی گرتە ئەستۆ. هەنگاوی هەرە گەورە و کاریگەری، کردنەوەی (گەلەریی ئاغالە) بوو لە شاری کۆیە. گەلەرییەکە دامەزراوەیەکی کوالێتی بەرزی هونەری شێوەکارییە، ئەگەر ڕێتان کەوتە کۆیە، لە بیر مەکەن لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان سەردانی گەلەریی ئاغالە بکەن. بە دڵنیاییەوە بەرهەمی زۆر دانسقەی تێدا دەبینن.

**فەرەنسا و کوردستان**

بیر کردنەوە لەوەی ئێمە خۆمان بە فەرەنسا بەراورد بکەین، لایەنە ئەرێنییەکەی ئەوەیە، بۆ گەشە و پێشکەوتن هانمان دەدات. پێمان دەڵێت شکۆی نەتەوەکان، شکۆمەندیی وڵاتان بەشێکی بە هونەرەوە بەندە. دەی دەبا ئێمەش بایەخ بە هونەر بدەین، بیکەین بە بەشێك لە میرات و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان. لە پاڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستییەش نادیدە نەگرین، فەرەنسا لە ئاستی هەرە باڵای دەسەڵاتی وڵاتدا سەرووی ٨٠٠ ساڵە بایەخ بە هونەر دەدات، هونەر پشتیوانیی زۆری لێ دەکرێت. لە کوردستاندا ئێمە لە هەنگاوی یەکەمداین. لە سەرەتای کاروانەکەداین، ئەگەر پێمان وایە هونەر گرنگ و پێویستە، ئیدی دەبێت لە



چەندین ئاستدا قۆڵی لێ هەڵماڵین و بۆ کار کردن بکەوینە خۆ، هێندەش پشوومان درێژ بێت، بۆ سەدان ساڵ کار بکەین.

لێرەشدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم، هەرچەندی سەرەتاکەمان سادە و ساکاریش بێت، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگار، ساڵ بە ساڵ بەرهەمی کار و ماندوو بوونمان خۆی دەنوێنێت. ئەوەشمان لە بیر نەچێت، ئێستا توانا و تەکنیك هێندە گەشەیان کردووە، ئەوەی لە سەدەکانی ڕابردوودا بە دەیان ساڵ دەکرا، ئێستا بە چەند ساڵێکی کەم دەکرێت. هەڵبەت ئەرك و خەمی یەکەمی دروست کردنی مۆزەخانەی هونەریش، لە ئەستۆی هونەرمەندانە. ئەگەر ئێمە چاومان لەوەیە مۆزەخانەی هونەرمان هەبێت، دەبێت توانا و ئیرادەی زاڵ بوون بەسەر دەیان کۆسپ و تەگەرەمان هەبێت کە ئەگەر هەیە لەو ڕێیەدا بێنە پێشمان.



# بەرهەمەکانی ئینگمار بێرگمان و سینەمای سوید لە فیستیڤاڵی فیلمی دهۆک

وردبوونەوە و گرنگیدان بە بەرهەمەکانی «ئینگمار بێرگمان»، دەرهێنەری دیار و کاریگەری دانەری سویدی و براوەی چوار خەڵاتی ئۆسکار لە نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆك» بەڕێوە چوو.

نۆیەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك بە یادی یۆڵماز گۆنای دەرهێنەری بەناوبانگی براوەی خەڵاتی چڵە خورمای زێڕینی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «کان» لە فەرەنسا ساڵی ١٩٨٢ کرایەوە.



## سینەما ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ کاریگەری دانانی فیکری و کەلتووری

لە سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمەدا، ئەمیرعەلی محەممەد تاهیر سەرۆکی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك لە پەیڤێدا گوتی: «مایەی خۆشحاڵییەکی گەورەیە کە نۆیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» بەڕێوە دەبەین و پیرۆزبایی بە هەموو هونەرمەندان و بەتایبەتیش سینەماکاران دەڵێم، لە هەلومەرجی سەخت و دژواری ناوچەکەدا، ڕاگرتنی ڕووداوە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان ڕووداوێکی ناخۆشە و بە پێچەوانەوە، پشتیوانیکردنیان وەك فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا پەیامی تایبەتی خۆی هەیە، سینەما ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ دانانی کاریگەریی فیکری، کەلتووری و زیرەکییە و دەوری ئەو لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا حاشا هەڵنەگرە، فیستیڤاڵ دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ کۆبوونەوەی سینەماکارانی کورد و بیانی لە تەنیشت یەکدی، بۆ ئەوەی کە زیاتر لەمە یەکتری بناسن و لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کە هەیانە، بیروڕا و بیرۆکە نوێیەکانیان بخەنە ڕوو، لە ڕاستیدا فیستیڤاڵەکە، پردێکە لە نێوان کەلتوور و هونەرەکەیاندا».

## گرنگیدان بە بەرهەمەکانی «ئینگمار بێرگمان» و سینەمای سویدی

بەپێی نەریتی هەر خولێکی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك»، سینەمای یەك وڵات وەك وڵاتی گرینگ و وردبوونەوە لە فیلمەکانی لە ڕۆژانی فێستیڤاڵەکەدا بەشداری دەکات، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵەکان ئاڵوگۆڕی کەلتووری و دروستکردنی پردەکانە بۆ پەیوەندی و پەیوەستکردنی سینەماکارانی ناوخۆیی لەگەڵ سینەماکارانی بیانی، سوید خاوەنی سینەمایەکی باڵادەست و پێشکەوتنخوازە، کە ئەمە دەتوانێت ڕێگەیەکی زۆر باش بێت بۆ کەڵك وەرگرتن لە سینەمای سویدی، بەم پێیە، سوید بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لە فیلمە بەرچاوەکان لە نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆکدا، دەبێتە وڵاتی مەکۆ و ناوەندی.

## ئەندامی باوەڕپێکراوی خەڵاتەکانی ئسکرین «ئاسیا پەسیفیك»

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» ئەندامی باوەڕپێکراوی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتەکانی ئسکرین «ئاسیا پەسیفیك» ناسراو بە «ئۆسکاری ئاسیا» APSA لە وڵاتی ئۆستوراڵیایە و لە ئاستی وڵاتی عێراقدا بەرهەمە سینەمایی و بەڵگەفیلمەکان بەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە دەناسێنێت.



لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕكێی «سینەمای كوردی»ی ئەم فیستیڤاڵەوە تەندیسی گەڵا مێوی زێڕ و زیو، تابلۆی فەخری و خەڵاتی ١٠ هەزار دۆلاری بۆ باشترین فیلمی سینەمایی، خەڵاتی پێنج هەزار دۆلاری تایبەتی ئەندامای لیژنەی دادوەران بۆ باشترین دەرهێنانی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی چوار هەزار دولاری بۆ باشترین سیناریۆی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی سێ هەزار دۆلاری بۆ باشترین ئەكتەری پیاو، خەڵاتی سێ هەزار دۆلاری بۆ باشترین ئەكتەری ژن، خەڵاتی چێنج هەزار دولاری بۆ باشترین بەڵگەفیلم، خەڵاتی ٨٥٠٠ دۆلاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی دهۆك بۆ باشترین كورتە فیلم بۆ پشتیوانی لە سازكردنی پڕۆژەی نوێی دەرهێنەری ئەم بەرهەمە، خەڵاتی ١٠ هەزار دولاریی تایبەتی ئەندامای لیژنەی دادوەران بۆ باشترین كورتە فیلم، كە لە ناوچەی بادینان بەرهەم هاتووە، خەڵاتی ١٠ هەزار دۆلاری پارێزگاری دهۆك بۆ باشترین فیلمی سینەمایی، كە لە ناوچەی بادینان بەرهەم هاتووە.

نۆیەمین خولی ئەم فیستیڤاڵە تایبەت بە بابەتی «كۆڕەوی» و بە نمایشی ٩٧ بەرهەم، لە چوارچێوەی فیلمە بڵندە سینەماییەكان، كورتە فیلم و بەڵگەفیلمەكان لە چەندین بەشی پێشبڕكێی و دەرەوەی پێشبڕكێی لەوانە: بەشی پێشبڕكێی «سینەمای جیهان»، واتە نۆ فیلمی بڵندی سینەمایی، هەشت بەڵگەفیلم و ١١ كورتە فیلم، بەشی پێشبڕكێی «سینەمای كوردی» واتە پێنج فیلمی بڵندی سینەمایی، شەش بەڵگەفیلم و ١٥ كورتە فیلم، بەشی «ڕوانینێك بە سینەمای جیهان»، واتە شەش فیلمی بڵندی سینەمایی، چوار بەڵگەفیلم و سێ كورتە فیلم، بەشی «پانۆڕامای سینەمای كوردی»، واتە: ١٩ كورتە فیلم، بەشی «نمایشی تایبەت بە سینەمای سوید» نۆ فیلمی بڵندی سینەمایی، هەروەها بەشی «نمایشی تایبەت بە سینەما» یەك فیلمی بڵندی سینەمایی و یەك بەڵگەفیلم.

## دابەشكردنی خەڵاتەكان

ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٨ ڕێوڕەسمی كۆتاییهێنان بە نۆیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆك بەڕێوە چوو، براوەكانی ئەم خولە ئاشكرا كران و خەڵاتەكان دابەشكران.

شەوكەت ئەمین كوركی گوتەیەكی پێشكەش كرد و رایگەیاند: «ئەم ساڵ زیاتر لە ٣٠ وڵات بە فیلمەكانیان بەشدارییان لە فێستیڤاڵەكەدا كردووە، زیاتر لە نیوەی فیلمەكانی ئەمساڵ كوردی بوون، كە بەراورد بە ساڵانی رابردوو بە ڕێژەیەكی بەرچاو زیادی كردووە، هەروەها جێگای دڵخۆشییە كە ڕێژەی بینەری فیلمەكان لە چاو ساڵانی رابردوودا زۆر هەڵكشاوە، هیوای سەركەوتن و بەردەوامی بۆ هەموو فیلمسازانی بەشدار لە فیستیڤاڵەكە دەكەم».

ئەم جارە لەمیانی نۆیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆكدا، خەڵاتی یڵماز گونەی پێشكەشی دەرهێنەری فیلمی (Klondike)ماریانا ئێر گۆرباخ كرا. هەروەها حوسێن حەسەن وەك باشترین دەرهێنەر و شیلان دوزدابان وەك باشترین ئەكتەری ژن و بەنگین عەلی وەك باشترین ئەكتەری پیاو خەڵات كران. فیلمی جیران وەكو باشترین فیلمی دۆكیومێنتاری خەڵاتی پێ بەخشرا و، مانو خەلیل خەڵاتی باشترین سیناریۆ بۆ فیلمی جیرانی پێ درا.



# یادێکی هونەرمەند جەلال سەعید

عەبدولڕەحمان فەرهادی

لەم ڕۆژانە بە سەیداوەدا چووم و شەقامی جەلال سەعیدم بینی، کە سی مەتری و شەست مەتری بەیەك دەگەیەنێت، کۆڵێ خۆشحاڵ بووم بەوەی ئەم جادەیە بە ناوی هونەرمەندێکی نەمر کراوە، کە لەوێ ژیاوە. جەلال سەعید لە ژیان و دوای مەرگیشی هەقی خۆی نەدرایێ، ئەو پیاوێکی بە هەڵوێست و ڕەوشتبەرز بوو، وەك لێی دەگێرنەوە کە قەت سازشی لەگەڵ بیروڕا و سەربڵندیی خۆی نەدەکرد، بە سادەیی ژیا و بە نەدارییش دەیگوزەراند، هەموو ژیانیشی هونەرەکەی بوو، خۆزگە کۆتەڵێکیشیان لەسەر پردەکەی سەیداوە بۆ دادەمەزراند.

هاوڕێیەکمان چەند ساڵێك لەوەوبەر، هەر بۆ خۆشی یادگارییەکی جەلال سەعیدی بۆ گێڕامەوە، منیش هەر بۆ خۆشی لێرەدا دەیگێڕمەوە:

لە حەفتاکان و پێشتریش خەڵك بە حەنچە و نێرن و مارسیدسی ٥٣ دەچوونە بەغدا، کورد هەر کە دەگەیشتنە نەهزە، تەنیا مەیدانیان پێدەزانی، نەهزە پڕی سایەق تاکسیی عارەب بوو، هەر کە چاویان بە کوردان دەکەوت کە بە کراس و شەرواڵ و کڵاشەوە بەوێدا وەردەبوون، پێیان دەگوتن: ها کاکە لیلمەیدان؟ کاکە کاکە لیلمەیدان؟ کاکە یەم گەهوە مال نەسیم؟ سایەقی عارەب بە سێ درهەمان کوردی سواری قەمەرە دەکرد و یەکەوڕاست دەیبردن بۆ ئوتێل ئەربیل یان ئوتێل ئەمین. ڕۆژێکیان جەلال سەعید و ساڵح سەرچناری هەر بۆ کەیف و سەفا لە نەقلیاتی هەولێرەوە سواری حەنچەیەکی شین دەبن و بۆ نیوەڕۆکەی دەگەنە نەهزە، لەوێ سایەقی عارەب دەیانگەیەننە مەیدان، هەردووکیان بەو زەردەگەرمایەی تەمموزی بەغدا، هەست بە برسێتی دەکەن و ڕوو دەکەنە یەکێك لە ڕێستورانتە زۆروزەوەندەکانی ئەوێ، ڕێستورانتەکانی ئەوکات پڕی شاگردە میسری بوون، ئەوان لە یەك لە ڕێستورانتەکان کە دادەنیشن، یەك لە میسرییەکان دەچێتە لایان و پێیان دەڵێت تفەززەڵ یا بێ، شتاکلوون؟ ئەوانیش بە هەردووکیان پێنج کەلیمە عارەبی نازانن، ساڵح ڕوو دەکاتە جەلال، جەلال دە دوو قسانی لەگەڵ بکە، جەلال دەڵێ واحید تەشریف( واتە یەك تەشریب)، کابرای میسری تێیێ دەگات و ڕوو دەکاتەوە ساڵح، تفەززەل، ساڵح بە جەلالی دەڵێ جەلال وەیبرێیێ با لۆ منیش تەشریفەکی بینی، جەلال ڕوو دەکاتە شاگردەکە و پەنجەش بۆ ساڵح درێژ دەکا و دەڵێ واحید تەشریف، کابرای میسری خەریکە بڕوا، ساڵح دەڵێتە جەلال: کورە جەلال وەیبرێیێ ئی من تێنەکووشی، با هیی من نانەکەی بەتەنێ و گۆشتاوەکەشی بەتەنێ بینی، پێی بڵێ با بۆ من تێنەکوشی، جەلال چەندی سەر دێنێ و دەبا نازانێ بە عارەبی ئەوە بە میسرییەکە بڵێ، بۆیە ڕوو دەکاتەوە ساڵح و دەیلێتێ: ساڵح بە عارەبی تێمەکووشە نییە، عارەب هەر تێدەکووشن و تێمەکووشە بە عارەبی نابی! دەبی هەر تێکووشی.

یادی هەموویان بەخێر.



پەرژین سەلام
ڕاهێنەری زوومبا و ئایرۆبیک لە ناحیەی پیرەمەگروون:

# وەرزش دنیایەکی پاکە گوناهە بە چاوی گومانەوە لێی بڕوانرێت

**سەنتەری قەزا و ناحییەکانی شارەکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هۆڵەکانی وەرزشی تێدا زیاتر دەبێت، ئافرەتانی کوردستانیش لە ئێستادا زیاتر روو لە وەرزشی لەشڕێکی و لەشجوانی و و هێزی لەش دەکەن، ئەم یارییانەش لە گەشەسەندندان، ئافرەتان شارەکانی کوردستان کە گرنگیی زۆر بەم وەرزشە دەدەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن لەشولارێکی رێك، رەنگە لە ماوەی داهاتوودا ئەم یارییە ببێتە یەکێك لەم یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە رێژەیەکی زۆر روو لەم یارییە بکەن و کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی گەورە بکەن لە پاڵەوانێتیەکاندا، لە ئێستادا هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشە، (پەرژین سەلام) کە ڕاهێنەری ئەو بوارەیە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی پیرەمەگروونە و ماوەی چەند ساڵێکە ڕاهێنەری لەشجوانی و زوومبا و ئایرۆبیك و فیتنسە لە هۆڵێکی ناحیەی پیرەمەگروون، پێشتریش چەندین یاریی جۆراوجۆری لەگەڵ یانەکانی کوردستان ئەنجام داوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** یاریی لەشجوانی لە چ قوناغێکدایە لە کوردستان؟**
-ئەم وەرزشە لە ئێستادا بەرەوپێشچوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە لە چاو ساڵانی ڕابردوودا.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کە تەنیا یەك جارە لە ساڵێکدا، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**
- کەمیی پاڵەوانێتی تا ڕادەیەکی مامناوەند کار دەکاتە سەر ئاستی بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە، چونکە ئەم یارییە زیاتر حەزێکی تاکەکەسییە و پێویستییەکە بۆ تەندروستی و لەشجوانی.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**
- بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە پێویستە ڕاهێنەری بەتوانا و شارەزا پەروەردە بکرێت، هەروەها هۆڵی تایبەت بە خانمان دابین بکرێت، پاشان نرخی بەشداریی هۆڵەکان کەم بکرێتەوە و لە توانای خانماندا بێت.

*** پاڵەوان بوون چی دەگەیەنێت لای تۆ؟**
-پاڵەوان بوون لە یاریی لەشجوانیدا یەکەم تەندروستییەکەی باشە و دووەمیش لەشولارێکی جوان و هێزێکی سرووشتی دەبەخشێت، واتا تۆ پاڵەوانیت.

*** گرنگی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیتەوە ؟**
- پێویستە هاوکاریی زیاتری ئافرەتی وەرزشکار بکرێت و پێداویستی و شوێنی تایبەتیان بۆیان دابین بکرێت.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**
-وەکو ڕاهێنەرێك و مامۆستایەکی وەرزش و یاریزانێك لە بواری وەرزشدا دەمێنمەوەو بەردەوام دەبم و هەوڵی



بەرەوپێشچوون دەدەم.

***بڕیارت نەداوە تیپێکی کچان دروست بکەیت؟**

- ئەگەر خوای گەورە یارمەتیدەر بێت لە داهاتوودا لە بواری تۆپی پێی کچان تیپێکی شاهانە دروست دەکەم.

*** تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە بۆ ئێوەی وەرزشکار؟**

- وەرزش دنیایەکی پاك و جوانە گوناهە بە چاوی گومانی ناشیرین سەیر بکرێت، هەر چەندە ئێستا تاڕادەیەك خەڵك هۆشیارە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزش چییە؟**

- لە کوردستان وەرزش زۆر بێناز کراوە وکەمترین گرنگیی پێ دەدرێت، لە کاتێکدا دەتوانیین لە ڕێگەی وەرزشەوە وڵات بە جیهان بناسێنین، بەڵام لە کوردستان بەرپرسانی وەرزشی خەونە وەرزشییەکانی ئێمەیان لە چاڵ ناوە.

*** زیاتر چ توێژێکی خانمان روو لە ئێوە دەکات؟**

-ئەو خەڵکانەی روو لە هۆڵی وەرزشی دەکەن بە پلەی یەك زیاتر ئەوانەن کە کێشی لەشیان زۆرە و بەدەست قەڵەوییەوە دەناڵێنن، چینێکی گەنج حەز بە وەرزشی لەشجوانی و هێزی لەش دەکەن، جگە لەوانەی نەخۆشی شەکرە و چەوریی خوێن و لاوازی ماسوولکە و فەقەراتیان هەیە کە بە ڕێنمایی پزیشك ڕەوانەی هۆڵی وەرزشیی دەکرێن.

*** خەونی وەرزشیت چییە لە داهاتوو؟**

-خەونی هەموو یاریزانێك ئەوەیە خۆی لە لوتکەدا ببینێتەوە.

*** خۆشترین یادەوەریی وەرزشیت چییە؟**

- یادەوەری لە ژیانی وەرزشیمدا زۆرە، بەڵام جوانترینیان ناسینی هاوسەرم بوو.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- لە یاریی تۆپی پێ بە میسی سەرسامم.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟.**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم خزمەتە، هیوادارم وەرزش لە کوردستاندا گرنگیی پێ بدرێت و فەرامۆش نەکرێت.



# هازارد وازی لە یاریی نێودەوڵەتی هێنا

ئیدین هازارد، ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەلژیکا، ماڵئاوایی لە هەڵبژاردەکە کرد و وازی لە یاریی نێودەوڵەتی هێنا.

ئیدین هازارد، یاریزانی ٣١ ساڵی هەڵبژاردەی بەلژیکا، دوای ئەوەی لە قۆناخی یەکەمی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر لە پاڵەوانێتییەکەدا کرانە دەرەوە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی فەرمی وازهێنانی لە یاریی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند و بە درێسی هەڵبژاردەی بەلژیکا یاری ناکات.

هازارد لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە لە ٢٠٠٨ تاوەکو ئێستا یاری بۆ هەڵبژاردەی بەلژیکا دەکات و ڕۆڵی گەورەی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردەکە بینیوە، لە بارەی وازهێنانی لە یاریی نێودەوڵەتی دەڵێت: لاپەرەکە دادەخرێت، سوپاس بۆ خۆشەویستیتان.

ئەستێرەکەی ڕیال مەدرید ١٢٦ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکا ئەنجامداوە و ٣٣ گۆڵی تۆمارکردووە، ٥٦ یاری وەک کاپتنی هەڵبژاردەکە ئەنجامداوە.

بەلژیکا لە قۆناخی یەکەمی مۆندیالدا ئاستێکی وای پێشکەش نەکرد و ماڵئاوایی کرد، بەر لە وازهێنانی هازارد، ڕۆبێرتۆ مارتینێز، ڕاهێنەری هەڵبژاردەکەش دەستی لە کارکێشایەوە.




## کاتی دەستنیشانکردنی باشترینی جیهان دیاریکرا

یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) لە ماڵپەری فەرمیی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاندووە دابەشکردنی خەڵاتی زە بێست دەکەوێتە مانگی شووباتی ساڵی داهاتوو.


بەخشینی خەڵاتەکە لەسەر بنەمای وەرز دەبێت، واتە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی یاریزانان دەکرێت لە ڕۆژی ٢٠٢١/٨/٨ تاوەکو ٢٠٢٢/١٢/١٨.

دواتر فیفا لە مەراسیمێکدا لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/٢٧، لە بارەگای خۆی لە سویسرا خەڵاتەکە دابەش دەکات، دواینجار ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری پۆڵەندی ئەو خەڵاتەی بەدەستهێنابوو.

بە گوێرەی پێشبینی میدیایەکانی ئەوروپا، بردنەوەی مۆندیال کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر براوەی خەڵاتەکە دەبێت، چاوەکانیش زیاتر لەسەر مباپێ، مێسی و مۆدریچە، کە ئەمانە لەگەڵ یانەکانیشیان وەرزی ڕابردوو نازناویان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەوروپا بردووە.

## کاکا ڕەخنە لە هاندەرانی دەگرێت

ریکاردۆ کاکا، ئەفسانەی بەرازیلی ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی هاندەرانی بەرازیلی بەرامبەر هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان گرت و جەختی کردەوە، کە بەشێکی زۆری بەرازیلییەکان بەشێوەیەکی باش پاڵپشتیی تیپەکەیان ناکەن و مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەکانیان ناکەن، کە شایەنینە.



ئەفسانەی هەڵبژاردەی بەرازیل، کە نازناوی مۆندیالی ٢٠٠٢ی بەدەستهێناوە، لەسەر سەماکارانی سامبا قسەی کردووە، لە لێدوانێکی تەلەڤزیۆنیدا کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردووە، کاکا باسی ڕۆناڵدۆی دیارەدە کردووە.

کاکا نموونەیەکی بۆ گرنگی نەدانی بەرازیلییەکان بە ئەفسانەکانیان هێنایەوە و گوتی: ڕۆناڵدۆ لە بەرازیل تەنیا وەک پیاوێکی قەڵەو سەیردەکرێت، کە بە شەقامدا دەڕوات.

کاکا ئاماژەی بەوەش کرد، سەیرە ئەمە بڵێین، بەڵام زۆر لە بەرازیلییەکان پاڵپشتیی بەرازیل ناکەن، هەندێکجار وا ڕوودەدات.

زیاتر گوتی: ئەگەر خەڵکی لێرە ڕۆناڵدۆ ببینن بەدەوریدا دەسوڕێنەوە و دەڵێن واووو، ئەو لێرە شتێکی جیاوازی هەیە، لە بەرازیل وانییە، تەنیا پیاوێکی قەڵەوە، کە بە شەقامەکەدا دەڕوات.

ئەفسانەی بەرازیلی سەبارەت بەو ڕەخنانەش قسەی کرد، کە بەرازیلییەکان ئاراستەی نەیماریان کرد، لەو بارەیەوە گوتی:ئێستا زۆر کەس لە بەرازیل باسی نەیمار دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی نەرێنی، لەوانەیە بەهۆی سیاسەتەوە بێت، بەڵام بەرازیلیەکان هەندێک جار دان بە بەهرەکانیاندا نانێن.

# گرفتی وەرزش
# لە ناوەندەکانی خوێندن بەداواداچوونی بۆ دەکرێت

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ڕەوشی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن و چالاککردنی سەرجەم یەکە وەرزشییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی لە سنووری پاریزگای هەولێر، مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی هونەری وەرزشی و مامۆستایانی وەرزشی کۆبووەوە، بەمەبەستی بە دواداچوون و گوێگرتن لە داوا کاری و پێشنیارەکانی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی هونەریی وەرزشی لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەیی هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێوەبەری گشتی تیشکی خستە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی چالاکییە وەرزشییەکان لە سنووری پاریزگای هەولێر و، جەختی لە سەر گرنگیی وانەی وەرزش و ئەنجامدانی چالاکیی وەرزشیی جۆراوجۆر بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی ڕەوتی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن کردەوە، ئاماژەشی بەوەدا کە وەکو بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر گرفتە وەرزشییەکان چارەسەر دەکات و، بەڵێنی هاوکاریی بەردەوامی دا بە چالاکییە وەرزشییەکان، بۆ ئەوەی وەرزش گرنگیی خۆی هەبێت وەکو سەرجەم سێکتەرەکانی دیکەی بواری پەروەردە، گوتیشی لە ئێستادا ئەو هۆڵە وەرزشییەی کەوا بۆ بەڕێوەبەراتیەتیی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی بۆ وەرزشکارانی قوتابی دروست دەکریت لە هەولێر، بەدواداچوونی بەردەوامان بۆ کردووە بۆ ئەوەی بە زووترین کات کارەکانی تەواو ببێت، ئەم هۆڵەش خزمەت بە قوتابییە وەرزشوانەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکانیش بکات، بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیشی دا، بۆ ئەوەی وەرزش گرنگیی خۆی هەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن و، پشتگیریکردنی وەرزش لە سەرجەم پەروەردەی قەزاکان، دەستخۆشیشی لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی کرد بۆ ئەو ئەنجامە باشانەی کە لە ڕابردوودا لە سەر ئاستی کوردستان بە دەستیان هیناوە، دواتریش بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی هونەری و مامۆستایانی وەرزشی گرفتە وەرزشییەکانیان بۆ بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر روون کردەوە، ئەویش لەلایەن خۆییەوە هەمووپشتگیرییەکی بۆ وەرزش لە پاریزگای هەولێر دووپات کردەوە.





# یانەی خانزاد ڕاهێنەرێکی هیندی دەهێنێت

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی شەترەنج لە شاری هەولێر و دروستکردنی تیپێکی بەهێز لە ئاستەکانی تەمەن بۆ داهاتووی یانەکەی، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد لە بەرنامەیدایە ڕاهێنەرێکی بە ڕەگەز هیندی بهێنێتە ریزی یانەکەی، بۆ ئەوەی بتوانێت بەم ڕاهێنەرە تیپێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکات، لەم بارەشەوە دکتۆر دڵزار حمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ماوەی ڕابردوودا پاڵەوانێتییەکمان ئەنجام دا بۆ ئەو یاریزانانەی کە بە ڕەگەز هیندین و لە شاری هەولێر دەژین، توانیمان سەرکەوتوو بین، بۆیە لەگەڵ ئەوان ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی ڕاهێنەرێکی هیندی بهێنین بۆ گرووپێکی یاریزانانی یانەکەمان، بۆ ئەوەی ئاستیان زیاتر بەرەوپێش بچێت»، لە بارەی بەرنامەی خوێندنیش کە ئیستا شەترەنج چووەتە ناو پڕۆگرامەکانەوە، گوتیشی: «ئێستا شەترەنج چووەتە سەر ڕێچکەی خۆی لە بواری خوێندنیش خولێکی وەرزشی بۆ مامۆستایانی هەموو قوتابخانەکانی کوردستان دەکەینەوە، دانانی پرۆگرامی خوێندنی شەترەنج بۆ پۆلەکانی حەوت وهەشت و نۆ دەبێت، یانەی شەترەنجی خانزاد دایناوە، جگە لەوەش لە ١٧ پەیمانگەی سەرجەم شارەکانی کوردستان بۆ چوارەم ساڵە دەخوێندرێت، بەرنامەی زیاترمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین شەترەنج ببینە قۆناغی زۆر باش و، کێشەو گرفتمان نییە، سوپاس بۆ خودا ئێتستا خەڵك زیاتر دێنە ناو ئەم وەزشە».

# سلێمانی پاڵەوانی تێنسی سەرمێزی یانەکانی کوردستان بوو

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی تێنسی سەرمێز لە شارەکانی کوردستان و پشتگیریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی وەرزش، بە چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان و بە سەرپەرشتیی فیدراسیۆنی یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان، لە شاری سلێمانی بە بەشداریی ١٦ یانەی شارەکانی کوردستان پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی یانە نایابەکانی کوردستان لە ئاستی کوڕان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند، یاریزانانی بەشدار بوو لە یانە جیاوازەکانی شارەکانی کوردستان کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و پلەکانی پێشەوە، لە کۆتاییشدا کوڕە یاریزانانی یانەی سلێمانی توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و، نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆیان یەکلا بکەنەوە، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزان و تیپە سەرکەوتووەکاندا بەپێی ریزبەند دابەشکرا.

١-یانەی سلێمانی
٢-یانەی سۆلاڤ
٣-یانەی ئاشتی
٤-یانەی ئەکاد
٥-یانەی دەربەندیخان
٦-یانەی دهۆك
٧-یانەی هەولێر
٨-یانەی سەرچنار






# بەم هەنگاوانە خۆت لە ئەنفلوەنزا بپارێزە!

ئەنفلوەنزای وەرزی باوە لە وەرزی زستاندا، بۆیە پێویستە کە پەیڕەوی هەنگاوەکانی خۆپاراستن بکەین، وەکو: ساڵانە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا Flu shot کە گرنگترین ڕێگەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەنفلوەنزا و ئاڵۆزییەکانی، بەتایبەتی بۆ پیرەکان و ئافرەتی دووگیان و منداڵان لە تەمەنی شەش مانگ تا پێنج ساڵی، زوو زوو شووشتنی دەستەکان و وشککردنەوەیان بە دەستماڵی کاغەزی (کلینس) چونکە پاکڕاگرتنی دەستەکان زۆر گرنگە بۆ خۆپاراستن لە ئەنفلوەنزا و هەڵامەت و گەلێک نەخۆشیی میکرۆبیی دیکە، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دەم و لووت و چاوەکان، تەنیا پاش شووشتنی دەستەکان یان بەکارهێنانی کلینس نەبێت، دوورکەوتنەوە لە کەسانی تووشبوو بە ئەنفلوەنزا، چونکە ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا بە خێرایی و بە ئاسانی دەگوازرێتەوە بە ڕێگەی کۆکە یان پژمین تا دووریی یەك مەتر، بەتایبەتی لە شوێنە داخراو و قەرەباڵغەکاندا، مانەوە لە ماڵەوە و خۆجیاکردنەوە لەگەڵ بەستنی ماسك لەکاتی هەستکردن بە نیشانەکانی ئەنفلوەنزا، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە.

# ڕیجیمی خۆراک سووڕی مانگانەی ئافرەت تێک دەدات

خۆراك كاریگەریی بەرچاوی لەسەر سووڕی مانگانەی ئافرەتدا هەیە، خۆراکی تەندروست واتە سووڕی مانگانەی تەندروست. ڕیجیمی خۆراك هۆکارە بۆ تێکدانی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان هاوکات لەگەڵ کەمیی ماددە خۆراکییە گرنگەکاندا، ئەمەش زۆر جار دەبێتە ئەگەری ناڕێکبوونی ڕیتمی سووڕی مانگانە، یان وەستانی سووڕی مانگانە Amenorrhea هەتا ئەگەر کاتییش بێت. لە لایەکی دیکە، ڕیجیمی سنووردارکردنی کالۆری دەبێتە ئەگەری (زاڵبوونی) هۆرمۆنی ئیسترۆجین Estrogen dominance کە نیشانەکانی بریتین لە: سەرهەڵدانی ئازار و گرژیی پێش دەستپێکی سووڕی مانگانە PMS، سووڕی مانگانەی قورس واتە بینینی بڕێکی زۆری خوێن، سەرئێشە، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، کۆبوونەوەی گاز لە سکدا، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، لەگەڵ پەستی و خەمۆکی. پێویستە ئەمەش بزانرێت کە هەر جۆرێکی ڕیجیم کاریگەریی نەرێنی لەسەر سووڕی مانگانەدا هەیە، جا ڕیجیمی کەمکردنەوەی کالۆری یان ڕیجیمی یۆ یۆ Yo-yo dieting یان ڕیجیمی کیتۆ بێت.







## نیشانەکانی گەشەی دروستی منداڵ

ئەگەر نەشتوانیت بە ئاسانی بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا گەشەی منداڵەکەت دروستە یان نا، ئەوا بە ئاشنابوون بەم نیشانانە دەتوانیت بگەیتە ئەنجام، کە بریتین لە: گەشەی فیزیکی دروست بێت، واتە کێش و درێژی باڵای گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن بە پێی خشتەی تایبەت بە گەشەی منداڵ، چوست و چالاك و بەئاگا Alert بێت، بۆنموونە توانای مەشقی وەزرشیی هەبێت بەلای کەم بۆ ماوەی ١٥ خولەك بێ ماندووبوون و ڕۆژانە چەندین جار، توانایەکی باش و خێرای فێربوونی هەبێت، ئارەزووی باشی بۆ خواردن و خۆراکی جۆراوجۆر هەبێت، ددانەکانی ساغ و بەهێز و پاك بن، قەدێکی ڕێك و دروستی Posture هەبێت لەکاتی وەستان و دانیشتن و جووڵەدا، ماسوولکە و ئێسکەکانی بەهێز بن، خەوی دروست و بێ پچڕان بێت، خاوەن تەندروستییەکی باشی کۆئەندامی هەرس بێت، بەتایبەتیش دوور بێت لە قەبزی.

## لەش چیی بەسەردا دێت ئەگەر واز لە خواردنی گۆشت بێنیت؟

ئەمە روونە کە کەمخواردنی گۆشت سوودی تەندروستیی هەیە، بەڵام چی لە لەشدا روودەدات ئەگەر بە یەکجاری واز لە خواردنی گۆشت بهێنیت؟ ئەمە سەلمێنراوە کە ئەوانەی پەیڕەوی خۆراکی رووەکی دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان بە گەلێك نەخۆشی زۆر کەم دبێتەوە وەکو نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی شەکرە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، قەڵەوی، هەروەها هەندێك جۆری شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پرۆستات لە پیاو و شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا. ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر لەشدا دێن، پاش وازهێنان لە خواردنی گۆشت بریتین لە: هەستکردن بە برسیبوون لە ١-٢ هەفتەی سەرەتای وازهێنان لە خواردنی گۆشت، کە بنەمایەکی دەروونیی هەیە، کەمبوونەوە یان گۆڕان لە هەستی چێژدا لەبەر کەمبوونەوەی کانزای زینك لە خۆراکدا لەوکاتەی کە گۆشت دەوڵەمەندە بەم کانزایە، کە رۆڵی هەیە لە باشترکردنی سیستمی بەرگریی لەش و هەستی چێژدا، بۆیە پێویستە کە کانزای زینك بە شێوەی دەنك بە رێنمایی دکتۆر وەربگیرێت، پاش وازهێنان لە خواردنی گۆشت، هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخش لە ریخۆڵەدا هاوکات لەگەڵ باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و رێکخستنی جووڵەی ریخۆڵە، کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە رەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ، کەمبوونەوەی ئەگەری قەڵەوی و تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە، هەروەها هاندانی دابەزینی کێشی لەش.





# ئایا تەمومژ زیانی تەندروستیی هەیە؟

تەمومژ (Fog) پێك دێت لە بڕی زۆری دڵۆپەی وردی ئاو، یان کریستاڵی ئاوی بەستوو بە هەڵواسراوی لە قەبارەیەکی دیاریکراوی هەوادا، کە لە نزیك زەوی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەمێنێتەوە. لە لایەنی فیزیکەوە، تەمومژی و هەور وەك یەکن، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت کە تەمومژ بریتییە لە هەورێکی زۆر نزیك لە رووی زەوی. لەکاتی تەمومژدا هەوا ناجووڵێت یان زۆر بەکەمی دەجووڵێت، ئەمەش وا دەکات کە مادده پیسکارەکانی هەوا بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە هەوادا بمێننەوە، واتە هەڵمژینی زیاتری ئەم ماددانە لە لایەن مرۆڤەوە. تەمومژ بە دوو رێگە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کرداری هەناسە: یەکەم، هەڵمژینی هەوای تەمومژاوی واتە بەرکەوتنی سییەکان بە هەوای سارد و تەڕ، ئەمەش دەبێتە ئەگەری هەستکردن بە سەرما و سووتانەوەی بۆریی هەناسە هاوکات لەگەڵ کۆکە و هەناسەڕاوکێ لەگەڵ سووتانەوەی قوڕگ و لووتدا. دووەم، لەو کەسانەدا کە بەرگریی لەشیان لاوازە، تەمومژ ئەگەری تووشبوونیان بە هەوکردنی بۆریی هەناسە زیاد دەکات، هەروەها تەمومژ تا رادەیەکی کەمتر کاریگەریی سووك دەکاتە سەر پێست و چاو.

# پیازی سوور یان پیازی سپی؟

هەر دوو جۆری پیازی سوور و سپی سوودی تەندروستیی زۆریان هەیە، ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆدەگرن، بەڵام بەگشتی پیازی سوور لە پیازی سپی سوودبەخشترە. ئەگەرچی رێژەی ریشاڵ لە پیازی سپیدا زیاترە بەراورد بە پیازی سوور، بەڵام پیازی سوور گەلێك ماددەی گرنگیی تر بە رێژەیەکی بەرزتر لەخۆدەگرێت، وەکو ماددە دژەئۆکسانەکان، بەتایبەتی فلاڤۆنۆیدەکان Flavonoids کە هاوکاتە لەگەڵ ئاستی بەرزتری خۆپاراستن لە شێرپەنجە و شلکردنەوەی خوێندا، لە لایەکی دیکەوە پیازی سوور رێژەیەکی بەرزی لە ماددەی کوێرسێتین Quercetin تێدایە کە لە گرووپی ماددە دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکانە و، رۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ جۆری ماددەکانی (ئەنتۆسایانینەکان Anthocyanins) کە رەنگە سوورەکەی پیاز پێك دەهێنن و سیفەتی دژەبەکتریا و دژەشێرپەنجە و دژەهەوکردنیان هەیە، هاوکات لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان، هەروەها پیازی سوور رێژەیەکی کەمتری شەکر لەخۆدەگرێت.



# ئایا مەشقی وەزرشی بە گەدەی بەتاڵ زیانی هەیە؟

مەشقی وەزرشی بە گەدەی بەتاڵەوە زیانێکی ئەوتۆی تەندوستیی نییە، ئەگەرچی گەلێك جار هۆکارە بۆ هەستکردن بە سەرسووڕان لەگەڵ هیلاکی و بێهێزی Bonking لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، ئەمەش هۆکارە بۆ نەبوونی توانا بۆ ئەنجامدانی مەشقی توند، وەکو ئەو توانایەی کە ماوەیەك پاش خواردنێکی سووك بۆ مەشقکردن پەیدا دەبێت. مەشقی وەزرشی بە گەدەی بەتاڵەوەی سوودی هەیە بە گوێرەی ئامانجی مەشقەکە، بۆ نموونە ئەگەر ئامانجی سەرەکی لە مەشقەکەدا دابەزاندنی کێشی لەش بێت، ئەوا ئەنجامدانی بە گەدەی بەتاڵ سوودی زیاتری هەیە بۆ سووتاندنی چەوریی زیادی لەش، بەهەرحاڵ خواردنێکی سووك پێش مەشقی وەزرشی بۆ ئەو کەسانەی کە وەرزش پیشە نین، زۆر گرنگە بەمەبەستی سووتاندنی چەوریی لەش، هەروەها توێژینەوەکانی زانکۆی تێکساس جەخت دەکەنەوە کە خواردنێکی سووك پێش مەشقی وەزرشی یەکجار گرنگە بۆ کەسانی تەمەن ٥٥ ساڵ و بەسەرەوە، بەتایبەتی لەکاتی بەیانیاندا.



# بژاردەیەک لە باشترین پرینتەرەک

**پرینتەر (printer) ئامێرێکی گرنگە بۆ ئەوەی داتاکانی سەر کۆمپیوتەر بخاتە سەرکاغەز، چ دەق بێت یا وێنە یا بەڵگە و دۆکیۆمێنتی دیکە. پرینتەرەکان لە کارکرد و جۆرایەتیاندا جیاوازن. پرینتەری زەبەلاح**

## پرینتەری جۆری: Epson EcoTank ET-2750




کۆمپانیای ئیپسۆن Epson لە ریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنەری پرینتەر دێت، پرینتەری جۆری Epson EcoTank ET-2750 یەکێکە لە باشترین پرینتەرەکانی سەرمێز لە ساڵی ٢٠٢٢دا. پرینتەرەکە پێویستی بە گۆڕینی کارتریج واتە شوێنی حیبر نییە، بەڵکو حیبری تێدەکرێتەوە. شوێنی تێکردنەوەی حیبریش لەسەرەوەیە بۆیە پێویست ناکات شوێنەکان دەربهێندرێن و بەئاسانی تێیدەکرێتەوە. بۆ لاپەڕەیەك کە تەنیا دەق بێت لە چوارچرکەدا چاپ دەبێت، بەڵام ئەگەر وێنە بێت و رەنگی بێت نزیکەی ٨ چرکەی پێدەچێت.

## پرینتەری جۆری: Lexmark MB3442

کۆمپانیای Lexmark یەکێك لە بژاردەترین پرینتەرە سەرمێزییەکانی خۆی خستەڕوو، ئەویش پرینتەری جۆری MB3442یە. پرینتەرەکە لەیزەرییە و زۆر خێرایە و دەتوانێت تەنیا لەیەك خولەکدا ٤٢ لاپەڕە پرێنت بکا. شوێنی هەڵگرتنی لاپەڕەکانی ٣٥٠ لاپەڕە لەخۆی دەگرێت. جگە لەوەی پرینتەرە، دەتوانێت سکان و فۆتۆکۆپیش بکات. چونکە پرینتەرەکە لەیزەرییە بۆیە تێچووی کڕینیش هەندێك گرانە. پرینتەری ناوبراو دەتوانێت لە مانگێکدا هەشت هەزار لاپەڕە پرێنت بکات.



## پرینتەری جۆری:
## INKvestment MFC-J995DW



# ـــــانی سەرمێز لە ساڵی 2022دا

**و مەزن هەیە بۆ پیشەسازی و کاری چاپخانە دەبێت، هەروەها پرینتەری سەرمێزیش کە تایبەتن بە ڕاپەڕاندنی زۆربەی کاروباری ڕۆژانە. لێرەدا ئاماژە بە بژاردەی باشترین پرینتەرەکانی سەرمێز لە ساڵی ٢٠٢٢دا دەکەین.**



## پرینتەری جۆری: HP Office Jet Pro 9015e

پرینتەرێکی بژاردە لە ساڵی ٢٠٢٢دا پرینتەری جۆری HP Office-Jet Pro 9015eیە. ئەم پرینتەرە لەگەڵ ئەوەیدا هەرزان باییە، چەند تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەیە بۆ نموونە شوێنی دانانی ٣٥ لاپەڕەی هەیە هەروەها خۆکار لاپەڕەکە وەردەگێڕێ و هەردوو ڕووی کاغەزەکە چاپ دەکات بەبێ ئەوەی کە بەکارهێنەر لاپەڕەکەی بۆ وەربگێڕێ. شاشەیەکی بچووکی هەیە کە لەمسییە و بە ڕیمۆت کۆنترۆڵی پرینتەرەکە دەکات. نزیکەی ١٦ لاپەڕە لە خولەکێکدا بە کوالیتییەکی بەرز چاپ دەکات. شایانی ئاماژە پێدانە HPیش لە ریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دێت.

## پرینتەری جۆری: EcoTank Pro ET-5850

ئیپسۆن لە بەرهەمهێنانی پرینتەردا لە ریزی پێشەوە دێت، پرینتەری جۆری EcoTank Pro ET-5850 بە یەکێك لە پرینتەرە سەرکەوتووەکانی کۆمپانیای ناوبراو دێت. ئەم پرینتەرە پێویستی بە کاتریج نییە و شەحن دەکرێتەوە. هەرکاتێك تەواو پڕکرایەوە دەکرێت چەند هەزار وەرەقەی پێ پرێنت بکرێت. مانگانە دەکرێت ٣٣٠٠ وەرەقە پرێنت بکا. تایبەتمەندییەکی بەهێزی پرینتەرەکە ئەوەیە پێویست بە هەڵدانەوەی لاپەڕە ناکا و خۆکار لاپەڕەکە هەڵدەداتەوە و پرێنتی دەکا. بەشی سەرەوەی وەرەقە دانان شوێنی ٥٠ وەرەقە دەگرێت. شاشەیەکی ٤,٣ ئینجی لەپێشەوە هەیە و بەهۆیەوە دەکرێت فەرمانەکانی بەکارهێنانی پێ ئەنجام بدەی. ١٥ لاپەڕە لە خولەکێکدا چاپ دەکات.



کۆمپانیای brother لە ریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی پرینتەر دێت، پرینتەری جۆری INKvestment MFC-J995DW یەکێکە لە بژاردەکانی پرینتەری سەرمێزی کۆمپانیای ناوبراو. پرینتەرەکە پڕ ناکرێتەوە و بەڵکو کاتریجی هەیە. کۆمپانیای بەرهەمهێن رایدەگەیەنێ کە هەر کاتریجێك هەتا یەکساڵ پێویستی بە گۆڕین نییە. فیدەری پرینتەرەکە واتە شوێنی دانانی کاغەز لەسەرەوە تەنیا ٢٠ وەرەقە دەگرێت. لەگەڵ وای-فای ماڵەوە پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەکرێت لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە بەبێ وایەر پرێنت بکەی. شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی پرێنتەرەکە. شوێنی دانانی میمۆری و فلاش میمۆری هەیە و دەکرێت ڕاستەوخۆ لەوانەوە بەڵگە و وێنەکان چاپ بکەی. هەروەها جگەلەوەی پرینتەرە، سکاینەر و فۆتۆکۆپیشە.





# کامێرا و دووربین و وەرگێڕ لە چاویلکەیەکدا

مرۆ چەندە زمانان بزانێ ئەوەندە مرۆیەیە! بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە، ئەگەر گەشتێك بۆ وڵاتێك بکەی و زمانی ئەو وڵاتە نەزانی و نەتوانی تابلۆکان بخوێنیەوە، بەراستی کێشەی گەورەت بۆ دێتە پێش. وەرگێڕە دیجیتالیەکانی وەك گوگڵ و مایکرۆسۆفت سوودێکی زۆریان گەیاندووە، بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەوانە دەبێ هەمیشە مۆبایلت بەدەستەوە بێت.

چاویلکەی جۆری Superhexa Vision لەیەك کاتدا هەم وەرگێڕە و هەم کامێرای وێنەگرتنە و هەم دووربینی مەودای دوور بینین. دوو کامێرای هەیە، کامێرایەکی ٥٠ میگاپیکسلی بە گۆشەی پان و بەرین و هەروەها کامێرایەکی تلەفۆتۆی ٨ میگاپیکسلی. جگە لەوە شاشەیەکی زۆر بەهێزی لە جۆری micro-OLED هەیە. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر بە هۆی سیستەمی بلوتوس و وای-فای پەیوەند دەدرێت. دەتوانی راستەوخۆ وێنەکان بۆ مۆبایل بگوازرێتەوە.

چاویلکە سمارتەکەی شیائومی لە زەینی دەستکرد بۆ وەرگێڕانی وتار بە دەق سوود وەردەگرێ. دەتوانێ دە زمان بۆ یەکتر وەربگێڕێ. هەروەها دەتوانێت ئامرازەکان بناسێتەوە. دەتوانێت گوڵ و گیاکان سکان بکا و زانیاری لەبارەیانەوە بە بەکارهێنەرەکەی بدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، دەمەوێ مۆبایلەکەم بفرۆشم، بەڵام چ بکەم کە داتاکانی ناوەوەی بۆ هەمیشە بسڕێنەوەو تەنانەت بە ریکۆڤەریش نەگەڕێنەوە؟**

خوێنەری بەڕێز، پرسیارەکەت لە شوێنی خۆیدایە و زۆر کەس کە مۆبایل دەفرۆشێت یا دەبەخشێت، پێیوایە بە داگرتنی بەشی reset factory داتاکانی ناوەوەی دەسڕێنەوە. بەڵام لە راستیدا وانییە و شارەزای ئەو بوارە دەتوانێ بە پرۆگرامێکی ریکۆڤەری بیانگەڕێنەوە. بۆ ئەوەی هیچ کات داتاکان نەگەڕێنەوە، سوود لە پرۆگرامی Data Eraser و هاوشێوەکانی وەربگرە. لە پرۆگرامی ناوبراودا بچۆ سەر بەشی Freespace و دواتر Internal Storage هەڵبژێرە. دواتر فەرمانی Continue لێبدە و لەودا دوو بەش دێن هەرکامیان دابگری جیاوازی نییە. ئیدی دوای ئەوە بۆ هەمیشە داتاکان دەسڕێنەوە.


# پرۆگرامێک بۆ نەخشەسازیی دیکۆرات

نەخشەسازیی دیکۆراتی ماڵەوە پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە نەخشەسازی لە کەوەنتەراتی چێشتخانە، یا مۆبلیات و یا هەر دیکۆراتێکی دیکە.

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ نەخشەسازی لەم بوارەی ئاماژەمان پێدا، یەکێك لە لە پرۆگرامە ناسراوەکان، پرۆگرامی TrunCAD 20XXیە. ئەم پرۆگرامە هەموو ئامرازەکانی نەخشەسازیی دیکۆراتی بەشێوەی سێ رەهەندی واتە 3D تێدایە. بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی شارەزاییەکی زۆرت لەسەر نەخشەسازی هەبێ، بەو ئامرازانەی لە پرۆگرامەکەدا هەن بە جوانترین شێوە دەتوانی دیزاینی چێشتخانە، ژووری نووستن، ژووری پێشوازی ...تاد بکەی.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- پرۆگرامێکی خێرا و ئاسان بۆ دیزاینی کەلوپەلی ئاشپەزخانە، وەك کەوەنتەر و مێز و کورسی.
- دیزاینی نەخشەی سێ دەوری و داتاکانی CAD بەبێ ئەوەی زانیاریت لەوبارەوە هەبێت.
- نەخشەسازی دیکۆراتی ماڵەوە.






# کامێرای سەرووی ونەوەشەیی لەسەر مۆبایل دادەنرێت

ڕەنگە زۆرتان لە فیلمی خەیاڵی زانستیدا دیتبان کە کارەکتەرێکی ناو فیلمەکە کامێرایەکی پێیە لە پشتی دیواریشەوە دەبینێت و دەزانی لەو دیوی دیوار یا گابەردێکەوە کێی لێیە! دیارە ئەمە زیادەڕەوییی زۆر تێداکراوە، بەڵام کامێرای سەرووی وەنەوشەیی (حەراری) ئەمە دەکات و کامێراکان هەر شوێنێك تیشکی سەرووی ونەوەشیی تێدابێت یا بە واتایەکی دیکە تینێکی هەبێت دەبینێت.


کامێرای سەرووی ونەوەشەیی ئەگەرچی بە زۆری بۆ بواری سوپایی و شەڕ سوودی لێدەبیندرێت، بەڵام گرنگی کامێراکە لە بوارەکانی دیکەشدا جێگای خۆی هەیە. وەك بواری پیشەسازی و گەشتیاری و ڕاوشکار بەتایبەتی مانەوە لە دارستاندا بۆ دیتنی گیانلەبەرەکانی ناو دارستان لە شەودا.

کامێرای جۆری FLIR ONE Edge Pro کامێرایەکی حەرارییە، لەسەر مۆبایل بە هەردوو جۆرەکەی ئایفۆن و ئەندرۆید دادەنرێت، دەکرێت بە جیاش سوودی لێوەربگیرێت. کامێراکە هەموو ئەو ئەرکانەی کامێرایەکی حەراری ئەنجامی دەدات ئەویش ئەوە دەکات. بۆ دیتن لە شەوی تاریکدا و هەروەها بۆ بواری پیشەسازی بەتایبەتی بواری چاککردنەوەی ئامێرەکان سوودێکی زۆری لێدەبیندرێت.



## ماڵپەڕێک بۆ سڕینەوەی پاشخان


سڕینەوەی پاشخان یان باکگراوەند لە وێنەدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە دیزاین و نەخشەسازی و هەروەها بواری فۆتۆگرافیدا. لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپدا ئەوکارە دەکرێت، بەڵام دەبێ شارەزاییەکی زۆرت لەو بوارەدا هەبێت. هەندێك ماڵپەڕ بە شێوەی ئۆنلاین پاشخانی وێنەکان دەسڕنەوە، یەکێك لەو ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی www.slazzer.com ە. لەم ماڵپەڕەدا بەبێ هیچ زانیارییەك دەتوانی باکگراوەندی وێنەکان بسڕیەوە و نە تەنیا سڕینەوە بەڵکو بەیەك کلیك دەتوانی باکگراوەندی تایبەتی بۆ وێنەکانت دابنێی. تایبەتمەندییەکی دیکەی ماڵپەڕەکە ئەوەیە ئەگەر وێنەکەت کوالیتی لە خوارێ بێت، کوالیتی بەرز دەکات. هەروەها بۆ سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس ئاپی تایبەتی هەیە.




# پەنجەرەیەک بەرەو ژیان

چەندە چێژبەخش دەبوو، لە ماڵەوە کە لە شارێکی قەرەباڵغدا دەژی، کاتێك سەیری پەنجەرەی دەرەوت دەکرد، شەپۆلی دەریات دەدی، یان چاوت بە دیمەنی کەژوکێو و چیمەن و سەوزایی بەهاری دەکەوت. چوارچێوەی دیجیتالی atmoph window 2 پەنجەرەیەکت بەرەو ژیاندا بۆ دەکاتەوە. وەك پەنجەرەیەك دەچێت یا وەك تابلۆیەکی گەورەی دیجیتالی بەڵام بە ویستی خۆت چ شوێنێکت لە جیهان حەز لێبوو، بەشێوەی 4K سەیری دەکەی. شتێك کە پەنجەرە دیجیتاڵییەکە لە تیڤیەکی کوالیتی بەرز جیا دەکاتەوە، ئەوەیان هەمیشە هەڵبووە و بەردەوام تابلۆکان دەگۆڕێت. نە تەنیا دیمەنەکان وەك تابلۆ دەبینی، بەڵکو دەنگی شوێنەکەش بە کوالیتیەکی بەرز دەبیستی. شاشەکە ٣٧ ئینجە و سیستەمی وای-فای هەیە و لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و دەکرێت تابلۆی ناوازە وەربگری. تەنیا هەر تابلۆ نیشان نادات بەڵکو دەکرێت وەك کاتژمێرێکی گەورەی ماڵەوە سوودی لێوەربگرێ کە ڕۆژمێر و کەشوهەواش نیشان بدات.









# کاتژمێری ناسک بۆ دەست و مەچەکت

خشڵەکان گەوهەرن و هەموویان مۆدێکی ناسك و گونجاویان هەیە، پێویستە بزانیت هەر خشڵێك هێمای جوانیی خۆی بە جەستە دەبەخشێت، کاتژمێری دەست، کەرەستەیەکە بۆ زانینی کات، هەروەها خشڵ و ئێکسسوارێکە بۆ جوانی، ئەوانەی خولیای لەدەستکردنی کاتژمێرن، رەنگە زیاتر لە جۆرە کاتژمێرێکیان هەبێت، ئەوانەش کە حەز بەو خشڵە ناکەن، دەتوانن جارێك تاقی بکەنەوە، ئەو کاتە دەزانیت چەندە جوان و ناوازەیە. ئەگەرچی پێویستە کاتەکانت رێك بخەیت بۆ کاتی دەوام و دەرچوون و ئامادەکردنی چێشت، پێویستە کاتژمێرت هەمیشە لە دەست بێت، تا بتوانیت بە سانایی کاتەکانت بزانیت، هەروەها هەندێ جاریش رەنگە بە هۆی وەستانی کاتژمێرێکی ماڵ یان کاتژمێری ژووری چێشتلێنانەوە تووشی هەڵە ببیت، بۆیە لەدەستکردنی کاتژمێرێك سوودیشی بۆ رازاندنەوەی دەستەکانت دەبێت. لە مۆدە تازەکانی کاتژمێرەکانی دەستدا، بایەخ بە کاتژمێری نەخشدار کراوە، کە بەشێکی زۆری نەخشەکە کەوتۆتە سەر زنجیرەکان، هەروەها سەری کاتژمێرەکەش گەورە و جوانتریشە شێوەی بازنەیی بێت. لە بارەی رەنگی کاتژمێرەوە، هەوڵبدە رەنگەکانی زێرین و رەش و سپی بۆ سەری کاتژمێرەکە هەڵبژێریت، هەروەها رەنگی قایشەکانیش لە سوور، پەمەیی، رەش، زیوو، قاوەیی بێت.




# نمرەی رەنگی قژ لەگەڵ روخسارت شیک بکە

نمرەکانی رەنگی قژ باوو جۆراوجۆرن، پێویستە بزانیت کامە رەنگ لەگەڵ شێوازی روخسارت دەگونجێت، بۆیە هەڵبژاردنیشی ئەستەمە، لێرەوە ئاشنایان ببە: کەزیی شێوە کرامێل، مۆدێکی ناسك و نایابە، کرامێل هاوشێوەی رەنگی کرێمییە کە هایلایتێکی رازاوەیە، بە تایبەت ئەگەر کەزی و بەشی کۆتایی قژت لەو رەنگە بێت، بۆ ئەوانەش گونجاوە کە رەنگی پێستیان ئەسمەرە، وەکو مۆدەکانی قژی پریانکا شوپرای ئەکتەری ناوداری هیندستانی، نمرەی گۆڵدن میلۆن، رەنگێکی دیکە ناسکە، گەنج و بچووکت دەکاتەوە، کە زەردی تۆخە و لە رەنگی زێڕ نزیکە، بە مۆدەکانی (golden melon) ناسراوە، بۆ ئەو رەنگە پێویستە ماوە ماوە سەردانی سالۆن بکەیتەوە، تا ئەو رەنگە تۆخ بکەیتەوە، برۆند سۆمبەر - Bronde Sombré، ئەوانەی قژیان رەش و قاوەییە، پێویست ناکات خەریکی تۆخکردنی رەنگی قژیان بن، بەڵکو دەکرێت هەندێ نمرەی رەنگی دیکە بۆ قژیان زیاد بکەن، وەك: زەردی کاڵ، رەنگی سووری خەنەیی، پەمەیی باستیل، ئەو رەنگە بۆ ئەوانەیە کە دەیانەوێت لە تەمەنێکی هەرزەکاری و بچووکدا دەربکەون، بۆ کاتی کلیپ و گەشت و سەیرانە، بۆ کاتەکانی دیکە گونجاو نین، ئەو رەنگە لە زەرد نزیکە هەمان شێوازی رەنگی زەرد وەردەگرێت. مۆدی میکس، بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو رەنگ لە قژێکدا، کە ئەوەش مۆدێکی نایابە و سەرنجڕاکێشە، دەتوانیت لەگەڵ رەنگی قژت یان رەنگێکی هەڵبژێدراو و، رەنگێکی دیکەش کە لە یەك نزیك بن بۆ رەنگی قژت دیاری بکەیت.




# پۆشتە کردنی منداڵەکەت گوزارشت لە کارامەیی و دەستڕەنگینیت دەکات

کارامەیی خانمان و دایکان لەوەدایە کە ماڵێکی خۆش و گەرموگوڕیان هەبێت و منداڵەکان لەشساغ و باش و جوان دەربکەون، بۆ ئەوەی لە هەموو کاتێکدا جێگەی دەستخۆشی بیت، پسپۆری جلوبەرگ (ساندرا ماهیر) بۆ ئەو لایەنە دەڵێت: منداڵەکان پێویستیان بە جلێکی گەرمە، دواتر دەبێ ڕەچاوی جوانیی جلەکە بکرێت. ئەوخاتوونە چەندین مۆدە و ڕەنگی بۆ جلی منداڵان لە وەرزی زستاندا داناوە، لێرەوە ئاشنای ئەو جلانەبن: بۆ کاتی دەرچوون، چاکترە بلووز و جلوبەرگی خوری لەبەر منداڵەکانت بکەیت، تا لە سەرمای دەرەوە بە دوور بن، هەروەها ڕەنگەکانی، مۆر و سوور و ڕەش گونجاون، بۆ کاتی سەردانی و ماڵەوە، دەکرێت جلی پەمووو بۆ منداڵەکانت هەڵبژێری، تا جەستەی ئارەقە نەکات، بۆ ماڵ و سەردانی پێویستە ڕەنگی جلوبەرگی منداڵەکەت پەمەیی و شین بۆ کچان و، قاوەیی و ڕەساسی بۆ کوڕ هەڵبژێریت. منداڵ هێندە ئاگاداری جلەکانیان نین، بۆیە ئەگەر چاکێتێکت بۆ هەڵبژارد، چاکترە پێشەوەی لە دوگمە بێت نەوەك زنجیر، چونکە منداڵ بە ئاسانی زنجیرەکان دەکەنەوە و بەمەش سەرمایان دەبێت. بۆ هەڵبژاردنی پێڵاو بۆ ڕۆڵەکانت، چاکترە پێڵاوی پووت بۆ کچان و نیو پووت بۆ کوڕ دەستنیشان بکەیت، تا لە پیسی و ئاوی باران و سەر شەقام قاچ و جلەکانیان پاك بن.



## شێنی وشیار:

# ئامانجی من پیشاندانی ڕێگەیەکی ڕاست و کاڵایەکی باشە لە ڕێگەی پەڕەکانی سۆشیال میدیاوە

**بلووگەر، دەستەواژیەکی تازەی نێو سۆشیال میدیا و دونیای تەکنەلۆژیایە، ئەو کەسەی کە بە بلووگەر یان پەبلیك فیچەر دەناسرێت، ئەوانەن کە ڕۆژانە ژیانی تایبەتیی خۆیان لە شوێنە گشتییەکاندا، یان بۆ دەرخستنی کاڵا و بەرهەم و شوێنی بەرچاو و دیار بەسەردەبەن، تاوەکو خەڵك پێی ئاشنا بن، وەك کاری ڕێکلام وایە، بەڵام بە شێوەیەکی خودی و کەسی دەکرێت، شێنی وشیار کچە ناوداری ئەو بواریە، جگە لەوەی لە پێشوودا وەك شاژنی شاری سلێمانی ناسراوە، ئێستا وەك بلووگەرێکی چالاك لە نێو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، تەنیا لە تۆڕی ئینستگرامدا خاوەن زیاتر لە ٥٧٠ هەزار هەوادارە، لە سناپ چاتدا ١١٠ هەزار ڤیوەری هەیە، گوڵان چەند پرسێکی ئاراستە کرد و وەڵامەکانی بەم چەشنە بوون:**



*** بلووگەر کێیە و کێ دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە؟**

- بلووگەر کەسێکە کە ناودارە، ژیانی ڕۆژانەی بۆ خەڵك و کۆمەڵگە دادەنێت و بڵاو دەکاتەوە، خۆشی و ناخۆشییەکانی لەگەڵ فانەکانیدا شەیر دەکات.

*** بلووگەر بۆ کاری بازرگانی یان خۆشی و شادی بەخشین بەکاردێت؟**

- ئامانجی من پیشاندانی ڕێگەیەکی ڕاستە بە گەنجان و پیشاندانی کاڵایەکی باشە لە ڕێگەی پەڕەکانی سۆشیال میدیاوە.

*** تا چەند بلووگەرانی کورد لە چاو ئاستە جیهانییەکاندا خزمەت دەکەن؟**

-بلووگەرانی کورد ئێستا کەم کەم هاتوونەتە نێو بوارەکە و لە چاو ئاستی بلووگەرانی جیهاندا کاری باش دەکەن و هیچیان کەم نییە.

*** بلووگەری دەچێتە خانەی سۆشیاڵ میدیا، یان کاری ڕاگەیاندن؟**

-دەچێتە خانەی سۆشیاڵ میدیا.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- وەرگرتنی فێریفای لە پرۆژەماندایە بۆ هەموو لاپەڕەکانی سۆشیاڵ میدیای تایبەت، تاوەکو زیاتر بناسرێم.

*** ئایا داهات و سەرمایەت لە کاری بلووگەرییەوە دەست دەکەوێت؟**

- بە دڵنیایەوە بەڵێ.

*** بلووگەرانی کورد لاسایی دەکەنەوە یان کاری داهێنان لە کارەکانیان دەکەن؟**


- بە ڕای من بلووگەرانی کورد هیچیان لە ئاستی بلووگەرەکانی دیکەی جیهانی کەمتر نییە و کاری جوان دەکەن و لە داهێنان بەردەوامن.

*** نازناوی شاژنی سلێمانیت ماوە، یان بە بلووگەر ناسراوی؟**

- لە نێوان هەردووکیدا ماوم، واتە بە شاژنی سلێمانی و بلووگەر ناسراوم.

*** نازناوی شاژنی سلێمانی کێ بۆی هەڵبژاردیت؟**

ڕاگەیاندنە ئەزیزەکان و خەڵکی بە گشتی و فانەکانم.







# تاکە مرۆڤی رزگاربوو لە بۆمبی ئەتۆمی

سونۆ سۆبی، گەنجێکی تەمەن ٢٠ساڵ (سونۆ سۆبی)، لە چرکەساتی هێرشە گەورەکەی هێرۆشیمای ژاپۆن لە ساڵی ١٩٤٥ لە رێگە بووە بۆ کۆلێژ، لەو هێرشە ئەتۆمییەی کە زیاد لە ١٤٠ هەزار کەسی کردە قوربانی (سۆبی) تاکە کەس بوو کەوا رزگاری بوو، لەوتەکانیدا دەڵێت: «بەبێ جلك بۆ ماوەی زیاتر لە سێ کاتژمێر و بە بێ وەستان لە راکردن بەردەوام بووم، تا ئەوکاتەی هیچ توانایەکم نەما بۆ راکردن، لەوکاتەدا هێندە بێ هیوا بووم، بەردێکم هەڵگرت و نووسیم سۆبی لێرە دەمرێت، تا بێهۆش کەوتم و چەند هەفتەیەك دواتر بە ئاگا هاتمەوە، پاش بە ئاگاهاتنەوەم زۆر لاواز بووبووم، بە جۆرێك بە گاگۆڵکێ راهێنانیان پێ دەکردم تاوەکو دووبارە باری تەندروستی و رۆیشتنم ئاسایی ببێتەوە»، سونۆ کە لەو هێرشە ئەتۆمییەدا رزگاری بوو، دواتر بە نەخۆشییەکی سادە کۆچی دوایی کرد.


# دۆزینەوەی شارێکی نوقومبوو



تیمەکانی زانستی و گەڕان بە دوای گەوهەرەکانی ژێر ئاو و دەریادا، چەندین گەوهەریان دۆزیوەتەوە، لەوانە: دۆزینەوەی شاری نوقمبووی (هەرقەلییەکان)، کە بەر لە (١٢٠٠) ساڵ ژێر ئاو کەوتووە، ئەو شارە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی کەناری ئەسکەندەرییە، گەوهەرێکی دیکە لە ژێر ئاودا دۆزراوەتەوە بریتییە لە بزوێنەرەکانی کەشتیی ئەبالۆن (١١)، کە لە ساڵی (١٩٦٩) کەوتووەتە ژێر دەریاوە، دۆزینەوەی کەشتی (چەتە سمێڵ رەشەکان) بە ناوی کەشتی (ئێدوارد ئیتش) بووە کە ئێدوارد لە ساڵانی (١١٨٠ تا ١٧١٨) ژیاوە، دوا گەوهەر بریتییە لە دۆزینەوەی (٦١) تەن لە زیو کە کەشتییەکی بەریتانی پێکراوە لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانەوە، دواجار ئەویش دۆزرایەوە.








## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی سەردەمە، باس لە گرانیی نرخی سووتەمەنی بە گشتی و بەنزینی ئۆتۆمبێلەکان بە تایبەتی دەکات، کە وەك چەکێك وایە و ژیانی مرۆڤ قورس و ئەستەم دەکات.

## جەستەیان بێ ئازارە



ئەو خێزانە ئیتاڵییە لە وڵاتی ئەمریکا دەژین، هەرشتێکیان بەسەربێت، هەست بە ئازاری جەستەیان ناکەن، سەرۆکی ئەو خێزانە ئافرەتێکە ناوی (لیتیزیا مارسێلی) یە، تەمەنی (٥٢) ساڵە، خۆی و شەش کەس لە خێزانەکەی هەست بە ئازار ناکەن، وەك خۆی دەڵێت: «زۆرجار شتێکمان بەسەردێت، بەهۆی نەبوونی ئازارەوە هەست بە کارەساتەکە ناکەین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بە چاوی خۆمان بیبینین»، ئەو خێزانە بە (خێزانی سوپەری سرووشت) ناسراون، بەهۆی ئەو سیفاتە سەیرەی لە جەستەیاندا بەدی دەکرێت، ڕەنگە لە ئایندەدا دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە بۆ پسپۆران دەربکەوێت کێشە و گرفتی ئەو خێزانە چییە کە هەست بە ئازار ناکەن.

## میوزیک

**شکاندنی ڕۆح - BREAK MY SOUL**

کارێکی تازە و بە جۆشی کچە ناوداری ئەمریکی (بیۆنسێ)، لە دایکبووی ١٩٨١ شاری هیوستن لە تێکساسی ئەمریکا، ئەو تراکەی لە مانگی حەوت کاری لەسەر کراوە و لە مانگی ١١ بەرهەم هاتووە، گۆرانییە تازەکەی لە ئەلبوومی Renaissance بڵاو کردووەتەوە، لە جۆری هاوس میوزك و پووپ و دانس میوزیك و کلاسیك دانسدا کارەکانی بڵاو دەکاتەوە، پێشبینی دەکرێت جەماوەرێکی زۆری هەبێت، بەهۆی ئەوەی تراکەکە باس لە دڵ و ڕۆح شکاندن دەکات و ئاوازێکی بە جۆشی هەیە.

## یاسا



**یاسای کوشتنی بە بەزەیی (قتل رحيم)**

کوشتنی بە بەزەیی واتا کەسێك کەسێکی نەخۆش بکوژێت لەسەر داواکردنی نەخۆشەکە خۆی، کە ئومێدی چاکبوونی لە نەخۆشییەکە نەماوە وەك هەندێك جۆری (شێرپەنجە)، ئەوەش بە دوو ڕێگە دەکرێت: یان بەشێوەیەکی سلبییە، وەك ئەوەی ئەو ئامێرە پزیشکییەی کە پێی دەژی ڕابوەستێنرێت.

یان بەشێوەیەکی ئیجابییە وەك ئەوەی پزیشك هەڵدەستێت ئازار شکێنی زۆر بەهێز دەدات بە نەخۆشەکە، تا لەئەنجامدا هەناسەدانی هێواش دەبێتەوە و دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ماسوولکەکانی دڵی و دواجار دڵی دەوەستێت.

لە جیهاندا ١٤ دەوڵەت هەن کە یاسای کوشتنی بە بەزەیی جێبەجێ دەکەن، وەك (بەلجیکا و هۆڵەندا و دانیمارك و هیند و. شەش ویلایەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، کە ڕێگەیان بەم جۆرە کوشتنە داوە)، یاسادانەری عێراقی بێدەنگیی لەو بابەتە هەڵبژاردووە، بەڵام بەپێی ماددە ٤٠٥ (ئەگەر هاتوو کەسێك کەسێکی دیکەی بە ئەنقەست کوشت، سزا دەدرێت بە بەندی هەتاهەتایی یان بەبەندکردنی کاتی) لێرەدا سەرەڕای ئەوەی باسی ئەو حاڵەتەی نەکردووە، بەڵام بەتێگەیشتن لەم مادەیە دەردەکەوێت کوشتنی بە بەزەییانە بەتاوانی کوشتن دادەنرێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

بەدوای ڕێگایەکی دیکەدا بگەڕێ کە تواناکانی خۆت دەربخەیت، کارەکانت بە باشی دەڕۆن بەڕێوە، بەڵام وریابە لەوەی جڵەویان لەدەست نەدەیت، هەوڵ بدە لە ڕۆتینی ڕۆژانە دوور بکەویتەوە، هەوڵی بەشداریکردنی چەند چالاکییەکی جیاواز بدە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییانەی لەسەر شانتە، دەتوانیت ئەم چەند ڕۆژە بە باشی جێبەجێیان بکەیت، پێویست ناکات نیگەران بیت دەربارەی پەیوەندییەکەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، بە ڕاستگۆیانە لەگەڵی بدوێ، ڕێگە مەدە ماندوێتی ئامانجەکەت لەبیر بباتەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەندێك ڕاستی هەیە کە لێت شاردراوەتەوە، بەڵام باشترە کە نەیزانیت، بۆیە هەوڵی زانینی نهێنییەکان مەدە، بەپێی تێپەڕینی کات هەمو شتێك ڕوون دەبێتەوە، هێندە چاوت لەسەر کاری کەسانی چواردەورت نەبێت، باشترە سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆت بیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەلەکردن لەکارەکەت دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە، بە هێمنی هەنگاوەکانت بنێ، گفتوگۆکردن کلیلی چارەسەری کێشەکانە، ئاسان نایێت دڵی ئەو کەسە بەدەست بهێنیت کە ماوەیەکی زۆرە خۆشت دەوێت، بەڵام بێهیوا مەبە و هەموو هەوڵێکی خۆت بدە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

سەرنجت لەسەر کارەکانت بێت و هەوڵی بەدەستهێنانی پلەی بەرزتر بدە، ژوانێکی ڕۆمانسی دەبەستیت و لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، لە پێناو تەندرووستییەکی باشتر ڕۆژانە لە خۆراکە چەورەکان دوور بکەوە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

نامەیەکی گرنگت پێ دەگات لە خۆشەویستەکەتەوە و بڕیار لەسەر داهاتووتان دەدەن، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت پتەوتر بکە، لەبیری مەکە کە ئامانجت چییە و بۆ چ شتێك هەوڵ دەدەیت، ڕێگە مەدە سەرقاڵیت کار لە پەیوەندییەکانت بکات.

## بۆ زانیاریت

## کەوتنی نێو خەو



زۆر جار لـە خـەودا دەکەویت یـان لەسـەر شـوێنێکی بـەرز بـەرەو خـوارەوە دێـت، ناگەیـتە ئەنجامەکـە یـان کۆتایـی و کەوتنەکـە، بـە ئاگادێیتـەوە و بەمـەش حاڵەتێکی سەیرت بۆ دروست دەبێت، لە دوای کەوتنە خوارەوەت لـە خەونـدا یـان مردنت لـە خەونـدا بەئـاگا دێیتـەوە، بـۆ خەوبینیـن مـرۆڤ پێویستی بەچەندین هەنگاوە کـە پیایـدا تێپەڕێت تـا دروستبێت. کرداری خەوبینیـن بەشـێوەیەکی گشـتی تەنیـا ئـەو وێنـە و نمایشـانە دەتوانێـت دروسـت بـکات کـە لـە پێشـوودا بینیوتـە و مێشـك پیایـدا تێپەڕیـوە، یـان ئەزموونێکی هەیـە لـەو بـوارەوە. بـەڵام بەگشـتی لـە خەونەکانمانـدا کـە دەمریـن ڕاسـتەوخۆ بەئـاگا دێینـەوە، هـۆکاری ئەمـەش پچڕانـی سـوڕی خەوبینینـە، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی کـە مێشـك نازانێـت دوای مـردن چـی ڕوو دەدات و ناتوانێت هیـچ وێنەیەکی بۆدروسـت بـکات، بۆیـە بـە ئاگادێینـەوە.



## پەند و وتە

نانسی دەیڤس ریگان، ئەکتەری ئەمریکی و خانمی یەکەمی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٨١تا ١٩٨٩ کە هاوسەری دووەمی سەرۆك ڕۆناڵد ریگان بوو، لە ساڵی ١٩٢١ لە نیویۆرك لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئافرەت دەڵێت: «ئافرەت وەك کیسی چای وایە، تا نەیخەیتە ناو ئاوێکی گەرم، نازانیت چۆنە و چەند بە بەهایە».



## یاریی وێنە

لـەم وێنەیـەدا کچێك هەیـە، کـە بـە شێوەك دەردەکەوێت پشتی دیوار یـان زەوی بێت، هەوڵـدە بزانیت فێڵکاریی وێنەکە چۆن کراوە، کـە بـەم جـۆرە دەربکـەون.

## فیلم

### دڵی وەنەوشەیی
### Purple Hearts



بـاس لـە پەیوەندیـی خۆشەویسـتی و هاوسـەری کەسـێکی میوزیکـژەن لەگـەڵ سـەربازێکی مارینـزی ئەمریـکا دەکات، کـە دوای ماوەیـەك لـە هاوسـەرییەکە تراژیدیـای پەیوەندییـە خۆشەویسـتییەکەیان دەسـت پـێ دەکات، کـە پێشـتر لەسـەر پەیوەندییەکی هەڵـە دروست بووە، مـاوەی فیلمەکـە دوو کاتژمێر و دوو خولەکـە، لـە دەرهێنانـی ئەلیزابێـت ئەللیـن ڕۆسـینباوم، بودجـەی فیلمەکـە (٢,٨) ملیـۆن دۆلارە، لـە نووسـینی مـات سـاکاتانی ڕۆی و، لـە نواندنـی: سـۆفیا کارسـۆن، نیـکلاس گالیتزینـی، چوسـێن جەیکـۆب، کینـدال چاپێـڵ، لیندیـن ئەشـبی، ئەنتۆنـی لیۆلیتـۆ.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسە نزیکەکانت هێندە متمانە پێکراو نین کە نهێنیی ژیانی خۆتیان بۆ باس بکەیت، وریابە لەوەی چی دەڵێیت و بە کێی دەڵێیت، ئـەم چەنـد ڕۆژە کێشـەی خێزانیـت هەبـووە، پێویسـتە خـۆت دەتسپێشـخەری بکەیـت و کێشـەکان چارەسـەر بکەیـت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـەم چەنـد ڕۆژە کار لەسـەر کۆکردنـەوەی یادگارییەکانی ڕابـردوت دەکەیـت، بـەڵام باشترە هێنـدە لـە ڕابردوتـدا نەژیت، ئـەو شـتەی ماوەیەکی زۆرە هەوڵـی بـۆ دەدەیت بەدەسـتی دەهێنیـت، بـۆ ئەنجامێکـی باشـتر شـەرم مەکـە لـە داواکردنـی هـاوکاری لـە هاوپیشـەکانت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

میوانێکـی چاوەڕواننەکـراوت دێـت، هەسـت بـە توڕەیـی و نائارمـی دەکات، هـەوڵ بـدە بـە پێـی ئەزموونـی خـۆت گفتوگـۆی لەگـەڵ بکەیـت و ئارامـی بکەیتـەوە، بـەو شـێوەیە تەنانـەت تـۆش هەسـت بـە ئارامـی دەکەیـت، ڕۆژانـە گرنگـی بـە ڕاهێنانـی وەرزشـی بـدە و تەندروسـتیت فەرامـۆش مەکـە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لـە ڕووی ماددییـەوە پێویسـت دەکات ئـاگاداری هەڵسـوکەوتەکانت بیـت و شـتی بێسـود نەکریـت، کات بـۆ پرۆژەکانـت تەرخـان بکـە و گرنگییـان پـێ بـدە، ئـەم چەنـد ڕۆژە هەڵسـوکەوتی خۆشەویسـتەکەت بـەو شـێوەیە نییـە کـە تـۆ دەتەوێـت، هـەوڵ بـدە تێیبگەیەنیـت کـە تـۆ دەتەوێـت ئـەو چـۆن بێـت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێکـی زۆر لـە نـاو پیشـەکەتدا دەبیـت، پێویسـتە سـەرنجت زیاتـر بێـت لەسـەر کەسـانی دەوروبـەرت و وریـای مامەڵەکردنـت بیـت لەگەڵیـان، لـە کۆتایـی ڕۆژەکەتـدا مانـدوو دەبیـت و پێویسـتت بـەوە هەیـە هەندێـك پشـوو وەربگریـت، گوێگرتـن لـە میوزیکێکـی ئـارام بیرۆکەیـەی باشـە بـۆ حەوانـەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


زۆریی کارەکانت بەرەو ماندوبونی بردوویت، پێویستت بەوە هەیە چەند ڕۆژێك پشوو وەربگریت و لە کارەکانت دوور بکەویتەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکانت بەرەو بەهێزی دەڕۆن، هەوڵ بدە پارێزگارییان لێ بکەیت و بە پتەوی بیان هێڵیتەوە.








بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan December 19, 2022 Issue,No.1346

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626